ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (445) دووشەممە 2017/2/13 – 24ی ڕێبەندان 2716 (750) دینار

## نەخوێندەوارێک چەندین ساڵە یاریدەدەری پزیشکە



ڕووداو- هەولێر

هەریەک لە دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی داوای بەدواداچوون بۆ دۆسیەی فەرمانبەرێک دەکەن کە بەناونیشانی (یاریدەدەری پزیشک) چەند ساڵێکە دەوام دەکات، بەڵام نەک هەر بڕوانامەی یاریدەدەری پزیشکی نییە، بەڵکو لە بەدواداچوونێکی فەرمانگەی تەندروستیی هەولێردا دەرکەوتووە کە نەخوێندەوارە.

ئێستاش داوا دەکرێ کە بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بدرێ بۆ دابەزاندنی مووچەی ئەو فەرمانبەرە کە تائێستا مانگانە ملیۆنێک و 88 هەزار دینار بووە. ناونیشانەکەشی بگۆڕدرێ بۆ (ی.برینپێچ) یان (بەردەست).

ئەو لیژنەیەی کاری لەسەر دۆسیەی ئەو فەرمانبەرە کردووە، بۆی دەرکەوتووە کە هەڵە لە بڕوانامەکەیدا هەیە و دەڵێت: "هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی دامەزراندن لەنێو دۆسیەکەیدا نەبووە، بە تایبەت بڕوانامە". فەرمانگەی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستانیش لە نووسراوی خۆیدا لەسەر ئەو دۆسیەیە، کاری ئەو فەرمانبەرەی بە "ئینتیحالی سیفەی کەسی و ئەنجامدانی تەزویر و ئیختلاسی پارەیەکی زۆر" ناو بردووە، بەڵام لە هیچیەک لە نووسراوەکاندا باسی دادگایی ئەو کەسە نەکراوە.

« 2

## پاڤێل تاڵەبانی نەیتوانی بەرهەم ساڵح بباتە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی

3

## ئازاد جونديانی دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

3

ئوسامە نوجەیفی بۆ (ڕووداو)

## هەندێک هێزی شیعە دەیانەوێ هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان

5

# 100 دۆسیەی گەندەڵیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕەوانەی دادگا دەکرێن



« 4

## کۆچبەرانی کورد لە سوودان خۆزگە بە سووریا دەخوازن

« 11

ژنان 12

### لە ترسی بڵاوبوونەوەی وێنەکانی دەیکوژێ



ڕاپۆرت 7

### قوتابیانی کورد لە ئیتاڵیا پارە و ڕەنجی حکومەت بەبا دەدەن

کۆمەڵایەتی 13

### هاوڕێکەی خۆی کوشت و چووە پرسەکەیشی



تەندروستی 15

توێژینەوەیەک:

### ڕێژەی شێرپەنجە لە کوردستان کەمترە لە ئەورووپا و ئەمریکا



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 445 ) - دووشەممە 2017/2/13



## گرووپێکی داعش لە مەخموور دەستگیردەکرێن

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 2017/2/12 ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دانپێدانانی "گرووپێکی سەر بە داعش"ی بڵاوکردەوە، کە ویستویانە لە هەڵەبجەوە بپەڕنەوە سنووری دەسەڵاتی داعش، بەڵام لە مەخموور دەستگیرکراون. بەپێی ڕاگەیەنراوەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش "سەرپەرشتیاری گرووپەکە (هاوار یوسف غەفور) لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە هاوکاری تیرۆریستی داواکراو "شکار پۆڵا" پەیوەندی کردووە بە گرووپی تیرۆریستی (بەرەی نووسرە)" هەروەها "تەواوی گرووپەکە بەیعەتیان بە داعش داوە و بڕیاری چوونە نێو داعشیان داوە. دواتر لەسەر داوای تیرۆریست (ئەبو یاسر) لە هەڵەبجەوە بە ڕێکەوتوون بۆ نێو داعش، بەڵام لە مەخموور دەستگیرکراون".

## بەپێی بەڵگەکانی دیوانی چاودێری دارایی

# نەخوێندەوارێک چەندین ساڵە یاریدەدەری پزیشکە

میڤیدار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

هەریەک لە دیوانی چاودێری دارایی و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان، داوای بەدواداچوون بۆ دۆسیەی فەرمانبەرێک دەکەن کە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان بەناونیشانی (یاریدەدەری پزیشک) دەوام دەکات، بەڵام دەرکەوتووە ئەو کەسە بڕوانامەی یاریدەدەری پزیشکی نییە و لە بەدواداچوونێکی فەرمانگەی تەندروستیی هەولێریشدا بە "نەخوێندەوار" ناوی هاتووە.

دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 171 کە لە ڕۆژی 2016/5/4 دەرچووە، داوای لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە، بە ناونیشانی (لابردنی سەرپێچی)یەک. لە نووسراوەکەدا هاتووە :"بەپێی ئەو زانیاریانەی بە دیوانمان گەیشتووە، بەڕێز (ص.ع.م) کە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر و تەنسیبە لە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی کەرکووک، ناونیشانەکەی (ی.پزیشکە) بەبێ ئەوەی هیچ بڕوانامەیەکی لەو بوارەدا هەبێ".

نووسراوەکەی دیوانی چاودێری دارایی ئاماژەی بەوە داوە کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تەندروستی هەولێر دوو فەرمانی کارگێڕیی دەرکردووە بە گۆڕینی ناونیشان و هەموارکردنەوەی مووچە و دەرماڵەکەی، فەرمانی ژمارە 949 لە 2015/1/27 فەرمانی ژمارە 13805 لە 2015/9/22، بەڵام گەنجینەی کەرکووک لە پارێزگای هەولێر فەرمانەکانیان جێبەجێ نەکردووە".

دیوانی چاودێری دارایی داوا دەکات بەدواداچوون بکرێ بۆ "لادانی ئەو سەرپێچییە" و بەپێی بڕوانامە و ناونیشانی ڕاستەقینەی خۆی مووچە و دەرماڵەی بۆ خەرج بکرێ و جیاوازییەکانیشی لێ وەربگیرێتەوە.

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تەندروستیی هەولێر ئاگاداری ئەو دۆسیەیە. ڕۆژی 2015/9/22 فەرمانێکی کارگێڕی بە ژمارە 13805 دەرکردووە و داوای ڕاستکردنەوەی مووچەی (ص.ع.م)ی بە ناونیشانی (ن.کارامە) کردووە. هەروەها داوای کردووە جیاوازیی مووچەکەی لە ڕێکەوتی 2014/1/2ـەوە لێ وەربگرنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لیژنەیەکی پێنج کەسی پێکهێنراوە بۆ پێداچوونەوە بە مووچەی ئەو کارمەندە و کارمەندێکی دیکە، مووچەی (ص) پێشتر ملیۆنێک و 88 هەزار دینار بووە، داواکراوە بکرێتە 609 هەزار دینار. هەروەها لە بەشی بڕوانامەکەشی نووسراوە "نەخوێندەوار". بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو فەرمانە کارگێڕییەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی هەولێر جێبەجێ نەکراوە.

ئەو لیژنەیەی کاری لەسەر دۆسیەی ئەو فەرمانبەرە کردووە، بۆی دەرکەوتووە کە هەڵە لە بڕوانامەکەیدا هەیە و دەڵێت: "هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی دامەزراندن لەنێو دۆسیەکەیدا نەبووە، بە تایبەت بڕوانامە. 25%ی دەرماڵەی بڕوانامەی بۆ خەرج دەکرێ، تاوەکو ئێستا. 50% دەرماڵەی ترسناکی بۆ خەرج دەکرێ".

لیژنەکە کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، بەڕێوەبەری کارگێڕی و بەڕێوەبەری دەرماڵەکان کردووە، داوای کردووە بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بدرێ بە مەبەستی دابەزاندنی مووچەی ئەو فەرمانبەرە بەپێی بڕوانامەکەی. هەروەها ناونیشانەکەشی لە (ن.کارامە) بگۆڕدرێ بۆ (ی.برینپێچ) یان (بەردەست). ڕەزامەندیش بدرێ لەسەر دابەزاندنی دەرماڵەی بڕوانامەکەی لە 25%ـەوە بۆ 15%.

بە تەنیا دیوانی چاودێری دارایی لەسەر ئەو دۆسیەیە نەهاتووەتە دەنگ، بەڵکو فەرمانگەی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستانیش داوای بەدواداچوونی کردووە. لە نووسراوێکی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیدا بە ژمارە 641 کە لە 2016/11/27 دەرچووە، هاتووە "وێنەیەک لە یاداشتی هەواڵدەرێک لەگەڵ هاوپێچەکانی بۆتان دەنێرین تایبەت بە ئینتیحالی سیفەی کەسی و ئەنجامدانی تەزویر و ئیختلاسی پارەیەکی زۆر کە بە 50 ملیۆن دینار دەخەملێنرێ لەلایەن هەر یەک لە (ص.ع.م) و (د.ع.م) لە بەڕێوەبەرایەتی بەشی کەرکووک لە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، کراوە".



هەرێمی کوردستان – عێراق
دیوانی چاودێری دارایی
نووسینگەی سەرۆکی دیوان
Board of Supreme Audit
ژمارە: ١٧١
بەروار: ٢٠١٦/٥/٤

بۆ/ وەزارەتی دارایی و ئابووری/نووسینگەی بریکاری وەزیر
ب/ لابردنی سەرپێچی

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بە دیوانمان گەیشتووە
بەڕێز [redacted] کە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و تەنسیب کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوک ناونیشانی (ی.پزیشک) وەرگرتووە بێ ئەوەی هیچ بڕوانامەی لەم بوارەدا هەبێت هەر بۆیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر دوو فەرمانی کارگێری دەرکردووە بۆ گۆڕینی ناونیشان و هەموار کردنەوەی مووچە و دەرماڵەی ناوبراو بەپێی فەرمانی ژمارە (٩٤٩) لە ٢٠١٥/١/٢٧ و فەرمانی ژمارە (١٣٨٠٥) لە ٢٠١٥/٩/٢٢ بەڵام گەنجینەی کەرکوک لە پارێزگای هەولێر هەڵنەساون بە جێبەجێ کردنی هەردوو فەرمانی کارگێری ئاماژە پێ کراو لە سەرەوە.
بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین بەدواداچوون بکرێت بۆ لادانی ئەم سەرپێچیە و بەپێی بڕوانامە و ناونیشانی ڕاستەقینەی خۆی مووچە و دەرماڵەی بۆ خەرج بکرێت و جیاوازیەکانیشی لێ وەربگیرێتەوە و لە ئاکامی کارەکانتان ئاگادارمان بکەنەوە.
لەگەڵ ڕێزدا

خالد هادی چاوشلی
سەرۆکی دیوان
٢٠١٦/٥/

هاوپێچ
• وێنەیەکی فۆتۆکۆپی لە بەرپیەکان.
وێنەیەک بۆ:
• نووسینگەی سەرۆکی دیوان لەگەڵ بەراییەکان
• بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بۆ زانین و هەماهەنگی.. لەگەڵ ڕێزدا.
• خامەی نووسینگەی سەرۆکی دیوان



حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
کارگێری / بەرزکردنەوە

حكومه اقليم كوردستان/ العراق
وزاره الصحه
المديريه العامه لصحه اربيل
الاداره/ ترفيعات

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
General Directorate of Health – Erbil

ژمارە:
ڕێکەوت: / گەلاوێژ / ٢٧١٥ کوردی
العدد:
التاريخ: / ٠٩ / ٢٠١٥

{ پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە }
فەرمانی کارگێری
١٣٨٠٥
بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە:-
پاڵپشت بەنوسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥٨٢) لە (٢٠١١/٠١/١٢) بڕیارماندا بەراست کردنەوەی مووچەی ئەم بەرێزانەی کەناو و ناونیشانیان و شوێنی کارکردنیان لە فۆمی هاوپێچ دا دیاری کراوە، وە لەدوای پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە ڕاست کردنەوەی مووچە . کە پێك هاتووە لە (٢) دوو فەرمانبەر دەست پێ دەکات بەناوی بەرێز [redacted] بەناونیشانی ( ن.کارامە ) وە کۆتایی دێت بەناوی خاتوو (نازك محمد سعید) بەناونیشانی ) (پەرستیار) لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتیمان ، لە ڕێکەوتیشایستەبوونیان بەرواری مەرتەبەیان جێگیر دەکرێت وە جیاوازی مووچەیان لە( ٢٠١٤/١٠/٠٢ ) لێ وەربگرنەوە

د. سامان حسین بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەك بۆ/
• وەزارەتی تەندروستی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
• گەنجینەی هەولێر، گەنجینەی کەرکوك / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
• ز.دیوان ، ژ. ن. هەولێر، ژ.کارگێری کەرکوك / بۆ کاری پێویست .
• میلاك / بۆ دەست نیشان کردن .
• سەرمووچە/ دۆسیەی کەسیەتی .(٢)
Kurdistan Region

# داعش بەزەیی
# بەو دەستانەشدا نەهات کە نانی دەدانێ

ئەیوب نووری
ڕووداو- مووسڵ

یەکشەممەی پێشوو لە مووسڵ بووم، بە نیازبووم ڕاپۆرتێک لەسەر ترسی خەڵک لە شانە نوستووەکانی داعش لە دیوی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ ئامادە بکەم. بەرەبەیانی زوو گەیشتینە مووسڵ، شار تازە خەریک بوو بە خەبەر دەهات. دەنگی تەقەی تفەنگ و بۆردومان نەدەبیسترا، تەنیا دەنگی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان لە پشت هەورەکانەوە دەهات.

پاش تێپەڕاندنی چەندین خاڵی پشکنین و وەڵامدانەوەی پرسیاری سەربازە شەکەتەکانی سوپای عێراق، گەیشتینە گەڕەکی "ئەلزهوور". یەکسەر بیرم هاتەوە من سێ مانگ پێشتریش لەو گەڕەکە بووم، ئەوکات سوپای عێراق و داعش شەڕی ماڵ بە ماڵیان تێدا دەکرد.

خەڵکێکی زۆر بەدەرەوە نەبوون، بۆیە ڕووم لە خواردنگەیەک کرد کە دەکەوتە نزیک فولکەیەک، دەمویست خەڵکێک بدۆزمەوە قسەیان لەگەڵ بکەم. خواردنگەکە بە پێچەوانەی شارەکە جمەی دەهات. خەڵکی ئاسایی و سەربازانی سوپای عێراق هاتبوون بۆ نانی بەیانی پاچە بخۆن، کە مووسڵ پێی بەناوبانگە.

لەنێو خواردنگەکەدا، مەنجەڵێکی گەورەی پاچە، پڕ لە مێشک و ریخۆڵە و قاچی مەڕ، هەڵمی لێ بەرز دەبووەوە، خەڵکانێکی زۆریش نانیان وردکردبووە ناو قاپەکانیان و سەرەیان گرتبوو..

قەبارەی شوێنەکە، قەرەباڵخی و دەنگەدەنگ و لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا هەڵمی مەنجەڵە پاچەکە، دیمەنی کارگەیەکی قەرەباڵخی بە خواردنگەکە دابوو. نیوەی موشتەرییەکان سەربازانی هێزی تایبەتی سوپای عێراق بوون.

لە تەنیشت مەنجەڵە زەبەلاحەکە، دوو چایچی بەردەوام چاییان تێدەکرد بۆ ئەو کەسانەی تازە لە خواردنی پاچەکەیان ببوونەوە، دەیانویست چەوریی و ڕۆنی پاچەکە بە چایی کوڵاو بشۆنەوە.

بەدەم تەماشاکردنی قەرەباڵخییەکەوە چاوم کەوتە سەر پیاوێک کە بۆ یەک چرکەش وازیان لێی نەدەهێنا بە تەنیا بێت، بەردەوام دوو یان سێ کەس بە دەوریەوە بوون، ئیدی یان ئەوان داوای شتێکیان لەو دەکرد، یان ئەو شتێکی بەوان دەگوت و جێیاندەهێشت. پیاوەکە چاکەتێکی چەرم و بلوزێکی لەبەر بوو، ریشی پاک تراشیبوو، خوارەوەی سمێڵیشی بە جوانی ڕێک کردبوو. لە سەرکردەی گروپێک دەچوو کە ڕاوێژکارەکانی دەورەیان دابێت.

پرسیارم کرد کێیە و گوتیان خاوەنی خواردنگەکەیە. بە دوای کاتێکدا دەگەڕام هیچکەس سەرقاڵی نەکردبێت، ئەو دەرفەتەم دەستکەوت و چوومە لای. ناوی حاجی ناسر بوو. ئەگەرچی ناوەکەی لە ناوی کەسێکی پیر دەچوو، بەڵام خۆی گەنج و دڵتەڕ بوو. باڵەخانەکە خانووی باپیری بوو، ئەو خۆی کردبووی بەو خواردنگە گەورە و بەناوبانگە.

حاجی ناسر بزنسمەنێک بوو بە مانای تەواوی وشە. توانیبووی بە درێژایی دەیەی ڕابردوو و لەناو ئەو هەموو شەڕ و ئاژاوە و پشێوییەی مووسڵدا خواردنگەکەی بە کراوەیی بهێڵێتەوە.



حاجی ناسر بەر لە کوژرانی لەلایەن داعشەوە: داعشە مەغریبییەکان لە هەموویان خراپتر بوون و حیسابی هیچیان بۆ نەدەکردین (فۆتۆ: ڕووداو)

بەڵام ئەمە ئاسان نەبووە و وەک خۆی دەیگوت، گروپە چەکدارە توندڕەوەکان ژیانیان لێ تاڵ کردبوو. لە 2005 ئەلقاعیدە ناچاری کردبوو ناوی شوێنەکە بگۆڕێت و زەکاتیش بدات. لە ماوەی دەسەڵاتی داعشیشدا جارێکی دی ناچار کرابوو ناوی شوێنەکە بگۆڕێت، ئێستاش کە سوپای عێراق هاتبوونە ناو ئەو بەشەی مووسڵ، ئەو بۆ جاری سێیەم ناوی خواردنگەکەی گۆڕیبوو.

داعش زیاتر لە دوو ساڵ لە مووسڵ حوکمی کرد، حاجی ناسر چیرۆکی زۆری ئەوانی لابوو. وەک خۆی دەیگێڕایەوە چەکدارانی داعش هەر کاتێک حەزیان بکردبایە دەهاتن بۆ پاچەخواردن. بە گوتەی حاجی ئەوان هەندێکجار پارەیان دەدا و هەندێکجاریش تەنانەت سوپاسیشیان نەدەکرد و دەردەچوون. چەکداری زۆربەی ناوچەکانی جیهانی بینیبوو، لەوانەش عەرەب، خەڵکی باکووری ئەفریقا، ئەورووپی، عەرەبی کەنداو و قەوقازییەکان. بەڵام ڕق و تووڕەییەکی زۆری بەرامبەر چەکدارە مەغریبییەکان لە دڵدا بوو. حاجی لوشمەی دەهات، وەک بڵێی تازە سەرمابوونەکەی چاک بووبێتەوە، بەدەم لوشمەوە گوتی "لە هەموویان خراپتر مەغریبییەکان بوون، دەهاتن و حیسابی هیچیان بۆت نەدەکرد، وەک بڵێی هەر مرۆڤ نەبیت. سووکایەتیان پێدەکردین و دەیانشکاندینەوە، زۆر لووتبەرز بوون".

لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سوپای عێراق و داعشدا، حاجی ناسر تەنیا چەند ڕۆژێک خواردنگەکەی داخست. وەک خۆی دەیگوت، زۆربەی ئەوانەی ئەو یاسا قورسانەی شەریعەیان بەسەر شار و خەڵکەکەیدا دەسەپاند، خۆیان نوێژیشیان نەدەکرد. بە گوتەی حاجی، چەکدارەکانی داعش لە کاتی نانی نیوەڕۆ دەهاتنە نێو خواردنگەکە و مشتەرییەکانیان ناچار دەکرد بۆ نوێژی نیوەڕۆ ڕیز ببەستن، بەڵام خۆیان نوێژیان نەدەکرد، بیانووشیان ئەوە بوو کە "ئێمە بە جیهادەوە سەرقاڵین، بۆیەش ڕێگەمان پێدراوە نوێژەکان نەکەین".

حاجی لە کاتی هێرشەکەی 2014ی داعش بۆ سەر مووسڵ، ئەو شارەی بەجێهێشت و لە گوندی حەسەن شام مابووەوە، بەڵام دواتر بیستبووی داعش دەست بەسەر موڵک و ماڵی ئەو کەسانەدا دەگرێت کە شارەکەیان جێهێشتووە، بۆیە گەڕابووەوە.

ئەو بەیانییە بۆ ئەوە لە مووسڵ بووم ڕاپۆرتێک لەبارەی نیگەرانی و ترسی خەڵک لە شانە نوستووەکانی داعش ئامادە بکەم، کە دەگوترا تەنیا ریشیان تاشیوە و چەکیان داناوە، بەڵام لە کاتی گونجاو دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەست بوەشێنن.

ترس و نیگەرانییەکان لە خۆڕا نەبوون. ڕۆژی هەینی، واتە پێنج ڕۆژ دوای گفتوگۆکەی من و حاجی ناسر، خۆکوژێکی داعش خۆی کرد بەناو خواردنگەکەدا و خۆی تەقاندەوە.. یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو هێرشەش حاجی ناسر بوو.

## لە بەناوبانگترین زانکۆی چین وانە دەڵێتەوە

# خوێندکارێکی کورد چینییەکان فێری کوردی دەکات



هەرێم لەماوەی سێ مانگدا حەوت خوێندکاری چینی فێری زمانی کوردی کرد

ڕاوچی حەسەن
ڕووداو- هەولێر

خوێندکارێکی کورد کە خوێندنی ماستەرەکەی لە چینە، لە یەکێک لە زانکۆ بەنێوبانگەکانی ئەو وڵاتە زمانی کوردی فێری چینیەکان دەکات، یەکێک لە قوتابییەکانیشی لە نووسینی داڕشتنی کوردیدا نمرەی تەواوی بەدەستهێناوە.

هەرێم عەلی حەسەن، 22 ساڵ، خەڵکی گوندی سێوەیسە لە دەڤەری پشدەر، دەرچووی کۆلێژی بایۆلۆژییە لە زانکۆی سلێمانی، ئێستاش ماستەر لە بواری ئەندازیاریی ژینگە لە زانکۆی (بەیهانگ)ی چین دەخوێنێ. لە هەمانکاتدا مامۆستای زمانی کوردییە لە زانکۆی پەکین.

هەرێم باسی چوونی بۆ زانکۆی پەکین دەکات و دەڵێت برادەرێکی کە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پەیوەندیی پێوە کردووە کە زانکۆی پەکین پێویستی بە مامۆستایەکی زمانی کوردییە، چونکە چەند قوتابییەکی چینی داوایان لە سەرۆکایەتی زانکۆکە کردبوو کە حەز دەکەن فێری زمانی کوردی ببن.

هەرێم لەسەر داوای هاوڕێکەی دەچێتە زانکۆی پەکین، سەرەتا لەگەڵ دکتۆر لین، سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی پەکین لەبارەی چۆنیەتی وانە گوتنەوەکە قسە دەکات و دواتر کچێک وەک یاریدەدەری ئەو بەشە لە گوتنەوەی وانەکە یارمەتی دەدات.

هەرێم لە کوردستان تەنیا لە سەرەتایی و ئامادەیی زمانی کوردی خوێندووە، هیچ ئەزموونێکیشی لەبارەی وانەگوتنەوە نەبووە، بۆیە پەیوەندی بە چەند شارەزایەکی زمانی کوردی دەکات و چەند سەرچاوەیەکیان لێوەردەگرێ.

### کوردی بە حەوت قوتابی چینی دەڵێت

هەرێم باسی ئەو خوێندکارانە دەکات کە وانەی پێدەگوتنەوە و دەڵێت "خوێندکارەکانم چوار کوڕ و سێ کچ بوون، چواریان پێشتر بکالۆریۆسیان لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی پەکین بەدەستهێنابوو، هەروەها بە زمانی عەرەبی باشیش قسەیان دەکرد، بەڵام سێ خوێندکارەکەی دیکە هیچیان لەبارەی عەرەبی و کوردی نەدەزانی".

هەرێم یەکەم کەس بووە لە زانکۆی پەکین وانەی زمانی کوردی بڵێتەوە، وانەی زمانی کوردیش سەر بە بەشی زمانی عەرەبی بووە.

هەرێم ڕۆژی 2016/9/21 لە زانکۆی پەکین وەکو مامۆستای زمانی کوردی دەستبەکار دەبێت و لە یەکەم وانەشدا باسی کوردستان و خواردنی کوردی بۆ قوتابییەکانی دەکات. شارەکانی کوردستانیش بە داتاشۆ پێشانی قوتابییەکانی دەدات.

هەرێم ناوی کوردی و عەرەبی بۆ قوتابییەکان دادەنێت و دەڵێت "ناوم لە قوتابییەکان نا (دانا، کامەران، میران، فاتیمە، بانو، خۆزی و هەرێز)".

هەرێم بە دوو وانە قوتابییەکانی فێری ئەلف و بێی کوردی دەکات، چونکە وەک خۆی دەڵێت چوار لەو خوێندکارانە پێشتر زمانی عەرەبییان خوێندبوو، بەهۆی ئەوانیشەوە خوێندکارەکانی دیکە بەزوویی شارەزای پیتەکان بوون.

هەرێم باسی حەزی ئەو قوتابییە چینیانە دەکات بۆ فێربوونی زمانی کوردی و دەڵێت "زۆر جددی بوون و باش دەیانخوێند، پرسیاری زۆر سەیریان لەبارەی ڕێزمانی کوردی و وانەی کوردی دەکرد".

هەرێم جگە لە گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی، قوتابییەکانیشی ئاشنا کردووە بە گۆرانی و میوزیکی کوردی. ئەو دەڵێت "ڕۆژانە گوێمان لە گۆرانیی کوردی دەگرت و ئەوان لەگەڵ دەنگی هونەرمەندان گۆرانییەکانیان دەگوتەوە".

### فیچەری ڕووداوی پێ نیشاندان

خوێندکارەکان داوایان لە هەرێم کردووە، هەموو کاتەکە تەنیا بە وانە گوتنەوە نەکوژێ، بەڵکو بە وێنە و ڤیدیۆ ئاشنای دابونەریت و کولتووری کوردییان بکات. ئەو دەڵێت "سەرەتای هەموو دەرسەکانم بە شتی زۆر سەرنجڕاکێش دەستی پێدەکرد، بۆ نموونە لە یەکێک لە ڤیدیۆکاندا فیچەرێکی ڕووداوم نیشاندان کە باس لە ئاهەنگی بووکگواستنەوە بەشێوەی کوردەواری دەکات، بەلایانەوە جوان و سەرنجڕاکێش بوو".

هەرێم ڕۆژی 2016/12/29 تاقیکردنەوەی کۆتایی بە خوێندکارەکان کردووە. شەش پرسیار بۆ خوێندکارەکانی دێنێتەوە و دەڵێت "پرسیاری شەشەمی تاقیکردنەوەکە داڕشتن بوو، دەبووایە لەسەر ژیانی خۆیان بنووسن".

ئەو باسی یەکێک لە قوتابییەکانی دەکات و دەڵێت "ئەو قوتابییە ناوی لی شانگ بوو، من ناوم لێنابوو دانا، بە ڕاستیش دانابوو، چونکە داڕشتنێکی زۆر جوانی بە زمانی کوردی لەسەر چین نووسیبوو، منیش لەو پرسیارە نمرەی تەواوم پێدا و کۆی نمرەکانیشی 99 بوو".

گوتیشی "کەمترین نمرە لە وانەی کوردی کە ئەو حەوت قوتابییە هێنایان 86 بوو".

هەرێم تەنیا سێ مانگ لەو زانکۆیە وانەی گوتووەتەوە، پێشنیازی بۆ کراوە ساڵی داهاتووش بەردەوام بێت. ئەو گوتی "وا بڕیارە ساڵی داهاتوو ئەگەر خوێندکارێکی زۆر داوای ئەو وانەیە بکەن، بەشێکی تایبەت بە زمانی کوردی لەو زانکۆیە بکرێتەوە".

ڕاپۆرتە هەواڵ

ڕووداو

ژمارە ( 445 ) - دووشەممە 2017/2/13



## یەکگرتوو لە تارانە

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی یەکشەممە 2017/2/12 سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە یاوەری شاندێکی حیزبەکەی لەسەر بانگهێشتنی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتییەوە بەرەوە تاران بەڕێکەوت. پێشتر د.هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی ڕووداو ئاشکرای کردبوو، شاندێکی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیرەج مەسجدی، باڵیۆزی نوێی ئێران لە عێراق سەردانی ئەمینداری کردبوو، بە فەرمی بانگهێشتی کردبوو بۆ ئەوەی سەردانی ئێران بکات.

# ئازاد جوندیانی

# دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

مەحموود یاسین کوردی

ڕووداو- هەولێر

شەوێک بەرلەوەی هەردوو باڵەکەی یەکێتی "ناوەندی بڕیار و زۆرینە" لەسەر یەک مێز کۆببنەوە، ئازاد جوندیانی، ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، دەستی لەکارکێشایەوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)یش، ئازاد جوندیانی لەم قۆناغەدا کاری حیزبایەتی ناکات و بڕیارە لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بێت.

### دەستلەکارکێشانەوە گەڕانەوەی بۆ نییە

هەڵگورد جوندیانی، برای ئازاد جوندیانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەستلەکارکێشانەوەکەی کاک ئازاد کۆتاییە و گەڕانەوەی بۆ نییە. ئەمە بڕیارە و کارتی گوشاری حیزبی و دارایی نییە، چونکە کاک ئازاد دوای 40 ساڵ لە خەبات لە نێو یەکێتی، هیچ بەرژەوەندییەکی دارایی نییە".

هەڵگورد جوندیانی باسی کاری داهاتووی براکەی دەکات و دەڵێت "کاک ئازاد لە خەباتی سیاسی و کوردایەتی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام دەبێ. ئێمە باوکمان سەرکردە بووە لە کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول. کەسێکی پێشکەوتنخواز بووە و خەباتی ئەو بۆ کوردایەتی و سەربەخۆیی بووە، بۆیە کاک ئازادیش درێژە بەو خەباتە دەدات".

هەڵگورد جوندیانی لەبارەی پەیوەندیکردنی براکەی بە پارتییەوە دەڵێ: "کاک ئازاد لە خەباتی سیاسی دانابڕێت هەروەکو خۆی لە ڕوونکردنەوەکەدا باسی کردووە، ئەو و هەموو خانەوادە و خزمانی ئێمە ئازادن چ ڕێچکەیەکی سیاسی و حیزبی هەڵدەبژێرن، باوکمان لە دامەزرێنەرانی پارتییە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە لەسەر شێوازی ئیشکردنی".

(ڕووداو) زانیویەتی ئازاد جوندیانی لەسەر ئاستی باڵای پارتی داوای لێکراوە کاربکات، ئەگەری زۆرە کەیسی سەربەخۆیی و گشتپرسی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، بەوپێیەی پەیوەندی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەهۆی بنەماڵەکەیان هەموو کات باش بووە.



### جوندیانی دوایین کەس نییە دەڕوات

لە یەکەم کۆمێنتدا لەبارەی ئەو بڕیارەی جوندیانی، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێتی لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ قەت بێ کێشە نەبووە، کاک ئازاد یەکەم کەس نییە دەڕوات و ئاخر کەسیش نابێت، زۆر کەسی دیکەش هەیە دێتەوە و هەشە دەڕوات، ئەمە شتێکی سروشتییە لەنێو لایەنە کوردستانییەکاندا".

سەعدی پیرە پێیوایە ناکۆکی و جیاوازیی فکری لە پشت دەستلەکارکێشانەوەی جوندیانییە و دەڵێ "لە سەرەتای حەفتاکانەوە کاک ئازاد دەناسم، بۆیە هەڵوێستەکەی چاوەڕوانکراو بوو".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕەتیکردەوە کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەیاندا گفتوگۆ لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی ئازاد جوندیانی کرابێت "ئەو بابەتە بۆ دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی جێهێڵدراوە کە چۆن وەڵامی دەدرێتەوە".

## هەڵگورد جوندیانی:

## ئازاد کاری حیزبی ناکات و لەسەر پرسی سەربەخۆیی درێژە بەکاری سیاسی دەدات

### تاڵەبانی چی بە جوندیانی گوتووە؟

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئازاد جوندیانی لە هەڵوێست و هەنگاوەکانی باڵی ناوەندی بڕیار نیگەران بووە و لەلای کەسە نزیکەکانی گوتوویەتی "حەزم دەکرد بەرهەم ساڵح بگەیەنمە کەناری ئارامی، کۆنگرەیەکی دوور لە کڕینی دەنگ و هەڕەشە ببەستین، چونکە من و ئەرسەلان بایز و دلێر سەید مەجید چووینە خزمەتی مام جەلال لە بەغدا، مام جەلال پێیگوتین بە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بڵێن دوای من بەرهەم ساڵح سکرتێرە، بەڵام د.بەرهەم خۆی هیچ هەنگاوێک نانێت، منیش لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم".

پێشتر هۆمەر دزەیی هونەرمەند و ڕاوێژکاری پێشووی جەلال تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوتبوو "جەنابی مام جەلال خۆی بۆ من باسی لە چەند کەسایەتییەک کردووە کە بە شایەنی زانیون جێگای بگرنەوە، لەوانە نەوشیروان مستەفا (پێش ئەوەی لە یەکێتی جیاببێتەوە) و کەمال فوئاد و بەرهەم ساڵح".

### "ڕۆیشتنی جوندیانی کاریگەریی نابێ"

ئاریز عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، هەرچەندە نیگەرانە لەوەی ئازاد جوندیانی وازی لە یەکێتی هێناوە، بەڵام پێیوانییە کاریگەری لەسەر دەنگدەرانی یەکێتی لە هەولێر هەبێ و گوتی "خەڵکی ئەم دەڤەرە بە حوکمی مام جەلال و دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونەتە یەکێتی، نەک لە بەر خاتری هیچ کەسێک".

### ئازاد جوندیانی لە یەکێتی بەگومانە

ئازاد جوندیانی کە ڕۆژی 2017/2/9 نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی کردووە، دەڵێ "یەکێتی بووەتە هێزێکی سیاسیی پەرت پەرتی بێشوناسێکی دیار و بەرجەستەبوو، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئێستا یەکێتی لە دەستێکی ئەمیندا نییە و هەموو خوێندنەوە و ئاماژەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە لە داهاتووشدا ناکەوێتە دەستێکی ئەمینی ئەوتۆ کۆکەرەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی بێت".

لەبارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان، ئازاد جوندیانی هەڵوێستی یەکێتی بە تەماوی و نارۆشن و گوماناوی وەسف کردووە و دەڵێ "دڵنیام زۆری پێناچێ کە بەرژەوەندیی قۆرخکارانی نێو یەکێتی بە توندی لەسەر دەسەڵات یان سەفەقات بەریەک دەکەون".

ئازاد جوندیانی، کەیسی نەخۆشکەوتنی سکرتێری حیزبەکەی بە ئامرازێک دەزانێت بە دەست هەندێک کەس لەنێو یەکێتیدا و دەڵێت "کەیسی نەخۆشییەکەی بەشێوەیەکی ناڕەوا بەکاردەهێنرا و لە هەردوو جێگری سکرتێر و زۆرینەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەشاردرایەوە و دنیاشیان پڕکردبوو لە دەستەواژە و سیناریۆی عاتفیانە، تا جەماوەری یەکێتی دەستەمۆ و ناچار بە بێدەنگی بکەن".

جوندیانی ڕەخنە لە ئاراستەی ئیدارەکردنی یەکێتی دەگرێت بەوەی بەرەو سەپاندنی پەیکەرەیەکی بنەماڵەیی بۆ ڕێبەرایەتی و بڕیاروەرگرتن ڕۆیشتووە.

### ئازاد جوندیانی

- ئازاد عەبدولوەهاب محەممەد عەلی (ئازاد جوندیانی) لە 1955 لە ڕواندز لەدایکبووە
- بەهۆی کاری سیاسییەوە لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگای هونەر وازی لە خوێندن هێناوە.
- لە سەرەتای حەفتاکان بووەتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
- ساڵی 1977-1976 پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران).
- ساڵی 1981 بووەتە پێشمەرگە.
- ماوەیەک بەرپرسی مەڵبەندی 6ی سۆران و دواتریش مەڵبەندی 3ی هەولێر بووە
- جێگری لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بووە.
- یاریدەدەری سکرتێری گشتی بووە بۆ کاروباری فەرهەنگی و سیاسی.
- لە کۆنگرەی دووی یەکێتی بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە.
- لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە.
- ماوەیەک گوتەبێژی فەرمی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە.

# پاڤێڵ تاڵەبانی نەیتوانی بەرهەم ساڵح بباتە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی

## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

## لای هێرۆخان وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان مەرغوب نییە

هێڤیدار ئەحمەد

ڕووداو- هەولێر

"ئەوەی بڕیاری یەکێتی بەدەستە دەڵێ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لای یەکێتی مەرغوب نییە". ئەمە قسەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبەیە. ئەو قسەیە زیاتر ڕوو لە پارتییە کە چاوەڕێ دەکات یەکێتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێ.

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان پێش ئەوەی وەڵامی داواکارییەکانی پارتی بداتەوە بۆ ڕێککەوتنی نوێ و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، خۆی ڕێکدەخات و یەکەم هەنگاویش کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسییان بووە کە هەردوو باڵەکە تێیدا بەشدار بوون، باڵی "ناوەندی بڕیار" و باڵی "زۆرینەی مەکتەبی سیاسی".

باڤێل تاڵەبانی، کوڕی گەورەی تاڵەبانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بەڵام نەیتوانی قەناعەت بە بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی بکات، بەشداری کۆبوونەوەکە بێت.

سەرچاوەیەکی زۆر نزیک لە بەرهەم ساڵح، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "باڤێل تاڵەبانی بە بەرهەم ساڵحی گوتووە، تۆ بەشێکی لە یەکێتی و ناکرێ لە دەرەوەی یەکێتی بمێنییەوە. چونکە بەبێ تۆ کێشەکان چارەسەر ناکرێن". بەڵام گوتی بەرهەم ساڵح نەهاتووەتە ژێر باری داواکەی و ڕەتیکردووەتەوە بەشداری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بکات. گوتیشی کە بەرهەم ساڵح لەڕێی باڤێل تاڵەبانییەوە پەیامێکی بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ناردووە و گوتوویەتی "من ڕێگر نیم لەبەردەم یەکێتی، ئەگەر بەبێ من کێشەکان چارەسەر دەکرێن، بیکەن".

ڕۆژی 2017/2/11 یەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە دوای ڕاگەیاندنی باڵی ناوەندی بڕیار لە سەرەتای ئەیلولی 2016، بەڕێوەچوو. جگە لە بەرهەم ساڵح هەموو ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی لە باڵی ناوەندی بڕیار بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کرد.

نەچوونی بەرهەم ساڵح کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پەکنەخست کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەتێر و تەسەلی قسە لەسەر پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ پارتی و گۆڕان کرا.

دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی باسی گرنگی کۆبوونەوەکەی یەکێتی دەکات و دەڵێت نەک بە تەنیا بۆ یەکێتییەکان، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان گرنگ بوو "کۆبوونەوەکە کە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی تێیدا بەشداربوون، هەنگاوێکی باش بوو، چونکە جێگیربوونی دۆخی یەکێتی کاریگەری لەسەر هەموو لایەنێک و لەسەر کوردستانیش دەبێ".

پارتی داوای لە یەکێتی کردووە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێ، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "لای سەرچاوەی بڕیار لەنێو یەکێتی کە هێرۆخانە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان مەرغوب نییە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی زانیاری زیاتری لەبارەی هەڵوێستی حیزبەکەی لە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "یەکێتی لەگەڵ پارتی بەتەنیا وەکو جاران هیچ ڕێککەوتنێک بە دوو قوڵی ناکات، ئەمە یەکێکە لە سیاسەتەکانی یەکێتی بۆ 2017، بەڵکو دەبێ ڕێککەوتنێک بێ لایەنەکانی دیکەش تێیدا بەشدار بن".

لەتیف نێروەیی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی ڕایگەیاند کە یەکێتی بۆیە لەماوەی ساڵی ڕابردوو تاوەکو ئێستا نەیتوانی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بەلایەکدا بخات و کێشەکان چارەسەر بکات "چونکە یەکێتی لە نێومالی خۆی کێشەی هەبوو، ئێستا کە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی چارەسەر دەبن، دەتوانێ وەک لایەنێکی چارەسەر لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵ ببینێ".

لەتیف نێرەویی هەروەها دەڵێ "پارتی دەستی بە ژمارەیەک گۆڕانکاریی کردووە و دەبێ یەکێتیش ئامادەکاریی بکات بۆ ژمارەیەک گۆڕانکاری لە نێوخۆی و لە پۆستەکانی حکومەت، هەروەها یەکێتی پۆستی زۆرتر وەردەگرێ و دەبێ ئامادەکاری بۆ ئەوەش بکرێ".

ڕەنگە ئەو قسەیەی یەکێتی لەبارەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کردی، بۆ پارتی خۆش نەبێ. عارف تەیفور، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی بەرنامەی هەیە لەنێو حکومەتدا گۆڕانکاری بکات، بۆیە لەگەڵ یەکێتی قسەمان کردووە و دەیکەین بۆ ڕێککەوتن، چونکە نزیکین لە یەکێتی".

عارف تەیفوور نایشارێتەوە کە یەکێتی قسەیەکی نەکردووە پارتی پشتڕاست بکاتەوە ئاخۆ ڕێککەوتن دەکات یان نا؟ وەک تەیفوور گوتی "هێشتا یەکێتی بەجددی نەهاتووەتە پێش، یەکێتیش چاوەڕێی لایەنەکانی دیکە دەکات کە لەگەڵ پارتی چی دەکەن".

پارتی مەبەستێتی ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی بکات و زیاتر نزیک ببنەوە. ئەم مژارە لەدوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی باس کراوە. زانیارییەکانی نێو کۆبوونەوە کە بە دەست (ڕووداو) گەیشتوون، باسی ئەوە دەکەن کە "بارزانی گوتوویەتی پارتی بە نیازە لەنێو حکومەت و سلکی سەربازیشدا گۆڕانکاری بکات". بەڵام وەک بارزانی بە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەی گوتووە "چاوەڕێی یەکێتی دەکەین، چ هەنگاوێک لەگەڵ پارتی دەهاوێژێ و چۆن دەبێ".

یەکێتی لە بەیاننامەی پاش کۆبوونەوەکەی 2017/2/11 کە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی سەرپەرشتیی دەکرد، باسی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی کردووە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە مەکتەبی سیاسی "دوا کۆبوونەوەی وەفدی باڵای یەکێتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئەرێنی هەڵسەنگاند".

ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو 2017/2/16 دووبارە مەکتەبی سیاسی یەکێتی "بۆ دوا تاوتوێی نەخشەڕێگاکەی یەکێتی کۆدەبێتەوە".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی نەخشەڕێگاکە گوتی "یەکێتی وەرەقەیەکی ئامادە کردووە کە وەکو نەخشەڕێگایەکە و بەرنامەی یەکێتییە بۆ ناوخۆی و لەگەڵ پارتی و حیزبەکانی دیکەی کوردستان لەساڵی 2017".



بەرهەم ساڵح لە ڕۆژی کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە پارکی هەواری شار بوو

## هێمن هەورامی دەبێتە ڕاوێژکاری بارزانی



ڕووداو- هەولێر

لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا، بڕیاردرا هێمن هەورامی، بەرپرسی پێشووی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، بکرێتە ڕاوێژکاری سەرۆکی پارتی و هوشیار سیوەیلی لە شوێنی ئەو دابنرێ. هۆشیار سیوەیلی کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری کارەبا بووە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پێشتر قسەم لەگەڵدا کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا مەکتەبی سیاسیی پارتی بە فەرمی داوای دەستبەکاربوونیان لەو پۆستە نوێیە لێ نەکردووم". هەروەها لە گۆڕانکارییەکی دیکەدا موسا ئەحمەد بووە سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی.

# 100 دۆسیەی گەندەڵیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕەوانەی دادگا دەکرێن

سەنگەر عەبدولڕەحمان
ڕووداو- هەولێر

لە ئەنجامی بەدواداچوونی لیژنەیەکی تایبەت کە بە فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وەزارەتی پێشمەرگە و گرێبەستەکانی وەزارەت بۆ کڕینی چەک و پێداویستیی پێشمەرگە پێکهاتبوو، چەندین دۆسیەی گەندەڵی دەرکەوتوون و ژمارەیەک لەو دۆسیانەش ڕەوانەی دادگا کراون.

ئەو لیژنەیە کە لە شەش کەس پێکدێن و د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات، ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو پێکهات. لیژنەکە بەناوی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی گەندەڵی و کەموکوڕییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دروستکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لیژنەکە بەشێکی زۆری کارەکانی تەواوکردووە و ڕاپۆرتی خۆی لەو بارەیەوە بۆ سەرووی خۆی بەرزکردووەتەوە، لە ئەنجامی بەدواداچووندا بۆیان دەرکەوتووە 100 دۆسیە گەندەڵییان تێدا کراوە و سەرجەم دۆسیەکانیش بە مەبەستی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی دادگا کراون.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) زۆربەی ئەو دۆسیانەی گەندەڵییان تێدا کراوە بریتی بوون لە گرێبەستی کڕینی چەک، پێداویستیی سەربازی، جلوبەرگ و خۆراک. ئەو پارەیەشی لەو گرێبەستانە خەرج کراوە بە زیاتر لە 60 ملیار دینار دەخەمڵێنرێ.

(ڕووداو) زانیویەتی دوای ئاشکرابوونی ئەو گەندەڵیانە، ئەو لیژنەی کڕینانەی پێشتر لە وەزارەت هەبوون، هەڵوەشێنراونەتەوە.

ئەندامێکی لیژنەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو دۆسیانە جۆراوجۆرن. زۆربەی ئەو کەسانەی لەلایەن دادگاوە بانگ کراون، چوونەتە بەردەم دادوەر و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە، هەندێکیان بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە، بەڵام دواتر بە کەفالەت ئازادکراون".

گوتیشی "خەڵکی پلە باڵایان تێدایە و بانگ کراونەتە دادگا".

بە گوتەی ئەو ئەندامەی لیژنەکە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات. گوتیشی "هەنگاوی زۆرباش بۆ چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە نراوە و هەنگاوەکانیش بەردەوام دەبن".

بەپێی زانیارییەکان، چاکسازی سەرجەم بەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێتەوە، لەوانەش خانەنشینی پێشمەرگە، وەک دەگوترێ پارتی و یەکێتی 200 هەزار کەسیان لە وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین کردووە، ئەو خانەنشینانە پێداچوونەوەیان پێدا دەکرێت و سەرجەمیان دەخرێنە سەر وەزارەتی دارایی.

بەوپێیەی مەسعود بارزانی، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە یەکەکانی 70ی سەر بە یەکێتی و 80ی سەر بە پارتیش، ئەو چاکسازیانە دەیانگرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە لیژنەکەی وەرگرتووە، هەندێک لە بەرپرسانی یەکەکانی 70 و 80ی پارتی و یەکێتی لەنێو وەزارەتی پێشمەرگەش پۆستی باڵایان هەیە، لەمەودا ئەو پۆستە باڵایەیان نامێنێ.

هەڵگورد حیکمەت، بەرپرسی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ کەسێک حەسانەی نییە، هەرکەس بانگ کرابێت چووەتە بەردەم دادگا، ئەوانەی کە داواکراون چوون و بە کەفالەت ئازادکراون".

بە گوتەی هەڵگورد حیکمەت "زۆربەی ئەو گرێبەستانەی گومانی گەندەڵییان لێدەکرێ، لەو کاتە کراون کە مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە لە وەزارەت بووە و بە واژۆی ئەو کراوە، بۆیە دەبێت دادگا وەک چۆن ئەندامان و سەرۆکی لیژنەی گرێبەستی بانگ کردووە، ئەویش بانگ بکات و ئیفادەی وەبگرێ".

بوونی گەندەڵی لە وەزارەتی پێشمەرگە چیرۆکێکی تازە نییە. پێشتریش هەفتەنامەی (ڕووداو) لە ژمارە 293ی ڕۆژی 2014/1/31 دەیان بەڵگەنامەی لەسەر گەندەڵییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕاپۆرتێکی درێژدا بڵاوکردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن فەرمانگەی چاودێریی دارایی وەزارەتی پێشمەرگەوە بە ژمارە 74 لە ڕۆژی 2013/7/1 ئاراستەی ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە کراوە و تایبەتە بە پارەی نەختینەی لیواکان کە بریتییە لە (نەسریە، ئازووقە و سووتەمەنی)، بە پێچەوانەی ڕێنمایی دارایی لە فەوجەکان خەرج کراوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت "زۆرینەی پارەکە لە نێوان فەرماندەی یەکە و ئەفسەرانی بارەگاکانەوە دابەش دەکرێ".

فەرمانگەکە بۆی دەرکەوتبوو کە چەندین "گەندەڵی و ئیختیلاس و وەسڵ و لیژنەی وەهمی" لە خەرجکردنی ئەو پارەیەدا هەیە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەمینداریێتی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە کە بە ژمارە (ا/5073/2/) لە ڕۆژی 2012/6/11 ئاراستەی وەزیری پێشمەرگە کرابوو، تاوەکو ئەو ڕێکەوتە زۆربەی چەک و تەقەمەنی پێشمەرگە "کۆن و بەسەرچوو"بوون. ئەو ڕاپۆرتە کە لەلایەن ئەفسەرانی هۆشیاری نیشتیمانی ئامادەکرابوو، ئاماژەی بە چەندین کەموکوڕیی وەزارەتی پێشمەرگە دابوو. هەر بەپێی بەڵگەنامەکان بە ملیار دینار بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی مۆدیل نوێ و تازە خەرج کرابوو.



(فۆتۆ: ڕووداو)

## لیژنەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوونی دەرمان:

# زۆربەی کارمەندانی کواڵیتی کۆنترۆڵ لە کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان کاردەکەن



کەرکووک دەروازەی سەرەکی هاتنی دەرمانی ساختەیە بۆ هەرێمی کوردستان

خەڵکانێکی زۆری ناپسپۆڕ بازرگانی بە دەرمانەوە دەکەن

دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵ زۆر لاوازە

سەنگەر عەبدولڕەحمان
ڕووداو- هەولێر

لیژنەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوونی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە ڕاپۆرتێکدا سەرجەم ئەو کەموکوڕی و گەندەڵیانە دەخاتە ڕوو کە لە سێکتەری دەرماندا هەیە و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هۆکاری ئەو هەموو بەرەڵایی و بێسەروبەرییەی لەو کەرتەدا هەیە، بۆ هەندێ دەستی حیزبی و حکومی دەگەڕێتەوە کە هاوکات لەگەڵ پاوانکردنی بازاڕی دەرمان، دەستیان بەسەر کواڵیتی کۆنترۆڵیشدا گرتووە.

بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکە، دەرمان بە سێ ڕێگا دێتە نێو هەرێمی کوردستان: یەکەمیان بە ڕێگەی یاسایی، ئەویش لەڕێی کۆمپانیاکان، پشکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا. دووەمیان ڕێگای دروستکردن، واتە کارگەی فەرمی و نافەرمیی دروستکردنی دەرمان لە کوردستان. و ڕێی سێیەمیش نایاساییە کە ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "خەڵکانێکی زۆری ناپسپۆڕ لە بواری دەرمان، بازرگانیی نایاسایی بە دەرمان دەکەن، ئەوەش لە ڕێگەی سنوورە فەرمی و نافەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە بە هاوکاریی دەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەرمان هاوردە دەکەن".

بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکە "زۆربوونی دەرمانی تەزویر یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی بواری دەرمان"، هەروەها ڕێنمایی کۆن و نەگونجاوی ڕێگەدان بە هێنانی دەرمان وای کردووە کە کۆمپانیاکان و ئەو خەڵکەی مامەڵە بە دەرمانەوە دەکەن "پەنا ببەنە بەر هێنانی دەرمان بە قاچاخ".

### ڕێگاکانی هێنانی دەرمانی قاچاخ و ساختە

ڕاپۆرتی لیژنەکە ئاشکرای کردووە چەند ڕێگایەک هەن کە دەرمانی ساختە و قاچاخیان پێدا دەهێنرێتە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوانیش:

1- سنووری عێراق لە ڕێگەی پارێزگای کەرکووک، دەروازەیەکی سەرەکی هاتنی دەرمانی ساختەیە بۆ هەرێمی کوردستان.

2- سنووری تورکیا: لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل و چەندین دەروازەی دیکەی فەرمی و نا فەرمی.

3- سنووری ئێران: سنوورێکی فراوانە و تاڕادەیەک کۆنترۆڵ نەکراوە. لەو سنوورە دەرمانی ساختە و مادەی هۆشبەر دێتە نێو هەرێمی کوردستان.

بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکە زۆربەی ئەو دەرمانانەی بەو سێ ڕێگەیە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان "کواڵیتییان نزمە و نازانرێت بە کەڵک دێن یان نا...".

لیژنەکە چەند چارەسەرێکی بۆ دەرمانی قاچاخ و ساختە خستووەتەڕوو کە بریتین لە: ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەرمانی قاچاخ لە ڕێگەی لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی تەندروستی. ڕێگری لە هێنانی ئەو جۆرە دەرمانانە لەڕێی بازگە و دەروازە و فڕۆکەخانەکان. ئاسانکاری بۆ تۆمارکردنی دەرمان لە ڕێگەی کواڵیتی کۆنترۆڵ بۆ ئەوەی بازرگانان ناچار نەبن دەرمان بە قاچاخ هاوردە بکەن. دەبێت دادگاکان ئیجرائاتی توند بەرامبەر ئەو کەسانە بکەن کە دەرمانی ساختە دەهێننە نێو کوردستان.

### شوێنی ساخکردنەوەی دەرمان

ڕاپۆرتی لیژنەکە ئاماژەی بە چەند شوێنێک داوە کە دەرمانی تێدا ساخ دەکرێتەوە، لەوانەش کۆگای دەرمان. بەپێی ڕاپۆرتەکە ژمارەیەکی زۆر کۆگای دەرمان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت و سەندیکای دەرمانسازان کراونەتەوە.

دەرمانخانەکان شوێنێکی سەرەکی ساخکردنەوەی دەرمانن کە بەپێی ڕاپۆرتەکە "زێدەڕۆیی هەیە لە مۆڵەتدان بە دەرمانخانەکان". ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە دەرمانخانەکانی چارەسەری سروشتی کردووە وەکو شوێنێک بۆ ساخکردنەوەی دەرمان، بەبێ ئەوەی هیچ کۆنترۆڵێکیان لەسەر بێ.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت بەهۆی ئەو هەموو شوێنە بۆ ساخکردنەوەی دەرمان، هاووڵاتیان لەژێر هەڕەشەیەکی جددیدان". چارەسەریشی بۆ ئەو دۆخە پێشنیاز کردووە، ئەویش: دەرکردنی ڕێنمایی نوێ سەبارەت بە کۆگا و دەرمانخانەکان. داخستنی ئەو دەرمانخانانەی کەسانی پسپۆڕ کاریان تێدا ناکەن. هەروەها ڕێگری بکرێ لە پێدانی دەرمان بەبێ ڕاچێتەی دکتۆر.

### حاڵی کواڵیتی کۆنترۆڵ

بەشێکی ڕاپۆرتی لیژنەکە تەرخانکراوە بۆ بارودۆخی دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵ (KMCA). بەگوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەکە ئەو دەزگایە لاوازە، ئەویش بەهۆی کەمیی ستاف، نەگونجاویی ڕێنماییەکان و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان.

لیژنەکە کێشەی کواڵیتی کۆنترۆڵی لە چەند خاڵێکدا کورت کردووەتەوە، ئەوانیش: زۆربەی کارمەندانی کواڵیتی کۆنترۆڵ لە کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان کاردەکەن. ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی "سەقەت و لاوازن". کەمیی مووچەی کارمەندانی ئەو دەزگایە. تێکەڵبوونی بەرژەوەندیی کارمەندانی دەزگاکە و کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان.

بەبڕوای لیژنەکە، ئەو کێشانە هۆکارن بۆئەوەی "بەرەڵڵایی لە بازاڕی دەرمان دروست ببێ، بە جۆرێک دەرمانی ساختە بە بڕێکی زۆر بێتە نێو بازاڕ و ساخ بکرێتەوە".

لیژنەکە سەبارەت بە چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانی کواڵیتی کۆنترۆڵ چەند پێشنیازێکی خستووەتەڕوو، ئەوانیش: داڕشتنەوەی هەیکەلی دەزگاکە، زیادکردنی کارمەند و زیادکردنی مووچەی کارمەندان، زیادکردنی دەوامی دەزگاکە تاوەکو درەنگانی شەو، بەستنەوەی دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵ بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە. دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ هێنانی دەرمان کە ڕێگری بکات لە دروستبوون و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان لە نێوان کارمەندانی دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵ و کۆمپانیاکان.

### پاوانکردنی بازاڕی دەرمان

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، کەموکوڕی لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و کواڵیتی کۆنترۆڵ، ڕێخۆشکەر بووە بۆ باڵادەستبوونی هەندێک کۆمپانیای دەرمان لە بازاڕدا. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە "کەسانی باڵادەست لە حیزبە سیاسییەکان و حکومەت بەشدارن لە فەرزکردنی باڵادەستیی هەندێک لایەن و کۆمپانیای کەرتی تایبەت لەسەر بازاڕی دەرمان".

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە "قۆرخکاری و باڵادەستبوونی هەندێک کۆمپانیا، بازاڕی دەرمانی شێواندووە و کاریگەری هەبووە لەسەر نرخی دەرمان و کواڵیتییەکەی"، تاکە زەرەرمەندی ئەو بارودۆخەش خەڵکە.

### گەندەڵیی گەورە لە کوێ دەکرێت؟

بەشێکی ڕاپۆرتی لیژنەکە تایبەتە بە کڕینی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لەلایەن حکومەتەوە. کە ئەو کارە لە ڕێگەی تەندەر و لیژنەکانی کڕینی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستییەکان دەکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "گەندەڵییەکی زۆر گەورە دەکرێت و داهاتی گشتی بەفیڕۆ دەدرێت".

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە دەڵێن: "بەهۆی قۆرخکاریی هەندێک کەسانی دەستڕۆیشتوو دەرمانی کواڵیتی نزم بە نرخێکی زۆر گران دەدرێتە حکومەت". هەروەها دەڵێن "بەهۆی کڕینی دەرمان بە قەرز لەلایەن حکومەتەوە، کڕینی دەرمان زۆر گرانتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی لەسەر حکومەت دەکەوێ".

### سەرچاوەی خۆراک نادیارە

دوا بەشی ڕاپۆرتی لیژنەکە تایبەتکراوە بەو خۆراکەی هاوردەی کوردستان دەکرێت. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە ئاماژەیان بە کێشەکانی خۆراکی هاوردەکراو داوە و دەڵێن: "پشکنینی پێویست بۆ خۆراکی هاوردەکراو و دروستکراوی ناوخۆ ناکرێت. سەرچاوەی زۆربەی ئەو خۆراکەی دێتە هەرێمی کوردستان، نادیارە و جێی متمانە نییە. خۆراکی دەستکاریکراو پشکنینی بۆ ناکرێت. سەوزە پشکنینی دەرمانی قڕکەری مێرووڵەی بۆ ناکرێت".

هەروەها دەڵێن: "زۆربەی پشکنینە پێویستەکان بۆ خۆراک ناکرێن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خۆراکی هەرزان و کواڵیتی نزم لە بازاڕەکان زۆربێت. بەهۆی قەیرانی داراییش خەڵک ناچارن بیکڕن".

بەرەڵڵایی لە بازاڕی دەرماندا هەیە و دەرمانی ساختە بە بڕێکی زۆر هاوردە دەکرێت

کەسانی حیزبی و حکومیی باڵادەست هەندێک کۆمپانیای دەرمانیان لەسەر بازاڕ فەرز کردووە

گەندەڵییەکی زۆر گەورە لە کڕینی دەرمان لەڕێی لیژنەکانی کڕینەوە دەکرێت

سەرچاوەی زۆربەی ئەو خۆراکەی هاوردە دەکرێت نادیارە

ئوسامە نوجەیفی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ (ڕووداو)

# هەندێک هێزی شیعە دەیانەوێ هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان



ئیرادەیەکی بەهێزی دەرەکی هەیە بۆ پەرتکردنی نێوماڵی سوننە

بڕیاری دەستگیرکردنی ئەسیلی برام تەواو سیاسییە

هەوڵەکانمان بۆ گەڕاندنەوەی سەرکردە سوننەکان بێهوودە بوو

ماڵەکەی لە یەکێک لە گەڕەکە خۆشگوزەرانەکانی شاری هەولێرە کە گەڕەکی وەزیرانە. نێو ماڵ و بەر دەرگای ماڵەکەی پڕن لە پەیکەری شێر و پڵنگ. ئوسامە نوجێفی، تاکە سەرکردەی دیاری سوننەکان بوو کە لەلایەن نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقەوە نەتوانرا بکرێتە ئامانج. خۆی دەڵێت "پیلانگێڕیی زۆر" هەبووە بۆ بە ئامانجکردنی، "ئێستاش ئەو پیلانانە بەردەوامن".

ئوسامە نوجێفی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هێزەکانی تورکیا لە باشیک، هەوڵەکانی مالیکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق، حەشدی شەعبی، سەربەخۆیی کوردستان و چەند پرسێکی دیکە دەکات. تەواوی ئەم هەڤپەیڤینە شەوی سێشەممە کاژێر 22:30 خولەک لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو پەخش دەکرێت.

هەڤپەیڤین: دڵدار هەرکی
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: جەنابی جێگری سەرۆککۆماری عێراق، ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوا چۆن بەڕێوەدەچێت؟**

**نوجەیفی:** داگیرکردنی نەینەوا لەلایەن تیرۆریستانەوە کارەساتێکی گەورە بوو بۆ عێراق و ناوچەکەو جیهان. چونکە مووسڵ بووە بنکەی تیرۆر. هەماهەنگی هەموو هێزەکانی عێراق لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوە، بەتایبەتی هەماهەنگیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا زۆر گرنگ بوو. سوپای عێراق گەیشتە نەینەوا. هاوکاریی دانیشتووانی شارەکە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بەشێوەیەکی فراوان و پێشوازیکردنیان و پێدانی زانیاری، ئۆپەراسیۆنەکەی ئاسان کرد. دەستکەوتی گەورە کۆنترۆڵکردنەوەی بەری چەپ بوو. ئێستا شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی بەری ڕاستمان لەپێشە، خوازیارین ئەویش بە سەرکەوتن تەواو بێت، لەگەڵ ئەو ئاستەنگە گەورانەی لەبەردەم هێزەکان هەن.

**ڕووداو: ئاستەنگەکان چین؟**

**نوجەیفی:** کۆمەڵێک ئاستەنگ هەن، ئاستەنگی ئەمنی لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵ کراونەتەوە، لەڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیان، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، لە بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری، لە گۆڕینی ڕەوشەکە بۆ ڕەوشێکی پارێزراو و کۆنترۆڵکراو. هەموو ئەو پرسانە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادان. هەروەها کەمتەرخەمی و ناڕوونی هەیە، هاووڵاتیان نیگەرانن، چونکە تا ئێستاش تیرۆرستان لە هەندێک ناوچەی بەری چەپ هێرش دەکەن، هێشتا هەندێک شانەی نووستوویان ماوە لە هەندێک ناوچە.

**ڕووداو: هەندێک لە سوننەکان تێبینییان هەیە لەسەر بەشداریی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە سوننەکان، ئێستاش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی بەری ڕاست لە نەینەوا، تێبینی ئێوە چییە؟**

**نوجەیفی:** وەکو ڕاگەیەندراوە ئەو هێزانەی لە بەری چەپ بەشدارییان کردووە، لە بەری ڕاستیش بەشداری دەکەن. حەشدی شەعبی وەکو هێزێک لەنێو شاری مووسڵدا نییە، ئەوان لە بیابانن لە ناوچەکانی نزیک تەلەعفەر تاوەکو سنوور. بەدڵنیاییەوە ئێمەش تێبینی زۆرمان هەیە لەسەر هاتنی هەر گرووپێکی حەشدی شەعبی بۆ نێو شاری مووسڵ. پێشمانوایە دەبێ ئەرکی دووری پێ بسپێردرێت بەهۆی هەستیاری. هەروەها بەهۆی هەندێ هەڵسوکەوت کە لەبەری لای ڕۆژهەڵاتی موسڵ کرابوون.

**ڕووداو: هەڵسوکەوتی وەکو چی؟**

**نوجەیفی:** هەندێک گرووپ هاتنە نێو شارەکە و هەندێک دروشمیان دەگوتەوە و ئاڵایان بەرزکردبووە لەو دروشمانەی لەگەڵ عەقیدەی شارەکە ناگونجێن. هەروەها هەندێک کەسیش بەشێوەیەکی نایاسایی هاتبوونە نێو شارەکە و خەڵکیان دەستگیر کردبوو. ئەو کێشانە مایەی نیگەرانین.

**ڕووداو: ئێوە سەردانی نەینەواتان کرد دوای کۆنترۆڵکردنەوەی بەری چەپ، چیت بینی و چ شتێک کاریگەری لەسەرت هەبوو، ئایا ئاڵای تایفی لەسەر مەزاری نەبی یونس و ناوچەکانی دیکە**

پێویستە نەینەوا بکرێتە هەرێمێک

شیعەکانیش وەکو سوننە بێ مەرجەعن

مالیکی ناتوانێت ببێتەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق

تەنیا ئێران پشتگیریی گەڕانەوەی مالیکی دەکات

**هەبوو، نووسینگەی تایفی هەیە لەنێو نەینەوا کە شارەکە زۆرینەی سوننەیە؟**

**نوجەیفی:** دەبێ لایەنی سیاسی لەلایەنی سەربازی و ئەمنی جیابکەینەوە، چونکە هاتنی ئەجندای سیاسی و نووسینگەکانی فیدراڵی و دروشمی پارتەکان، ئەو پرسانە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە. هەروەها پەیوەندی بە هەوڵەکانی دەستێوەردانە، ئەمە ئاستەنگ لەبەردەم شەڕەکە دروست دەکات و دیدگای هاووڵاتیانیش بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغی نوێی دوای داعش دەشێوێنێ. داعشیش بەهێز دەکات.

**ڕووداو: پێتانوایە مەرامێکی تایفەگەری لە پشت کردنەوەی نووسینگەکانی هەڵبژاردن و بارەگای لایەنەکان و هەڵکردنی ئاڵاکانەوە هەیە، یان حکومەتی ناوەند چاوپۆشی لەم جۆرە هەڵوێستانە دەکات؟**

**نوجەیفی:** ڕوون و ئاشکرایە ئەجێندای زۆر هەن بەرەو مووسڵ ئاراستەکراون و پێمانوایە سەرهەڵدانیان لە سەردەمی شەڕی دژ بە داعش، دۆخەکە ئاڵۆز دەکات. هەر هەوڵێک بدرێ بە ئاراستەی گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکە یان هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دیموگرافی لە شاری مووسڵ، لە بەرژەوەندی عێراق و کوردستانیش نابێت.

**ڕووداو: بەپێی ئەو زانیاریانەی بڵاوبوونەتەوە، گرووپێک یان چەند گرووپێکی چەکداری دەمامکدار لە نەینەوا، خەڵکیان ڕفاندووە و بەدەم گوتنەوەی دروشمی تایفەگەرییەوە کوشتوویانن و گوتوویانە تۆڵەی ئیمام حوسێن دەکەنەوە. ئایا هیچ زانیارییەکتان لەوبارەیەوە هەیە؟**

**نوجەیفی :** لە ڕاستیدا چەند ڕووداوێکی لەم شێوەیە هەبوون، بەڵام نەمانزانیوە لەسەر ئاستێکی فراوان بێت و لەوانەیە ئەم کردارە لەلایەن چەند لایەنێکەوە یان لەلایەن داعشەوە کرابێت، بۆ نانەوەی تۆوی دووبەرەکی. ئێمە بە وردی چاودێریی دۆخەکە دەکەین. هەر شتێکی لەمجۆرە ڕووبدات هەڵوێستێکی دیکەمان دەبێت.

**ڕووداو: پێشتر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و بەغدا گرژییان تێکەوتبوو، بەڵام بە سەردانەکەی بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا و دواتر هەولێر، دۆخەکە کەمێکیش بێت بەرەو ئاساییبوونەوە چوو، بەڵام هێزەکانی تورکیا لە باشیک ماونەتەوە، حەیدەر عەبادیش لە سەرجەم وتارەکانیدا باسی کشانەوەی ئەم هێزە دەکات. ئێوە پێتان باشە ئەم هێزە بمێنێتەوە یان بکشێتەوە؟**

**نوجەیفی:** پێموایە پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ئاسایی بوونەتەوە. سیاسەتەکانیش ڕوون و ئاشکران لەم چوارچێوەیەدا. هەروەها بڕیاردرا هێزەکانی تورکیا لەو ناوچەیە بکشێنەوە، بەڵام بۆ دوای شەڕی مووسڵ دواخرا.

**ڕووداو: وجودی هێزەکانی تورکیا لە باشیک بەهۆی مەترسییەکانی داعشەوە بوو لە بەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ یان پەکەکە، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق پشتیوانی پەکەکە دەکات و چەک و مووچەیان دەداتێ؟**

**نوجەیفی:** ئەمە پێشتر کرابوو، بەڵام حکومەتی عێراق بەمدواییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و تورکیا ڕێککەوت، مووچەکانیان بڕی و دەستبەرداری پشتیوانییەکانیان بوون کە پێشکەشی گرووپێکی چەکداری ئێزدیی سەر بە پەکەکەیان دەکرد. بەپێی زانیارییەکانم ئەم پشتیوانییە لەژێر چاودێریی ئەمریکا کۆتایی هات.

**ڕووداو: چی ڕوویدات لە مووسڵ، تورکیا هێز دەجوڵێنێت؟**

**نوجەیفی:** پێموانییە تورکیا نیازی هەبێت هێز بەرەو مووسڵ بجوڵێنێت، بەڵام تورکیا هاوکارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و خۆیشی زیانی گەورەی بەرکەوتووە بەهۆی چالاکییە تیرۆریستییەکان. ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی هەیە لەنێوان بەغدا و هەولێر و ئەنقەرە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی ناوچەکە لە ڕووی ئەمنییەوە. هەماهەنگی لە نێوانیان لە بەرزترین ئاستدایە.

**ڕووداو: هیچ کێشەیەکتان لەگەڵ کورد و شیعە هەیە لەبارەی داهاتووی نەینەوا لە دوای داعش؟**

**نوجەیفی:** کورد چەندین لایەنی سیاسی و پێکهاتەی جیاوازی زۆری هەیە، شیعەش بەهەمانشێوە گرووپ و پێکهاتەیان هەیە. ئێمە دەڵێین پێویستە نەینەوا بکرێتە هەرێمێک لە چوارچێوەی دەستوور. هەندێک پرسیش هەن پێویستە لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن.

**ڕووداو: ئەو پرسانە چین؟**

**نوجەیفی:** پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان. هەندێک مادده و برگەی دەستووری هەن بەپێی میکانیزمێکی جیاواز کێشەکان چارەسەر دەکات. هەرێمی کوردستان هەمان دید و بۆچوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ بەغدا و هەندێک لایەنی شیعی دەتوانین لە چوارچێوەیەکی ژیرانە و لەسەر بنەمای یاسایی، لێکتێگەیشتن لە نێوانماندا هەبێ، چونکە بەشێکیان هەن بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە کە دەبێت هێرش بکرێتە سەر مووسڵ و دەشتی نەینەوا و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش. ئەمانە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیان ڕێکناکەوین.

**ڕووداو: کورد مەرجەعی خۆیان هەیە و شیعەش بەهەمانشێوە هەیانە، ئێستا کێ مەرجەعی سەرەکیی سوننەکانی عێراقە؟**

**نوجەیفی:** ئەوانیش مەرجەعیەتێکی دیاریکراویان نییە. ئەگەر باس لە مەرجەعیەتی ئایینی بکەی ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام شیعە لە چەند گرووپێک و لایەنی جیاواز پێکهاتوون و لەسەر زۆر پرس هاوڕا نین. تەنانەت بەشێکیان دید و بۆچوونیان بۆ ڕووداوەکانی عێراق زۆر جیاوازە لە هێڵە گشتییەکاندا.

حکومەتی عێراق مووچەی پەکەکەی بڕیوە

ئەجێندای زۆر هەن کە بەرەو مووسڵ ئاراستەکراون

**ڕووداو: ئەی سوننە؟**

**نوجەیفی:** سوننەش بەهەمانشێوە سەرکردە و لایەنی جیاوازیان هەیە، لە هەموو لایەنێک زیاتر ناکۆکییان هەیە، بەڵام هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی بۆشایی دەسەڵات و ئاستی ناکۆکییەکان کەمتر بکرێتەوە و کار بۆ ئەوە دەکرێت پرۆژەی هاوبەش هەبێ.

**ڕووداو: کێشە و ناکۆکییەکانتان سیاسین یان ئایینین؟**

**نوجەیفی:** کێشەکان سیاسین و هەروەها ئەجێندای تایفی هەیە بەسەر عێراقدا سەپێنراوە و کاریگەری خستووەتە سەر کۆمەڵگای عێراقی.

**ڕوودا: کێن ئەوانەی ئەجێنداکانیان بەسەر عێراقدا سەپاندووە؟**

**نوجەیفی:** دۆخی نوێی پاش 2003 لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای تایفی و پشک پشکێنە بونیاتنرا. هەر لە سەرەتای ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و ئەو حکومەتە یەک لەدوای یەکانەی کە دامەزران دابەشبوونی سیاسی و حیزبی و کارگێڕییان لێکەوتەوە و سەرجەمیان لەم سۆنگەیە دامەزران.

ئەمریکییەکان زەمینەیان بۆ تایفەگەری خۆشکرد، کاتێک پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەستپێکرد، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. هەروەها ئێران هەوڵەکانی چڕکردووە بۆ ئەوەی ئەم بنەما تایفەگەرییە گەشەبکات بۆ ئەوەی هەژموونی شیعە بەسەر تەواوی عێراقدا بسەپێنێت. ئەمەش دۆخی عێراقی ئاڵۆزتر کرد.

**ڕووداو: هەندێک سەرکردەی سوننی بە پەیوەندیی لەگەڵ تیرۆر تۆمەتبارکراون و ئەم سەرکردانەش ئێستا لە دەرەوەی عێراقن. چیتان کردووە بۆ ئەوەی ئەم سەرکردانە بگەڕێنەوە عێراق؟**

**نوجەیفی:** ئێمە وێڕای ئەوەی لەڕووی سیاسی و یاساییەوە هەوڵی زۆرماندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گەڕاندنەوەیان، بەڵام بێهوودە بوو، چونکە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە لە دەرەوەی عێراق خۆی سەپاندووە و فەرمانی داوە بەهیچ شێوەیەک نێو ماڵی سوننە ڕێکنەخرێتەوە و پێکهاتەیەکی بەهێز دروست نەکەنەوە.

**ڕووداو: فەرمانی دەستگیرکردنی ئەسیل نوجەیفیش هەیە کە برای بەڕێزتانە و پارێزگاری پێشووی مووسڵ بووە. لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

**نوجەیفی:** ئەمە پرسێکی تەواو سیاسییە و ئامانج لە دەستگیرکردنی ئەسیل نوجەیفی ڕێگریکردنە لە پێدانی ڕۆڵ بە خەڵکی ناوچەکە کە خۆیان بەڕێوەببەن و پشت بەهیچ لایەنێک نەبەستن. ڕۆڵی خەڵکی ناوچەکە کەم بکەنەوە لە ڕووی ئەمنی و سەربازییەوە بۆ ئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لاواز ببێ.

**ڕووداو: کەواتە هێشتا بەشێک لە سەرکردە سوننەکان لەژێر هەڕەشەی لەناوبردن و گرتندان لەلایەن دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکانەوە وەک خۆتان دەڵێن؟ ئایا ئێوەش هەڕەشەی گرتنتان لێکراوە؟**

**نوجەیفی:** بەو شێوەیە نەبووە، چونکە من سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بووم و پۆستی جێگری سەرۆککۆمارم هەیە، بەڵام دیسان پیلانگێڕی هەبووە بۆ ئەوەی بەئامانج بکرێین، بەڵام ئێمە بەرپەرچمان دانەوە و توانیمان زۆربەی تۆمەتەکان ڕەتبکەینەوە، ئەو پرۆسەیەش هێشتا بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە.

**ڕووداو: نوری مالیکی هەوڵ دەدات پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی ئێرانی کرد. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی خۆی ڕوون و ئاشکرا دەربڕی و گوتی ئەگەر مالیکی بگەڕێتەوە دەسەڵات، ئێمە سەربەخۆیی ڕادەگەیێنین. ئێوە هەڵوێستتان چی دەبێت؟**

**نوجەیفی:** من یەکێکم لەو کەسانەی زۆرترین هەوڵم دا بۆ ئەوەی دەستبەرداری دەسەڵات بێت و لەگەڵ بەڕێز بارزانی لە ساڵی 2012 کارمان کرد بۆ ئەوەی پۆستەکەی لێ بسەنرێتەوە. هەر چۆن هەوڵ بدات بێهوودەیە و پێموانییە دووبارە بتوانێت ببێتە سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق، چونکە لە ناوخۆدا دەنگێک هەیە دژی گەڕانەوەی مالیکییە و پێیوایە هۆکاری یەکەم و سەرەکی شکستە زۆر گەورەکانی عێراق بوو. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕەتکراوەتەوە.

**ڕووداو: مالیکی هێشتا کاریگەریی هەیە لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە عێراقدا؟**

**نوجەیفی:** بێگومان، ڕۆڵی هەیە و هەژموونیشی هەیە، بەڵام ناکۆکی لەنێو ماڵی شیعەش هەیە و دەنگی بەهێز هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی مالیکی، سەرجەم وڵاتانی دراوسێی عێراقیش جگە لە ئێران، مالیکییان قبوڵ نییە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش مایەی قبوڵ نییە و بەتوندی سەرکۆنەی سیاسەتی مالیکی دەکەن کە عێراقی گەیاندووەتە ئەم دۆخەی ئێستا. تەنانەت ئیدارەی باراک ئۆباما کە پشتیوانی نووری مالیکی بوو، بەزمانێکی توند وەڵامی سیاسەتە هەڵەکەی دایەوە و ڕەتیکردەوە. لە دوایین ڕۆژیدا وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا گوتارێکی پێشکەش کرد و لەبارەی عێراقەوە ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی کرد و جەختی کردەوە کە بەهۆی مالیکی شارە گەورەکانی عێراق کەوتنە ژێر دەستی داعش.

**ڕووداو: تۆ جێگری سەرۆک کۆماریت و نووری مالیکیش هەروەها، بەڵام ئەو چۆن توانی هەژموونی خۆی بەسەر زۆربەی عێراقدا بسەپێنێت و کاریگەری بەهێزی لەسەر تەواوی کۆمەڵگای عێراقی هەبێت؟**

**نوجەیفی:** فراکسیۆنێکی بەهێزی پەرلەمانی هەیە و سەرۆکی پارتێکی سیاسیی گەورەیە و پاڵپشتی هەرێمیشی هەیە، بەڵام هەرچەندە فراکسیۆنەکەی گەورەترینیش بێت، پێویستی بەپشتیوانی فراکسیۆنەکانی دیکە هەیە. پێموایە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانیش مالیکی ڕەتدەکەنەوە.

**ڕووداو: چی دەکەن ئەگەر دەسەڵاتی گرتە دەست؟**

**نوجەیفی:** من هەوڵەکانم چڕ دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئەو پۆستە وەرنەگرێت، بەڵام ئەگەر بەردەوام بێت من بە هەموو شێوازێکی سیاسی و دیموکراسی دژایەتی دەکەم.

**ڕووداو: پەیوەندییەکی بەهێزت لەگەڵ بارزانی هەیە، ئایا پێکەوە هیچ تاوتوێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێزتان کردووە؟**

**نوجەیفی:** گومان لەوەدا نییە هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ بەڕێز بارزانی پتەو و جێگیرە. پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش، گەلی کوردستان خۆی بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەدات، ئێمە ڕێزی لێدەگرین.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 445 ) - دووشەممە 2017/2/13

## بایک داواکارییەک ئاراستەی ئەمریکا و ڕووسیا دەکات



ڕووداو- هەولێر

جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) داوا لە ئەمریکا و ڕووسیا دەکات "لە سیاسەتی قڕکردن کە ئێستا دژی کوردان پەیڕەوی دەکات"، هاوکاری حکومەتی تورکیا نەکەن. بایک پەیامێکی بەبۆنەی هەژدەیەمین ساڵڤەگەڕی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە "گەلی کورد بە تێکۆشان و بەرخودانی خۆی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئۆجەلان و کورد تێکشکاند، بەڵام جارێکی دیکە ئاکەپە و مەهەپە لە تورکیا بوونەتە یەک و دەیانەوێت ئەم گەلەکۆمەیە دژی کورد زیندوو بکەنەوە

## گۆڤارێکی ئەمریکی لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان:

# 500 هەزار کورد بەهۆی یەپەگەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارە بوون

## هەواڵگریی سووریا: پلانی گەڕانەوەی ساڵح موسلیم بۆ ڕۆژاڤا لە سلێمانی و بە چاودێریی قاسم سلێمانی داڕێژرا

بەشی یەکەم

ڕووداو- هەولێر

گۆڤاری (The Nation)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لە ڕۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی سیستەماتیک مافەکانی مرۆڤیان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا پێشێل کردووە و بوونەتە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار عەرەبی ناوچەکە. هەروەها خەڵکێکی زۆری کوردیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم هێزە ڕایانکردووە.

ڕاپۆرتەکە لە ئاکامی شەش مانگ بەدواداچوونی گۆڤارەکە ئامادەکراوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ 80 عەرەب و پەنابەری کوردی ڕۆژاڤا، بەرپرسانی یەپەگە، ئەندامانی پێشووی یەپەگە، بەرپرسانی پێشووی حکومەتی سووریا، چالاکڤانانی سیاسی و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت یەپەگە لە ساڵی 2013ەوە بە زەبری چەک عەرەبەکانی ناوچەکەیان ناچار کردووە ماڵ و حاڵی خۆیان چۆڵ بکەن، دواتریش خانوو و گوندەکانیان تەقاندوونەتەوە یان ئاگریان تێبەرداون، یان بە بولدۆزەر تەخت کراون. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەم هەڵمەتە لە نیوەڕاستی 2015ەوە تەشەنەی سەندووە، واتە لەو کاتەوەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە.

### ئاوارەبوونی نیو ملیۆن کورد

ڕاپۆرتەکەی (نەیشن) لەسەر زاری بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێت 300 هەزار کوردی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان ڕایانکردووە. جیا لەمە، بە گوێرەی چاودێرانی مافی مرۆڤ لە باکووری کوردستان کە بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکە دواون "200 هەزار کوردی ڕۆژئاوا ڕایانکردووە بۆ تورکیا، نەوەک بە زۆرەملێ لە هێزی یەپەگەدا ناونووس بکرێن یان لەلایەن ئەو گرووپەوە ڕووبەڕووی سەرکوتی سیاسی ببنەوە، لە کاتێکدا ئەم گرووپە بڕوای بە دەسەڵاتی تاک حیزبی هەیە".

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە گۆڤارەکەیان ڕاگەیاندووە کە ئەگەر سنوورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بکەنەوە، زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە بەرەو هەرێمی کوردستان ڕادەکەن.

### قەندیل سیاسەتی ڕۆژاڤا دادەڕێژێ

بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکە باس لە پەیوەندیی یەپەگە و پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەکات. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "ئیدارەی ئۆباما جەستی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئەم دوو گرووپە لێکجیاوازن، ئەم پۆلێنکردنەش ڕێگەی بۆ واشنتن خۆش کرد تاوەکو باز بەسەر ئەو یاسایانەدا بدات کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە گرووپانە قەدەغە دەکات". گۆڤارە ئەمریکییەکە لەگەڵ چوار ئەندامی پێشووی پەکەکە قسەی کردووە، هەر چواریان گوتوویانە "سیاسەتی هەرێمە کوردییەکەی ڕۆژئاوا، ناسراو بە ڕۆژاڤا، لە بارەگای سەرەکیی پەکەکە لە قەندیل دادەنرێ".

یەپەگە ڕەتیکردووەتەوە هیچ هەڵەیەکیان کردبێت. سیهانوک دیبۆ، گوتەبێژ و ڕاوێژکاری باڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوتووە "دەرکردنی خەڵک هەرگیز ڕووینەداوە و لە داهاتووشدا ڕوونادات". بە گوتەی دیبۆ هاوپەیمانێتی نێوان یەپەگە و هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا خۆی ڕێگرە لەوەی "ئەمجۆرە پێشێلکارییانە ڕووبدەن".

بەرپرسانی پەیەدە هۆکاری وێرانبوونی گوند و شارۆچکەکان بۆ جەنگی نێوان یەپەگە و داعش دەگەڕێننەوە، لەوبارەیەشەوە دیبۆ بە (نەیشن)ی ڕاگەیاندووە "چۆن دەکرێ ناوچەیەک لە دەستی داعش ڕزگار بکەیت و خانووەکانی وێران نەبن"، بەڵام ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێت لە چەندین حاڵەتدا گوندەکان دوای ئەوە وێران کراون کە داعش بەبێ تەقە گوندەکەی چۆڵ کردووە.

### پەیوەندیی پەکەکە لەگەڵ پاسداران و ئەسەد

لە بەشێکی دیکەی بەدواداچوونەکەی (نەیشن) دا هاتووە "چیرۆکی یەپەگە تەنیا ئەوە نییە کە

**دادوەرێکی کورد:**

**ئەو لایەنەی یەپەگە بەڕێوە دەبات، ئیتلاعاتی ئێرانە**

**ئەندامانی پێشووی پەکەکە:**

**سیاسەتی ڕۆژاڤا لە قەندیل دادەڕێژرێ**

**گوتەبێژی یەپەگە:**

**دەیانەوێت وێنەی ئەو پاڵەوانێتییە بشێوێنن کە یەپەگە تۆماری کردووە**

یەپەگە هەمان پەکەکەیە بە ناوێکی جیاوازەوە. بەڵکو چیرۆکی ئەم گرووپە کۆمەڵێک ئەکتەری سەرەکیش لەخۆدەگرێت کە ئەمریکا پێی باشترە قسەیان لەسەر نەکات - لەسەرووی هەمووشیانەوە سوپای پاسدارانی ئێران و حکومەتی بەشار ئەسەد".

ئیبراهیم حوسێن، دادوەرێکی کورد لە حەسەکە، بە گۆڤارەکەی گوتووە "ئەو هێزە باڵادەستەی بەڕێوەیان دەبات، ئیتلاعاتی ئێرانە". ئیبراهیم هەتا 2014 لەو پۆستە مابووەوە.

مەحمود ناسر، عەرەبە و پلەیەکی باڵای لە هەواڵگریی باکووری سووریا هەبوو، قسەکانی ئیبراهیم پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "ئێران سەرچاوەی سەرەکیی یارمەتی دارایی پەکەکەیە".

بەگوتەی شایەتحاڵە کورد و عەرەبەکان، دەرکردنیان لە ناوچەکانی خۆیان لە لایەنە پەیەدەوە بە هۆکاری سیاسی بووە نەک ئەتنیکی، بە جۆرێک بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری دەرکردنیان دەبێت سەیری پەیوەندییەکانی پەیەدە و حکومەتی ئەسەد بکرێت، چونکە ئەوانەی دەرکراون ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی ئەسەد بوون. ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو ناوچانە ئاشکرایان کردووە کاتێک یەپەگە گوندێکی لە داعش پاک دەکردەوە، ئاسایشی یەپەگە بە لیستێک لە ناوی دژبەرانی ئەسەدەوە دەهاتە نێو گوندەکە و دەستگیریان دەکردن.

بە گوتەی ئەوانەی لە هەڵمەتی چۆڵکردن و تێکدانی گوندەکاندا بەشدارییان کردووە، هێزەکانی یەپەگە لەو هەڵمەتەدا بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ئەسەد کاریان کردووە.

یەکێک لەوانەی لە ڕاپۆرتەکەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە، گەریلایەکی پێشووی پەکەکەیە بە ناوی خوازراوی موهار کە لەساڵی 2013 لەگەڵ 50 کەسی دیکە بەرەو باکووری سووریا جووڵەیان پێدەکرێت و دواجار دەگەنە دێرک. وەک خۆی باسی دەکات، لە ئاب و ئەیلولی 2014 فەرماندەیی دوو هێرشی بۆ سەر گوندەکانی عەرکەشە و سەفانە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا کردووە. پاش دەرکردنی داعش لەو دوو گوندە، یەگەپە 13 گوندی لەو ناوچەیە سووتاندووە.

موهار کە لە ترسی تۆڵەی پەکەکە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (نەیشن)ی گوتووە "ڕێنماییم پێگەیشت کە گوندەکان بسووتێنم. فەرمانم بە هێزەکانم کرد و ئەوانیش گازوایلیان بەسەر خانووەکاندا کرد و ئاگریان تێبەردان".

بە گوتەی موهار، تەمەن 26 ساڵ، یەپەگە و سوپای سووریا بۆ تۆپبارانکردنی گوندەکانیش هاوکار بوون، چونکە ئەوان (سوپای سووریا) تانک و سەربازیان دەنارد "ئێمە پێماندەگوتن لە کوێی بدەن، ئەوانیش شوێنەکەیان تۆپباران دەکرد". موهار و ژمارەیەک فەرماندەی دیکە باس لە وەرگرتنی چەکی قورس، لەوانەش تانک لە ڕژێمی سووریا دەکەن. موهار خۆی لە حەسەکە دوو تانکی لە هێزەکانی ڕژێم وەرگرتبوو.

سەبارەت بە سەرچاوەی بڕیارەکانی یەپەگە، موهار ئاشکرای کردووە کە بڕیارەکان لە سەرکردایەتی پەکەکەوە دەهاتن و هیچ کەسێک لە نێو یەپەگە بۆی نەبوو بڕیار بدات، لە نێویشیاندا ئاماژە بە باهۆز ئەردال و موراد قەرەیلان دەکات. بە گوتەی کۆنە گەریلاکەی پەکەکە بۆ گۆڤارەکە "قەرەیلان خۆی بڕیاری دا شارۆچکەی تەل براک لە باکووری سووریا وێران بکەن، بە جۆرێک تەنانەت مریشکیش لەو گوندە بە زیندوویی دەرنەچێت".

### قاسم سلێمانی و پەیەگە - پەکەکە

مەحمود ناسر، بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی سووریا لە حەسەکە، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە لە ئاداری 2011 (واتە لە سەروبەندی سەرهەڵدانەکانی سووریا) سەرکردەکانی پەکەکە لەگەڵ دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی سووریا کۆبوونەتەوە، تێیدا ئەرکی سەرکوتکردنی نارەزاییەتییەکانی پارێزگای حەسەکە خراوەتە ئەستۆی پەکەکە. بە گوتەی مەحمود ناسر "پەیامەکە بۆ پەکەکە ئەوە بوو: ئێمە ئێوە (لقی سووریای پەکەکە)مان دامەزراند، ئێمە لە 1983ەوە پشتگیری لە ئێوە دەکەین، ئێستاش نۆبەی ئێوەیە شتێک بۆ ئێمە بکەن".

**بەرپرسێکی پێشووی هەواڵگریی سووریا:**

- **ئەرکی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی حەسەکە بە پەکەکە سپێردرا**
- **ڕێنمایییمان بۆ هات بەرامبەر تیرۆرەکانی پەکەکە بێدەنگ بین**

بەرپرسەکەی پێشووی هەواڵگریی حەسەکە ئاشکراشی دەکات کە گرووپە کوردییەکە لە وەڵامی ئەم داوایەدا ئیدارەیەکی مەدەنییان دامەزراند، نیوەی داهاتی نەوتی ناوچەکەشیان بۆ خۆیان دەبرد و چەک و تەقەمەنییان لە هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی سووریا وەردەگرت.

بە گوێرەی قسەکانی ناسر، قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەوەی دیمەشق و پەکەکە هەماهەنگیی بکەن. ڕاپۆرتەکە لەسەر زاری ناسر ئاماژە بە کۆبوونەوەیەک لە پایزی 2011 دەکات کە لە سلێمانی بەڕێوەچووە، لەو کۆبوونەوەیەدا قاسم سولەیمانی ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پەیەدە، بتوانێت لە عێراقەوە بگەڕێتەوە سووریا. ئەوکات موسلیم فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی سووریاوە بۆ دەرچووبوو.

لە دوای ئەو هەوڵانە، حکومەتی سووریا ژمارەیەک شار و شارۆچکەی ڕادەستی پەیەدە کرد، ڕێگەشی بە هێزەکانیان دا خاڵی پشکنین دابنێن. لە شوباتی 2012 حکومەتی سووریا بڕیاری دا ڕێگە بە هێزەکانی پەیەدە بدرێت بەبێ هیچ بەربەستێک ناوچەکانی حەسەکە بپارێزن.

### جێبەجێکردنی بەڵێنەکان

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە چیرۆکی یەپەگە "چیرۆکی دەسەڵاتێکی ئیدارییە، سەرکردە سیاسییە نەیارەکانی دەستگیر دەکات، ئەشکەنجەیان دەدات و دەریاندەکات، میدیای سەربەخۆ سەرکوت دەکات و هەڕەشەی کوشتن لە پەیامنێرەکانیان دەکات، بە زەبری چەک خەڵک لە ڕیزەکانی خۆیدا ناونووس دەکات. بەشێوەیەکی سیستەماتیک خەڵکی لە ناوچەکانیان دەرکردووە و هەوڵی بە کوردیکردنی شارۆچکە عەرەبییەکان دەدات".

قۆناغی دوای کۆبوونەوەکانی دیمەشق و سلێمانی قۆناغی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بووە. بەپێی (نەیشن) لەو قۆناغەدا مەشعەل تەمۆ، سەرۆکی ڕەوتی ئایندە، کەسایەتییە سیاسییە کوردەکانی دیکەی دژی ئەسەد، بوونە ئامانجی هێرشی پەیەدە. تەمۆ کە نزیکترین کەسایەتیی سیاسی نزیک لە خۆپیشاندەرانی کورد بوو، لە تشرینی یەکەمی 2011 تیرۆر کرا.

ئیبراهیم حوسێن، دادوەری پێشوو لە حەسەکە، دەڵێت لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر لە نارازییەکانی حکومەت دیار نەمان، هەندێکیشیان دەستگیرکران و دوورخرانەوە.

جوان ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوچەکە، لە کۆتایی 2013 ڕایگەیاند "5100 کەسمان لە تاوانباران و قاچاخچییەکانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کردووە".

مەحمود ناسر دەڵێت "ئێمە ڕێنماییمان بۆ هاتبوو کە ئەگەر پەکەکە کەسێکی تیرۆر کرد، خۆمان لە مەسەلەکە نەگەیەنین. هەر بۆیە ئەو هەموو چالاکڤانە تیرۆرکران و ئێمە هیچ بەدواداچوونێکمان بۆ نەکردن".

ڕاپۆرتەکەی (نەیشن) دەڵێت زۆرترین هێرشەکانی پەیەدە بۆ سەر نارازییەکان لە مانگی حوزەیرانی 2013دا بووە، کاتێک هێزە ئەمنییەکانی یەپەگە تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی شاری عامودە کرد و تێیدا سێ کەس کوژران. خۆپیشاندەران داوای ئازادکردنی چالاکڤانانی دژی ڕژێمیان دەکرد، بەڵام پەیەدە لە وەڵامی ئەم داوایەدا "100 کەسی دیکەشی دەستگیر کرد و بارەگای هەموو پارتەکانی دیکەی لە شارەکەدا داخست".

### پەیەدە، حکومەتی سووریا و داعش

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی گۆڤارە ئەمریکییەکە "چۆڵکردن و وێرانکردنی گوندەکان لە سەرەتای 2014ەوە دەستی پێکرد، ئەمەش دوای کۆمەڵێک هەنگاو کە پێدەچێت بە هەماهەنگیی نێوان یەپەگە، داعش و ڕژێمی ئەسەد بووبێت، بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووریا لە ناوچە و شارە سنوورییە گرنگەکان دووربخەنەوە".

ڕاپۆرتەکەی نەیشن دەڵێت لە چەندین حاڵەتدا یەپەگە هێزی سەربازی و چەکی پێویستی بۆ دەرکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچەکان نەبووە، بەڵام "چەکدارانی داعش بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان دەکرد و ناوچەکانیان دەگرت و دواتر بەبێ شەڕ و پێکدادان بۆ یەپەگەیان جێدەهێشت".

ڕاپۆرتەکە نموونەی شاری تەلحەمیس لە باشووری قامیشلو دەهێنێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە چەکدارانی سەر بە لیوای 313 بە پاڵپشتی ئەحرار ئەلشام لە شوباتی 2013 توانییان لەم شارەدا شکست بە هێزەکانی حکومەت بهێنن، یەپەگەش توانای ئەوەی نەبوو ئەم شارە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بسەنێتەوە.

بەگوێرەی ناسر و ژمارەیەک سەرچاوەی دیکە، لە کۆتایی 2013دا 100 ئۆتۆمبێلی جەنگیی پڕ لە چەکداری داعش بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ڕۆژهەڵاتی سووریاوە ڕوویان لەم شارە کرد و دوو لیوای ئۆپۆزیسیۆنی سووریایان تێکشکاند. بە گوتەی ناسر، لە شوباتی 2015 دا چەکدارانی داعش هەتا 20 میل بەرەو باشووری تەلحەمیس پاشەکشەیان کرد و شارەکەیان بەبێ تەقە ڕادەستی یەپەگە کرد. بەگوێرەی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی سووریا، لەو کاتەدا یەپەگە دەستی بە وێرانکردنی خانووی عەرەبەکان کردووە.

بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا ئامادە نەبوون لێدوانی فەرمی بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکە بدەن. گوتەبێژێکی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکاش ڕایگەیاندووە، ئاگایان لە هەڵمەتی دەرکردنی خەڵک لە لایەنە یەپەگەوە لە ناوچەکانیان نییە.

### ڕووداوەکانی کۆبانێ و دواتر

لە پایزی 2014 دا چەکدارانی داعش ڕووی هێرشەکانیان کردە سەر کۆبانێ. پاش یەک مانگ جەنگی قورس، شەڕڤانانی یەپەگە بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا توانییان شارەکە ڕزگار بکەن. بەگوێرەی گۆڤارە ئەمریکییەکە، خەڵکی ناوچەکە چیرۆکێکی جیاواز لەوە دەگێڕنەوە کە یەپەگە لە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئەم شارە هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدا.

ئیبراهیم حەسەن بە (نەیشن)ی ڕاگەیاندووە "دوژمنایەتی یەپەگە و داعش هەتا نیوەڕاستی 2014 تەنیا بە ڕواڵەت بوو". بە گوتەی ئەو، یەپەگە ڕێک بەر لەوەی بگاتە گوندەکانی دەوروبەری کۆبانێ، بە خەڵکی گوندەکانی دەگوت کە داعش هێرش دەکات، کاتێکیش خەڵکی ناوچەکان دەیانویست بەرگری بکەن "تفەنگیان لەسەر ڕادەگرتن کە دەبێ شوێنەکە چۆڵ بکەن". بەر لە هێرشەکانی داعش، ژمارەی دانیشتووانی کۆبانێ نزیکەی 400 هەزار کەس بوو، بەڵام ئامارەکانی دوای جەنگەکە ئاماژە بە 200 هەزار دانیشتوو لە کۆبانێ دەکەن. حەسەن کە ئێستا لە تورکیا دەژی، دەپرسێت "ئەو 200 هەزارەی دیکە لە کوێن".

عەبدولسەلام ئەحمەد، گوتەبێژی پەیەدە ئەم ڕەخنەیە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەمانە شایانی وەڵامدانەوە نین". گوتەبێژەکەی پەیەدە ڕەخنەگرەکانی پارتەکەی بە هاوکاری دەزگای هەواڵگریی تورکیا لە قەڵەم دەدات و دەڵێت "ئەوان دەیانەوێت وێنەی ئەو پاڵەوانێتییە بشێوێنن کە یەپەگە تۆماری کردووە".

**بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی:**

**هەرێمەکەی یەپەگە وردە دەوڵەتێکی تۆتالیتارییە**

ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێت هیچ بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادە نەبووە وەڵامی هیچ پرسیارێک لەسەر ئەو هەنگاوانەی پەیەدە و یەپەگە بداتەوە. بەڵام بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی (کە ناوی ئاشکرا نەکراوە)، لە کاتی وەسفکردنی هەرێمەکەی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگەدا گوتوویەتی ئەم هەرێمە "وردە دەوڵەتێکی تۆتالیتارییە".



(فۆتۆ: AFP)

# زانزێبار... ئەو وڵاتەی بەدەستی خۆی سەربەخۆیی لەدەستدا

ئەیوب نووری
رووداو- زانزێبار

لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا دوورگەیەکی بچووک هەیە بەناوی زانزێبار. وڵاتێکی زۆر بچووکە و دەتوانین 31 زانزێبار لەهەرێمی کوردستاندا جێ بکەینەوە. دانیشتووانەکەی تەنیا یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەسن.

زانزێبار کەشوهەوایەکی گەرمی هەیە، زۆربەی کات ئاسمانی ساف و ساماڵە. لەبەر گەرمیی کەشوهەواکەی میوەو درەختی جۆراوجۆری لێ دەڕوێت. خەڵکی گوندنشینی دوورگەکە لەژێر سێبەری کەپرەکانیاندا، مۆز، ئاناناس، مانگۆ، لیمۆ و پرتەقاڵی تازەیان هەڵچنیوە بۆ فرۆشتن. میوەکانیان زۆر بەتام و ئاودار و هەرزانیشن. هەروەها لەبەرئەوەی ئاوی دەریای سوێر چواردەوری زانزێباری گرتووە، چەندین جۆر خۆراکی دەریایی وەک ڕۆبیان، ئەختەبووت، ماسی لە چێشتخانەکانیاندا هەیە بەتام و ڕەنگی جیاوازەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە زانزێبار بە دوورگەی بەهارات ناسراوە. چەندین کێڵگەی زەنجەفیل، دارچین، بیبەری توند و ئاڵەت، ڤانیلا و مێخەک لە سەرتاسەری دوورگەکە هەن.

ئەم دوورگە جوان و دڵگیرە وڵاتێکی سەربەخۆ نییە. هەرێمێکی ئۆتۆنۆمییە و سەر بە تانزانیایە. زانزێبار ڕۆژێ لە ڕۆژان سەربەخۆ بوو، بەڵام بەدەستی خۆی وازی لە سەربەخۆیی هێنا و خۆی کردە بەشێک لە تانزانیا.

ئێوارەیەکی درەنگ، کەمێک پێش خۆرئاوا بوون، بە بەلەمێکی گەورە گەیشتینە بەندەری سەرەکیی زانزێبار. هەر کە بە پەیژەی بەلەمەکەدا دێیتە خوارەوە، هەست دەکەی لە وڵاتێکی جیاوازی لەچاو تانزانیا. پێش ئەوەی بگەیتە نێو شار، کەسێک بانگت دەکات و داوای پاسپۆرتت لێدەکات، مۆرێکی زانزێبار لە پاسپۆرتەکەت دەدا. هەرچەندە بەشێکە لە تانزانیا، بەڵام بۆ ئەوەی جیاوازبوونی خۆی بسەلمێنێ، حکومەتی زانزێبار مۆری خۆی لە پاسپۆرتی هەموو گەشتیارێک دەدات.

زانزێبار لەدێر زەمانەوە پەیوەندییەکی کولتووری و سیاسی و ئاینی لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی هەیە. جلوبەرگی زۆر لە دانیشتووانەکەی، بە ژن و پیاوەوە لە عەرەبەکان دەچێ، هەرچەندە بە ڕەنگ ڕەشپێستی ئەفریقین. بە زمانی کیسواحیلی قسە دەکەن کە پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و 98%ی دانیشتووانەکەی موسوڵمانن. هەر ناوی زانزێبار خۆیشی لە وشەی زەنجییەوە هاتووە کە بە عەرەبی و فارسی واتە ڕەشپێست.

سێ سەد ساڵ لەمەوبەر زانزێبار بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانەکانی عوممان. دوورگەکە بۆ بازرگانی لەگەڵ ئەفریقا ئەوەندە گرنگ بوو کە ساڵی 1830 سەید بن سوولتان، سوڵتانی ئەوکاتی عوممان بەیەکجاری پایتەختی سەڵتەنەتەکەی خۆی لە عومانەوە گواستەوە بۆ زانزێبار.

دوورگەی زانزێبار مێژوویەکی ڕەش و خەمناکی هەیە. ساڵانێکی زۆر بنکەی سەرەکیی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بوو. بازرگانانی عەرەب بۆ کڕینی عاجی فیل و کەرکەدەن دەچوونە ناو دەشت و جەنگەڵەکانی ئەفریقا، بەڵام لەوسەریشەوە بە زەبری چەک و چەقۆ و شمشێر خەڵکی ڕەش و ڕووتی گوندەکانی ئەفریقایان دەگرت و کۆت و زنجیریان لە مل دەکردن و دەیانهێنان لە زانزێبار دەیانفرۆشتن.

زانزێبار تەنیا شوێنی بازرگانانی عەرەب نەبوو. لە چین و هیندستانیشەوە بە بەلەم بۆی دەهاتن و بازرگانیی بەهارات و عاج و کۆیلەیان دەکرد، بەڵام هەمیشە چینی دەسەڵاتدار و خاوەنپارە عەرەبەکان بوون کە مۆرکی خۆیان بەسەر سیاسەت و حکومەت و ئابووریی ئەم دوورگەیەدا هەتا ئەمڕۆش بەجێهێشتووە.

کاتێک بەنێو کوچە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی زانزێباردا ڕێ دەکەی، هەموو پەنجەرە و دەرگایەک چیرۆکێکی خۆی هەیە.



زانزێبارییەکان خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن (فۆتۆ: رووداو)

هەندێ لەسەر شێوازی هیندی دروستکراون، هەندێکیان بەستایلی چینی و هەندێکیش بە ئەفریقی و عەرەبی. پەرستگای هیندۆس و مزگەوتی موسوڵمانان و کڵێسای مەسیحی لە نزیک یەک دروستکراون. دەمێک گوێت لە دەنگی بانگە و ساتێکیش لە زەنگی کڵێسا.

زانزێبار لەژێر فەرمانڕەوایی عەرەبەکان و چاودێریی بەریتانیادا مایەوە هەتا ساڵی 1963، ئەو ساڵانە بەریتانیا سەربەخۆیی بەخشی بۆ کۆمەڵێ وڵاتی ئەفریقی، لەوانەش زانزێبار، دەسەڵاتدارانی ئەوێ دەوڵەتێکی سەڵتەنەتیان بۆ خۆیان دامەزراند و کابرایەکیان بەناوی جەمشید بن عەبدوڵڵا کردە سوڵتان.

تەمەنی سەربەخۆیی زانزێبار کەم بوو. یەک مانگ دوای سەربەخۆیی، چەند هەزار کەسێک کە بە خۆیان دەگوت شۆڕشگێڕانی ئەفریقی، هێرشیان کردە سەر بنکەکانی پۆلیس و دامودەزگای و دەوڵەت و حکومەتەکەی سوڵتان جەمشیدیان لەسەرکار لابرد. لە ڕۆژانی دوای شۆڕشدا، چەندین هەزار کەسی مەدەنی کۆمەڵکوژکران کە زۆربەیان عەرەب بوون. شۆڕشگێڕەکان دەیانگوت ئێمە خەڵکی ڕەسەنی ئەم دوورگەیەین کەچی عەرەب و ئاسیاییەکان هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابوورییان بۆ خۆیان پاوان کردووە. لەبەرئەوە مافی خۆمان وەک خەڵکی ڕەشپێست دەستێنین. کەسێکیشیان بەناوی عەبد کەرۆمێ کردە سەرۆک و ناوی وڵاتیان لە سەڵتەنەتی زانزێبارەوە گۆڕی بۆ حکومەتی شۆڕشگێڕی زانزێبار.

هەرچەندە گومان هەبوو کە شۆڕشگێڕەکان مارکسین و زانزێبار دەکەنە دوورگەیەکی داخراوی چەپڕەوی سەر بە سۆڤیەت وەکو کووبا، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت بەریتانیا و ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بە شۆڕشەکە نەبوو جگە لەوەی کەشتییان نارد و هاووڵاتیانی خۆیان لەو دوورگەیە دوورخستەوە.

دەکرێ هەندێجار شۆڕشێک ژیانی خەڵکی وڵات بگۆڕێت و باشتری بکات، بەڵام بەقسەی خەڵکی زانزێبار، ئەو شۆڕشە لەبەرژەوەندیی ئەوان نەبوو. نەک ژیانیان نەگۆڕا، بەڵکو هەر بەهەژاری مانەوە. هۆکارەکەی ئەوە بوو کە تەنیا سێ مانگ دوای شۆڕش، سەرۆکە نوێیەکەیان لەگەڵ حکومەتی تەنگانیکا کەوتە گفتوگۆ و ڕازی بوو کە زانزێبار لە وڵاتێکی سەربەخۆوە بکاتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی. بەوشێوەیە تەنگانیکا و زانزێبار یەکیانگرت و ئەو وڵاتە دروست بوو کە ئەمڕۆ پێیدەڵێن تانزانیا.

ئێستا خەڵکی زانزێبار باوەڕیان وایە کە سەرۆکی ئەوکاتەیان کەسێکی یان خائین بووە یان نەزان و گەمژە کە بەدەستی خۆی سەربەخۆیی وڵاتی داوەتە وڵاتێکی دیکە.

خەیری، شۆفێری ئەو تاکسییەی دەمانگوازێتەوە، خەفەت بۆ ڕابردووی وڵاتەکەی دەخوات و دەڵێت "سەرۆکەکەی ئێمە کەسێکی نەخوێندەوار بوو، سەرۆکی تەنگانیکاش وریا و شارەزا. پێیگوتبوو ئێوە دوورگەیەکی بچووک و هەژارن، بە تەنیا ناتوانن بژین و ئەگەر هێرشتان بکرێتە سەر کەس نییە پارێزگاریتان لێ بکات. بۆیە باشتر وایە ببنە بەشێک لە وڵاتەکەی من. ئەمیش هەڵخەڵەتاو گوتی باش".

زۆر کەسی دیکەی دوورگەکە وەکو خەیری بیردەکەنەوە. ئەوان دەڵێن ئەگەر سەربەخۆ بن، بەو هەموو گەشتیارەی لەبەر خۆشیی کەشوهەوا و سامانی سروشتی و ناوبانگی دوورگەکەیان ڕوو لەوێ دەکەن، دەتوانن بە ئاسوودەیی بژین.

بەلەمەوانێک لە دوورگەکە گوتی "تانزانیا بەو گەورەیی و دەوڵەمەندییەی خۆیەوە بەردەوام داوای پارە لەم دوورگەیەی ئێمە دەکات". گوتیشی "خەونی هەموو زانزێبارییەکە کە ڕۆژێ لەڕۆژان ببینەوە بە خاوەن دەوڵەتی خۆمان".

حکومەتی ناوەندیی تانزانیا زۆرباش ئاگاداری خواستی خەڵکی زانزێبارە بۆ سەربەخۆیی، بەڵام بەهەموو شێوەیەک دژایەتی ئەم خواستە دەکات و ئامادە نییە گوێ لە باس و خواسی جیابوونەوە بگرێت، بەڵام بەربەستەکان هەرچەند زۆر بن، خەڵکی زانزێبار بەردەوام لە ژێر سێبەری درەختە بەرزەکانیاندا و لەبەردەم شنەبای کەنارەکاندا، خەون بە جیابوونەوە دەبینن لەو وڵاتەی کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک دەریا پێکەوەی بەستوونەتەوە.

## دەڵێن حکومەتی ئیتاڵیا فێڵی لێکردووین

# قوتابیانی کورد لە ئیتاڵیا پارە و ڕەنجی حکومەتی هەرێم بەبا دەدەن



37 قوتابیی کورد چوارساڵە لە ئیتاڵیان دەڵێن نە پیشەیەک فێربوون نە زمان (فۆتۆ: رووداو)

شوان سدیق
رووداو- ڕۆما

هێڤار و هاوڕێکانی کاتێک ماڵئاواییان لە خێزانەکانیان کرد و بەرەو ئیتاڵیا سەفەریان کرد، وا بڕیار بوو فێری پیشەیەک ببن و دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، بژێویی خۆیان و خێزانەکانیانی پێ دابین بکەن، بەڵام دوای چوار ساڵ لە خەرجکردنی پارە، خەریکە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە.

ئەم قوتابیانە ماوەی چوار ساڵە لە کوردستانەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای زانستییان ڕوویان لە ئیتاڵیا کردووە، بەڵام ڕەخنە لەو پرۆژەیە دەگرن کە حکومەت ئەوانی پێ ناردە ئیتاڵیا و پێیانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبوو لە ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوە، چونکە دەڵێن ئەو بەڵێنانەی لە کوردستان پێیاندرا، لە ئیتاڵیا جێبەجێ نەکرا.

ئەو قوتابیانە دەڵێن بەرلەوەی بێنە ئیتاڵیا، پێیانگوتراوە کە پێکەوە دەبن و دەتوانن ئارەزوومەندانە ئەو بەشەی حەزیان لێیە بیخوێنن، بەڵام دەڵێن "بە میزاجی کاربەدەستانی حکومەتی ئیتاڵیا" بەشەکانیان بۆ دیاری کراوە.

هێڤار جەبار کە یەکێکە لەو قوتابیانە، بە (رووداو)ی گوت "لە کوردستان پێیانگوتین لە ئیتاڵیا حەوت بەش هەیە کە گەیشتن، دەتوانن ئازادانە بەشی خۆتان هەڵبژێرن و بخوێنن، چونکە ئێوە لە قۆناغی سێی ناوەندی دێن، بەڵام کە هاتینە ئەم وڵاتە هەموو شت بە پێچەوانە بوو، فێڵیان لێکردین و بە میزاجی خۆیان دابەشیان کردین بەسەر بەشی کشتوکاڵ و دارتاشی و گەشتوگوزاردا".

هێڤار لە کوردستان، ئارەزووی هەبووە لە بەشی میکانیکی بخوێنێ، کەچی ئێستا بەنابەدڵی لە بەشی دارتاشی دەخوێنێت، ئەو گوتی "کەسمان لێرە وەک پێویست فێری پیشەیەک نەبووین و زمانیشمان باش نییە، چونکە پێویستیەکانی فێربوون زۆر کەمن و بەشەکانیشمان ئارەزوومەندانە نەبوو".

ئەو قوتابیانە کە ژمارەیان 37 کەسە، لە کوردستان تەنیا تا پۆلی سێی ناوەندییان خوێندووە، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا هێنراونەتە ئیتاڵیا کە ماوەی پێنج ساڵە، ئێستا کە چوارەم ساڵی خوێندنیانە نە پیشەیەک فێربوون و نە زمان.

ئەم کۆمەڵە قوتابییە لە نزیک شاری کۆسێنزای سەر بە هەرێمی کالابریای ئیتاڵیا نیشتەجێن. دابەشکراون بەسەر سێ گرووپدا. بەشی گەشتوگوزار لە شارۆچکەکانی دیامەنتێ. هەروەها بەشی دارتاشی لە سەنتاگاتا و بەشی کشتوکاڵیش لە شیلیانۆ نیشتەجێن.

ئەم قوتابیانە لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو گرێبەستەی لە نێوان وەزارەت و کۆمپانیای ئیسکاپ ISCAPIی ئیتاڵی کراوە، نێردراون بۆ فێربوون. بەپێی گرێبەستەکە، شوێنی حەوانەوە و دابینکردنی خزمەتگوزارییان لە ئەستۆی حکومەتی ئیتاڵیایە، بەڵام خەرجیی هاتوچۆیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەروەها دەبێت ساڵانە 1000 یۆریۆ بدرێتە هەر قوتابییەک بۆ گەشتی زانستی و 350 یۆرۆش بۆ بیمەی تەندروستی. ئێستا ئەو قوتابیانە دەڵێن حکومەتی ئیتاڵیا غەدری لێکردوون.

ئازاد سەباح کە لە بەشی کشتوکاڵ دەخوێنێت، بە (رووداو)ی گوت "لە کوردستان پێیانگوتین ئێوە پێکەوە دەبن، بەڵام کە گەیشتینە ئێرە بەبێ ویستی خۆمان بەسەر سێ گرووپدا بەشیان کردین و هەر گرووپێکیشیان لە شارێک دانا، هەڵبژاردنی گرووپەکە و شوێنەکان هیچیان بە ئارەزووی خۆمان نەبوو".

ئازاد و هاوڕێکانی سەرەتا تەنیا کێشەی هەڵبژاردنی بەشەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبووە، ئێستا گرفتی کەمیی خزمەتگوزاریشیان هەیە. ئازاد دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی پارەیەکی زۆرمان بۆ خەرج دەکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیاشەوە، کەچی خزمەتگوزارییەکان ساڵ بە ساڵ خراپتر دەبن، تاوەکو ئێستا دەرماڵەمان بۆ خەرج نەکراوە".

ئەو دەڵێت، بەهۆی سیستمی خوێندنەوە، خۆی و هاوڕێکانی فێری زمان و ئەو پسپۆڕییەش نەبوون کە دەیخوێنن.

ئازاد دەڵێت پەلەیانە خوێندنەکەیان تەواو بکەن و بگەڕێنەوە کوردستان. ئەو گوتی "لەڕووی دەروونییەوە هیچ ئاسوودە نین، چونکە چەند ساڵە لێرەین، شتێکی ئەوتۆ فێرنەکراوین، وا هەست دەکەین ئەو چەند ساڵەمان لە ئیتاڵیا بەفیڕۆچووە".

ئەو 37 قوتابییە سەرپەرشتیارێکیان هەیە، بەڵام نایەوێ هیچ لەبارەی ڕەوشی قوتابییەکانەوە بڵێت و دەڵێت با لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون بۆ قسەی قوتابییەکان بکەن و لە دواڕۆژیان بپرسن.

### سەنعەتکار بە تەمای دامەزراندنە

ئەو 37 قوتابییەی قۆناغی ناوەندی کە چوار ساڵ لەمەوبەر بەپێی پرۆپۆزەڵێکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا، نێردراون بۆ ئەو وڵاتە. ئێستا قوتابیی قۆناغی چوارن و ساڵی داهاتوو دوا قۆناغی خوێندنیانە. ئەوان هەر لە ئێستاوە نیگەرانی ئەوکاتەن کە دەگەڕێنەوە کوردستان. هەرچەندە ئەو قوتابیانە کە دەردەچن بڕوانامە لە بارەی پیشەیەک وەردەگرن و دەبنە پیشەوەر، کەچی هەر لە ئێستاوە چاویان لەوەیە حکومەت دایانبمەزرێنێ.

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 445 ) - دووشەممە 2017/2/13



## ئیماراتییەکان لە کەرکووک وەبەرهێنان دەکەن

ڕووداو- کەرکووک

وەبەرهێنەرێکی ئیماراتی، زیاتر لە ملیارێک دۆلاری لە سێ پرۆژە لە کەرکووک بەگەڕخستووە. لەماوەی سێ مانگی ڕابردووشدا 140 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوەتە وەبەرهێنەران کە 80 وەبەرهێنەریان بیانین. فارس ڕەفیق کە سەرمایەدارێکی ئیماراتییە، بڕیاری دا سەرمایەی گرووپەکەی کە ملیارێک و 300 ملیۆن دۆلار بوو، لە سێ پرۆژەی وەبەرهێنان لە شاری کەرکووک بخاتەگەڕ. ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە گرووپێکی ئیماراتین، دوای بەدواداچوونێکی زۆر، بۆمان دەرکەوت ڕەوشی ئێستا کەرکووک بەراود بە چەند ساڵی ڕابردوو ئارامە و گونجاوە بۆ کاری وەبەرهێنان، بۆیە سەرمایەکانمان لێرە خستەکار".

### بزنی کێوی لە بزنی مەرەز و مالیزی بەرهەمدێنێ

# ئاژەڵدارێک ڕێگەیەکی نوێ بۆ پاراستنی بزنی کێوی دەدۆزێتەوە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

ئاژەڵدارێکی خەڵکی هەولێر بەهۆی لێکدانی نێرەی بزنەکێوی لەگەڵا بزنی مەرەز و مالیزی، توانیویەتی نەوەیەکی تازە لەڕووی شێوە و تایبەتمەندی، لە بزنی کێوی بەرهەم بهێنێ کە بەهۆی جوانییەکەی، نرخی پێنج هێندەی بزنی مەرەز و مالیزییە.

تایبەتمەندیی ئەو بزنە لێکدراوە ئەوەیە کە هاوشێوەی بزنی کێوی گورج و گۆڵە، جوانییەکی زۆری هەیە، کەمخۆرە و بەرگەی سەرما و نەخۆشی دەگرێت. لە وەچەخستنەوەش لە بزنی ئاسایی باشترە و ڕێژەی بەرهاویشتنی کەمە، 70%ی سکەکانیشی دووانەیە.

سەلمان بیرۆکەیی، ئاژەڵدارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، ماوەی 15 ساڵە لە لێکدانی نێری بزنە کێوی و بزنی مەرەز و مالیزی بەردەوامە، ئێستا 360 بزن و نێریی لێکدراوی هەیە. سەلمان دەڵێت "دوو نێری کێویم دەستکەوت کە یەکێکیان بزنی ناوچەی بارزان بوو، ئەوەی دیکەی ئەورووپی بوو، لەگەڵ بزنی مەرەز لێکمدان".

لەئەنجامی لێکدانی بەردەوام و هەڵبژاردن و هێشتنەوەی نەوە باشەکان، ئێستا سەلمان بزنی وای بەرهەمهێناوە کە بە هیچ جۆرێک لە بزنی کێوی جیاناکرێتەوە. سەلمان دەڵێت "لە ئەنجامی ئەو لێکدانە بزنی وام دەستکەوتووە زۆر لە بزنە کێویش جوانترە".

لێکدانی دوو ڕەچەڵەکی جیاوازی ئاژەڵ کە سەر بەیەک خێزانن، بە یەکێک لە ڕێگە زانستییە پەیڕەوکراوەکان دادەنرێت، ئامانجیش لێی ئاڵوگۆڕی تایبەتمەندییە باشەکان و دەرکەوتنی جۆرێکی تازەی ئاژەڵە بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە.

بەپێی توێژینەوەکان لێکدانی نێرەی ئاژەڵێکی ڕەچەڵەک جیاواز لەگەڵ مێیەی ئاژەڵێک کە سەر بە هەمان خێزان بن، لە لێکدراوی یەکەم نەوەکەیان 50% تایبەتمەندیی باوان وەردەگرێت، ئەگەر جاری دووەم



بزنە کێویەکە کەمخۆرە، بەرگەی سەرما و نەخۆشی دەگرێت و 70%ی سکەکانی دووانەیە

نەوەکە لە نێرییەکە بدرێتەوە دەبێتە 75% و لەجاری سێیەم دەگاتە 87% و لە جاری چوارەمدا نەوەکە 93%ی تایبەتمەندیی نێرییەکە وەردەگرێت، هەندێکجاریش نەوەیەک دەردەکەوێت لەڕووی تایبەتمەندییەوە لە باوانەکەی باشتر دەبێت.

سەلمان بیرۆکەیی دەڵێت "بەهۆی سێیەم لێکدانی بزنی مەرەز لەگەڵ نێریی کێوی، کاریلەیەکی زۆر جوان بەرهەم دێت. بەڵام لە سێیەم لێکدانی نێریی کێوی و بزنی مالیزی، کاریلەیەکی وا بەرهەم دێت کە شێوە و تایبەتمەندییەکانی ئەوەندە لە بزنی کێوی نزیکە، ئەگەر زۆر شارەزا نەبیت، ناتوانیت لێکیان جیابکەیتەوە". گوتیشی "لە حاڵەتی ئەو جۆرە لێکدانانە لە 100 بزنی مەرەز، 60%یان کێوی دەردەچن، بەڵام لە بزنی مالیزی 90%یان کێوی دەردەچن".

بزنی مەرەز زێدی ڕەسەنی کوردستانە، زیاتر لەناوچە کوێستانییەکانی وەک هەورامان، ڕانیە و قەڵادزێ، گوندەکانی خۆشناوەتی، مێرگەسۆر، زاخۆ، ئاکرێ و هەندێ ناوچەی دیکەی کوردستان بەخێودەکرێ.

بزنی مەرەز بە بەراورد بە بزنی ئاسایی قەبارەی بچووکە. کێشی لەنێوان (30 بۆ 35 ) کیلۆگرامە. بەخێوکردنی زۆر ئابووری نییە بۆ گۆشت، بەڵام خاوەنی موویەکی نایابە بۆ دروستکردنی شاڵ.

سەلمان بیرۆکەیی دەڵێت "لێکدانی بزنی مەرەز لەگەڵ نێریی کێوی، زۆر ئابووریانەترە لەوەی لەگەڵ نێری خۆی لێکبدرێ، چونکە

جووتێک بزنی 15 مانگەی مەرەز لە بازاڕ نزیکەی 350 هەزار دینار دەکات، بەڵام یەک بزنی هەمان تەمەنی لێکدراو، ملیۆنێک دینار دەکات، ئەگەریش جوان بێت نرخەکەی دەگاتە زیاتر لە دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لە کوردستان لەسەر بزنی لێکدراوی مەرەز و مالیزی لەگەڵ نێری کێوی هەیە، ماوەی چەند ساڵێکە هەندێک ئاژەڵدار لە کێڵگەکانیان ئەو جۆرە بزنە بۆ مەبەستی بازرگانی بەرهەمدێنن.

مەسعود محەممەد، خاوەنی کێڵگەی زنجیر بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ، ماوەی چوارە ساڵە لە کێڵگەکەی خۆی نێری بزنی کێوی لە بزنی مەرەز و مالیزی دەدات، بەڵام دەڵێت گرفتیان لەگەڵ نێری کێوی هەیە.

مەسعود گوتی "نێری کێوی بەرگەی گەرمای هاوینی هەولێر ناگرێت، ئەگەر کەشێکی فێنکی بۆ نەڕەخسێنی دەمرێت، جگە لەوەش ئەم نێرییە بە سروشتی خۆی تەنیا لەنێوان 15ی تشرینی دووەم و سەرەتای شوبات دەپەرێت، بزنەکانیش لە مانگی 7 و 8 دێنە تەگە، بۆیە تا ئەو کاتە دەبێت بزنەکان ڕابگرین و لەهیچ نێرییەک نزیکی نەکەینەوە. جگە لەوەش بزنەکان شیریان کەمە و تەنیا بەشی بێچووەکانیان دەکات".

بەڵام ئەو ئاژەڵدارە باسی لایەنە باشەکانی ئەو بزنە لێکدراوانە دەکات و دەڵێت "لەئەنجامی لێکدان، کێشی نەوەی بزنەکان 30% زیاد دەکات، گۆشتەکەشی زۆر خۆشترە لەبزنی ئاسایی و بەرگەی گەرما و سەرما و نەخۆشی دەگرێ و زۆر کەمخۆریشە".

گوتیشی: "سوودێکی دیکەی ئەو لێکدانە ئەوەیە ژینگە دەبووژێتەوە، خەڵک چیتر ڕاوی بزنی کێوی ناکات، چونکە دەتوانێ بزنی کێوی بەئاسانی لە بازاڕ بەنرخێکی گونجاو بکڕێت، جا بۆ گۆشتەکەی بێت یان بەخێوکردن".



### پێویستی بە توێژینەوەیە

د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "بۆ ئەوەی ئەم لێکدانانە شێوەیەکی زانستی وەربگرێت و ئەنجامێکی باش بدات، پێویستە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت و چارەسەری گرفتەکانی وەک زۆریی ڕێژی مردن بکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی بەداتا بخرێتەڕوو". هەروەها دەڵێت "ئەگەرچی لێکدانی ئەم ئاژەڵانە خواستی لەسەرە و لەڕووی ئابوورییەوە سوود بەو جوتیارانە دەگەیەنێت، بەڵام پێویستە ئەم لێکدانانە نەبێتە هۆی پشتگوێخستنی بزنی مەرەز، چونکە ئەگەر کارگە هەبێت و سوود لە مووەکەی وەربگیرێت، بەخێوکردنی بزنی مەرەز زۆر ئابووریانەترە لەو بزنە لێکدراوانە".

### بەخێوکردنی بولبول لە ئارەزووەوە دەبێتە بازرگانی

# لە هەولێر نرخی بولبولێک دەگاتە سێ ملیۆن دینار

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بازاڕی کڕین و فرۆشتنی جۆرە بولبولێک لە کوردستان گەرمە. ئەو جۆرە کە بە خورمایی ناسراوە، ماوەی دوو ساڵە لە هەولێر و کەرکووک لە کێبڕکێکاندا پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەستێنێ. بەو هۆیەشەوە نرخی گەیشتووەتە نزیکەی 2500 دۆلار.

هوشیار حەمید عەزیز، خاوەنی پێشەنگایەکی فرۆشتنی بولبولی خورمایی لە شاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەخێوکردنی بولبولی خورمایی لە هەولێر مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام لەو چەند ساڵەی دواییدا بەخێوکردنی لە حەز و ئارەزووەوە بووەتە بازرگانی و خەڵکێکی زۆر بەخێوی دەکەن".

لە پێشەنگاکەی هوشیاردا دەیان قەفەز هەڵواسراون، شێوەی بولبولەکانی نێو قەفەزەکان زۆر لە یەکدی دەچن، بەڵام لە نرخدا جیاوازن، لە 15 هەزار دینارەوە دەستپێدەکەن تاوەکو سێ ملیۆن دینار بۆ یەک بولبول. هوشیار ئەو جیاوازییە بۆ تایبەتمەندیی ئاوازی بولبولەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: "ئەوانەی نرخیان کەمە، کەم دەخوێنن و دەنگیشیان خۆش نییە، بەڵام ئەوانەی دەنگیان خۆشە و زۆر دەخوێنن، نرخەکەیان زۆرە".

هوشیار کە 20 ساڵە بولبول بەخێو دەکات، شارەزاییەکی زۆری لەو جۆرە باڵندەیە پەیدا کردووە و دەڵێت "بولبولم هەیە بە سێ ئاواز دەخوێنێ، نرخەکەی دەگاتە 500 هەزار دینار. بولبولیشم هەیە بە پێنج ئاواز دەخوێنێ و قەت هەڵە ناکات، ئەوەیان نرخەکەی دەگاتە سێ ملیۆن دینار".



وشیار زۆر شەیدای بولبولی دەنگخۆشە و لە هەر شوێنێک بولبولێکی دەنگخۆش ببات دەچێت دەیکڕێت و بۆ ماوەیەکی زۆر پەروەردەی دەکات و دواتریش بە نرخێکی باش دەیفرۆشێتەوە. وشیار گوتی "ئێستا بولبولێک هەیە لە گرووپێکی بەغدا نمایش کراوە، دوو ملیۆن دینارم پێداوە، خاوەنەکەی داوای چوار ملیۆن دینار دەکات. دڵنیام ئەگەر بیکڕم و سێ ساڵ پەروەردەی بکەم، قازانجێکی زۆری لێدەکەم".

هەروەها دەڵێت "زۆرجار بێچووی بولبول دەکڕم کە هیچ ئاوازێک فێر نەبووە، ماوەی سێ مانگ تاوەکو شەش مانگ لەگەڵ ئەو بولبولانە دایاندەنێم کە زۆر باش دەخوێنن، کاتێک گەورە دەبن و فێری خوێندن دەبن، هەر بولبولێک بە 500 — 600 هەزار دینار دەفرۆشمەوە".

ماوەی دوو ساڵە بە چاودێری و سەرپەرشتیی کۆمەڵەی عێراق بۆ باڵندە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق پێشبڕکێ بۆ باشترین بولبولی خورمایی دەکرێت، بەشداربووانی پێشبڕکێکە بەدانانی چەند ڤیدیۆیەکی بولبولەکانیان بەشداری دەکەن و دواتر لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. لە قۆناغی یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگاکان براوەی یەکەم دەستنیشان دەکرێ، دواتر لەسەر ئاستی عێراق براوەکان دەچنە پێشبڕکێ و پێنج بولبول وەکو یەکەمی هەموو عێراق دەستنیشان دەکرێن.

ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو دوو بولبول لە هەولێر و کەرکووک یەکەم بوون و لەسەر ئاستی عێراقیش لە پێنج بولبولەکە بوون.

دێدەوان موحسین مەموندی کە ئەمساڵ بە بولبولێکی بەدراوی بەناوی خەنجەر پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە، بە (ڕووداو)ی گوت "بەدوو بولبول بەناوەکانی خەنجەر و سەقەر بەشداریم کرد، خەنجەر پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەدەست هێنا، لەسەر ئاستی عێراقیش بەیەکێک لە پێنج بولبولە هەرە باشەکانی ئەمساڵ هەڵبژێردرا".

مەموندی باسی تایبەتمەندییەکانی بولبولەکەی کرد و گوتی "خەنجەر بولبولێکی کێوی لە جۆری بەدراوییە، ماوەی چوار مانگە لە قەفەز ماڵی کراوە، هێشتا بە تەواوی ئاوازەکانی دەرنەچووە، بۆیە پەروەردەی دەکەم و بەنیازم چەند بولبولێکیشی لەگەڵ دابنێم بۆ ئەوەی فێری خوێندنیان بکات".

لە کەرکووکیش بولبولی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی هوشیار دووزی ماوەی دوو ساڵە لەسەر یەک، لەسەر ئاستی عێراق بە یەکێک لە باشترین بولبولەکان هەڵدەبژێردرێت. بولبولەکەشی لە جۆری بەدراوییە.

هوشیار دەڵێت "ساڵی ڕابردوو لەسەر ئاستی عێراق دوو بولبول پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا، یەکێکیان ئەوەی من بوو، ئەوەی دیکەشیان لە بەسرا بوو، ئەمساڵیش 5 بولبول لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا، دووبارە بولبولەکەی من یەکێکیان بوو".

شاری کەرکووک، مەڵبەندی سەرەکی بەخێوکردنی باڵندەیە، خەڵک لە شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەستکەوتنی جۆرەها باڵندە ڕووی تێدەکەن.

هوشیار دووزی دەڵێت "لە کەرکووک خەڵکێکی زۆر ئارەزووی بەخێوکردنی بولبول دەکەن و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن، ماوەی چەند ساڵێکیشە شێوازی بازرگانیی وەرگرتووە و نرخیشی بەرزبووەتەوە".

عەممار عەبد عەلی، سەرۆکی بەشی بولبولی ئاوازدار لە کۆمەڵەی عێراق بۆ باڵندە و سەرپەرشتیاری پێشبڕکێکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەمساڵ لەسەر ئاستی عێراق پێنج بولبول پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا، دوو لە بەغدا، یەکێک لە هەولێر، یەکێک لە کەرکووک و ئەوی دیکەشیان لە عەممارە بوو. لەو پێنجەش ویستمان یەکەمی سەر عێراق هەڵبژێرین، بەڵام نەمانتوانی، چونکە ئاوازی هەر بولبولێک تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، بولبولەکانیش لە جۆری جیاواز بوون".

بولبولە خورماییەکانی عێراق لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی دەنگ و ئاوازەوە بە یەکێک لە باشترین بولبولەکان هەژمارکراون، لەڕووی دەنگ و ئاوازیشەوە بولبولی شار و شارۆچکەکان جیاوازییان هەیە، بۆیە بەپێی ناوی ناوچەکان پۆلێن کراون، وەکو بولبولی بەسراوی، بەغدادی، بەدراوی، زاملی و مەندەلاوی.

عەممار دەڵێت "بولبولی عێراقی لەڕووی خوێندن و دەرکردنی ئاوازەوە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی کەنداوی عەرەب و تەنانەت ئێرانیش باشترین بولبولە، تایبەتمەندی و ئاوازی بولبولی هەر ناوچەیەکیش جیاوازە، هەیانە بە چوار ئاواز دەخوێنێ، هەشیانە بە 12 ئاواز، بۆیە لەوڵاتانی کەنداو خواستێکی زۆر لەسەر بولبولی عێراق هەیە".

سەبارەت بەنرخەکانیش، عەممار عەبد گوتی "نرخێکی دیاریکراو بۆ بولبول نییە، نرخەکەی دەوەستێتە سەر کڕیار، بولبول هەیە زۆر باشە بە 500 هەزار دینار فرۆشراوە، هەشە بە سێ ملیۆن دینار (نزیکەی 2500 دۆلار) فرۆشراوە، بەڵام بەتێکڕا بولبولی باش نرخەکەی لەنێوان ملیۆنێک تا ملیۆن و 500 هەزار دینارە".

### بازاڕیان کز بووە

هوشیار حەمید، خاوەنی پێشەنگایەکی فرۆشتنی بولبولی خورمایی لە هەولێر دەڵێت، پێشتر ساڵانە زیاتر لە 1000 بولبولی لە شارەکانی عێراق دەهێنا و لە هەولێر دەیفرۆشتنەوە، بەڵام ئەمساڵ تەنیا 600 بولبولی هێناوە. ئەو دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخی بولبول و فرۆشی هەبووە، ئەو بولبولانەی ئێستا بە 500 تاوەکو 600 هەزار دینار دەیانفرۆشم، پێشتر بە دوو هێندە دەمفرۆشتن، بەڵام بەبەراورد بە باڵندەی دیکە نرخی بولبول زۆر دانەبەزیوە و بازاڕیشی باشە".



# ترەمپ چ زیانێک لە ئاسایشی وزەی ئەوروپا دەدات؟



دەروون ڕەحیم

دەشێ کۆشکی کریملین لە مۆسکۆ لە یەکەمین سوودمەندەکانی ئەو گۆڕانکاریانە بێت کە دۆناڵد ترەمپ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە دابینکردنی ئاسایش و پاڵپشتی بۆ هاوپەیمانەکانی ئەنجامی دەدات. سیاسەتی (ئەمریکا پێش هەمووان) و هەنگاوەکانی ئیدارەی ئەمریکا بۆ کورتکردنەوە و بچووککردنەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە پاڵپشتیکردنی ئاسایشی ئەوروپا کە سەردەمانێکی درێژە ئەمریکییەکان پابەندن بە پاراستنییەوە، باشترین دیارییە بۆ ڕووسیا کە ڕەنگە ببێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی مۆسکۆ لە سیاسەتی ئەوروپادا. کشاندنەوەی پاڵپشتی لە ئاسایشی ئەوروپا، یاخود مەرجدارکردنی ئەو پاڵپشتییە، دەستی ڕووسەکان واڵا دەکات بۆ ئەوەی لە جاران زیاتر، کاریگەری لەسەر ئەوروپا دابنێن.

وزە وەک یەکێک لە هەڕەشە جدییەکانی سەر یەکێتی ئەوروپا، لە لووتکەی ستراتیجی ئاسایشی ئەو یەکێتیەدایە. چونکە ئەوروپییەکان زۆر بە قووڵی پشتیان بە وزەی هاوردەکراو لە ڕووسیاوە بەستووە، بێ ئەوەی هاوبەشێکی بەرچاویان هەبێت بۆ جێگرتنەوەی وزەی ڕووسی و دابینکردنی ئەو بڕە گەورەیەی گاز کە ئەوروپا پێویستی پێیە. ڕووسیای سەردەمی فلادیمیر پوتینیش، گازی سروشتی وەک ئامرازێک بەکارهێناوە و سوودی لەم لاوازیەی ئەوروپا وەرگرتووە بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە ئەوروپا. بە واتایەکی دیکە گازی سروشتی بووەتە کەرەستەیەکی بەرچاو لە گەمەی جیۆپۆلیتیکی پوتین و تێکۆشانی لەپێناو هێزدا.

ئەوروپییەکان و ئەمریکاش زوو درکیان بە مەترسیی ئەم دۆخە لاوازەی یەکێتی ئەوروپا کرد، هەربۆیە لەپێناوی سنووردارکردنی ڕۆڵی ڕووسیا و بەکارهێنانی گازی سروشتی وەک ئامرازێکی بەهێزبوونی پوتین، هەروەها ڕزگارکردنی ئەوروپا لە بارگرانی و مەترسیی پشتبەستن بە گازی سروشتیی ڕووسیا، کەوتنە خۆیان بۆ پەیداکردنی هاوبەشی نوێ و سەرچاوەی وزەی نوێ. بۆ ئەم مەبەستە ستراتیجیەتێکی نوێیان پەیڕەو کرد بەناوی (ڕێڕەوی باشوور)، مەبەست لێی پێکەوە گرێدانی بازاڕەکانی وزەی ئەوروپا بوو لەگەڵ سەرچاوەکانی گازی سروشتی لە قەوقاز و ناوەڕاستی ئاسیا.

ئەمریکییەکان زۆر بە بەهێزی پشتیوانیی بێ مەرجی ئەم هەوڵەی یەکێتی ئەوروپایان کرد، چ لەڕووی دارایی چ لەڕووی سیاسی. بەڵام وا دیارە ئەم پشتیوانیەی ئەمریکای ترەمپ بۆ ئەوروپا هاوشێوەی ئیدارەی ئۆباما نابێت. پاڵپشتیی ئەمریکییەکان یەکجار گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکانی ئەوروپا بۆ جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەی وزە. لەلایەک سنوورێکی بۆ ڕووسەکان دادەنا و وەبەرهێنەرانیشی هاندەدا کە بێ ترس و دوودڵی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی دروستکردنی بۆڕیی گواستنەوەی گازی سروشتی بکەن بۆ ئەوروپا. لەلایەکی دیکەوە، ئەمریکییەکان هۆکاری دڵنیایی و هاندەری وڵاتانی بەرهەمهێنەری گازی سروشتیش بوون لە قەوقاز و ناوەڕاستی ئاسیا، بۆ ئەوەی بێ دوودڵی و سڵەمینەوە لە کاردانەوە و هەڵوێستی ڕووسیا، گازە سروشتییەکەیان بخەنە ناو بۆڕییەکانی ئەوروپاوە.

گۆشەگیرکردنی ئەمریکا و بەکەم سەیرکردنی پاڵپشتی بۆ ئەوروپا، پلانەکانی ئەوروپا بۆ جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی گازی سروشتی تێکدەشکێنێ. هەروەها پشتکردنە ستراتیجی (ڕێڕەوی باشوور) ڕووسەکان دەکاتە دێوێکی بی ڕکابەر لە بازاڕی گازی سروشتیدا و خۆلادان لە مۆسکۆ دەبێتە کارێکی ئەستەم بۆ ئەوروپییەکان.

ڕۆژی دووی شوباتی ئەمساڵ، یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند کە ڕووسیا مەترسییەکی کەمتر دروست دەکات بۆ سەر ئاسایشی وزەی ئەوروپا. لە کاتێکدا هیج گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی وزەی ڕووسیا و هەڵسوکەوتی بەرامبەر ئەوروپا ڕووی نەداوە! کەواتە ئەم هەڵوێستەی ئەوروپاییەکان هیچ نییە جگە لە خۆ ئامادەکردن بۆ سەردەمی ئیدارەی ترمپ، کاردانەوە بەرامبەر سیاسەتە نوێیەکانی ئامریکا و پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتییەکەدا کە نایانەوێت لەم کاتەدا بەریەککەوتنی زیاتر لە نێوان ئەوان و ڕووسەکاندا ڕووبدات. وا دەردەکەوێت کە سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا کاریگەریی خراپی لەسەر ئاسایشی وزەی ئەوروپا داناوە، نەک تەنیا ئەوروپا، بگرە وەبەرهێنەرانیش ئامادە نابن وەبەرهێنان لە پرۆژەیەکدا بکەن پاڵپشتیی سیاسی نەبێت و لەبەردەم ریسکی کێبڕکێی ڕووسەکاندا بێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، چیدی قورس دەبێت بۆ وڵاتانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست کە سەرجەمیان لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانن، وەک جاران بە گوڕوتینەوە بەرەو ئەوروپا بچن. هەرچەندە نزیکەی سێ دەیە دەبێت ئەم وڵاتانە سەربەخۆییان وەرگرتووە بەڵام هێشتا بە ڕۆنی هێز و کاریگەریی مۆسکو دادەنرێن. ڕووسیا دەتوانێت بە ئاسانی کاریگەریان لەسەر دابنێت و بە تەنیا ناتوانن لە دژی بەرژەوەندیی ڕووسیا بوەستنەوە، ئەگەر هێزێکی وەک ئەمریکا پشتیوانییان نەکات.

لە ئەنجامدا، سیاسەتەکانی سەرۆک ترەمپ بەهێزترین و کۆنترین هاوپەیمانی ئەمریکا لەوبەری ئەتلانتیک دەخاتە مەترسییەوە و ترس و بێ هیوایی لای ئەوروپیەکان گەورەتر دەکات. ئەوروپییەکان ناچار دەکات لە پشتبەستن بە گازی سروشتیی ڕووسەکان بەردەوام بن، ئەو بەردەوامبوونەش ئەوروپا لە بەرامبەر ڕووسیا لاواز دەکات. بەرهەمهێنەرانی گازی سروشتیش ناچار دەکات لە خولگەی ڕووسیادا بخولێنەوە و نەتوانن گازی سروشتیی خۆیان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت، بەرەو ئەوروپا بنێرن.

# نەوتی کوردستان..شۆکبوونی کورتبینەکان



د.هاوڕێ مەنسوور بەگ

ساڵی 1965 بلۆکی (یۆهان سڤێدروپ) لە دەریای باکووری نەرویج بەخشرایە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی ئەمەریکی بۆ پشکنین و گەڕان لەدوای نەوت و گاز. کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل کە ئەودەم هێشتان بە ئێکسۆن ناوزەد دەکرا (چونکە لەگەڵ مۆبیل-ی دەستەخوشکی یەکیان نەگرتبوو)، نەوتی نەدۆزییەوە و دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ لە کاری بەردەوام، ساڵی 1971 بلۆکەکەی بۆ حکومەتی نەرویج گەڕاندەوە. نامەوێت سەری خوێنەران بیەشێنم بە چیرۆکی پڕ لە درامای بلۆکی (یۆهان سڤێدروپ) لە دەریای باکووری نەرویج، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 46 ساڵی ڕەبەق بەسەر شکستی ئێکسۆن مۆبیل لە دۆزینەوەی نەوت و دوای ئەوەی هەمان بلۆک بەخشرایە دەیان کۆمپانیای زل و زەبەلاح و چەندین چیرۆکی پارە خەرجکردن و لێدانی بیری وشک، ساڵی 2011 کۆمپانیای (لوندین)ی سویدی کە کۆمپانیایەکی زۆر بچووکە، لە دەریای باکووری نەرویج کار دەکات. دوای ئەوەی زەویناسەکانی (لوندین) لە بیری کلاسیک و چەمکە کۆنەکانی زەویناسی هاتنە دەرێ، توانییان دوو ملیار بەرمیل نەوت لە بلۆکی (یۆهان سڤێدروپ) بدۆزنەوە و جیهانی پیشەسازیی نەوت و گاز تووشی شۆکێکی گەورە بکەن.

دوای سەرکەوتنە ئەفسووناوییەکەی زەویناسانی کۆمپانیای (لوندین) لە دەستنیشانکردنی شوێنی بیرهەڵکەندن لە قووڵایی دەریا و لە هەمان ئەو شوێنەی بەسەر دەیان کۆمپانیای دیکەدا تێپەڕیبوو، گفتوگۆ و مشتومڕ هەمدیسان گەرم بووەوە لە نێوان ئەندازیارانی نەوت کە زوو زوو لە ڕۆڵی زەویناسان کەم دەکەنەوە، هەندێک لە ئەندازیارەکان تا ئەو ڕادەیە توندڕەون کە زەویناسی ئەمەریکی لێڤێرسۆن لە کتێبە ناودارەکەیدا بەناوی (جیۆلۆجیای نەوت) دەڵێت، ئەندازیارانی نەوت گاڵتە بە زەویناسەکان دەکەن، دەڵێن تاوەکوو ئێستا نەیانتوانیوە تەنیا یەک بەرمیلیش پڕ لە نەوت بکەن!. بێگومان سەرکەوتنە مەزنەکانی زەویناسان لە دۆزینەوەی نەوت و گاز لە قووڵایی زەریا و دەریاکان و ناوچە عاسیەکانی جەمسەری باکوور و دەریا قووڵەکانی کەنداوی مەکسیک و کەنارە دوورەدەستەکانی بەڕازیل، وەڵامێکی بەهۆشهێنانەوەی گەورەیە بۆ هەرکەسێک کە لە ڕۆڵی زانستی زەویناسی کەم بکاتەوە لە سەرجەم پرۆسەکانی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گاز.

ساڵی 2014 لە کۆنفرانسی نەوت و گازی کوردستان لە لەندەن بە پرێزەنتەیشنێک بەشداریم کرد، بابەتی پرێزەنتەیشنەکەم بریتی بوو لە تیشک خستنە سەر ئەو بلۆکانەی بە بلۆکی مەترسیدار ناسراون و کۆمپانیاکان خۆیانی لێ دەدزنەوە، گوایە نەوت و گاز ئەستەمە لەو شوێنانە بدۆزرێتەوە، بەهەر حاڵ هەرچی پێمکرا کردم بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سەدان سەرکردەی پیشەسازیی نەوت و ئەندازیاران و زەویناسان کە ئەو ناوچانەی لەڕووی زەویناسییەوە بە ناوچەی پڕ لە ریسک ناسراون، شایانی ئەوەن دەرفەتی پشکنینیان پێ بدرێت و بە چاوێکی گەشبینانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. دوای تەواوبوون لە وتەکانم، ڕاوێژکارێک لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێیگوتم: دکتۆر، ئێوەی زەویناس، باسی بەرد دەکەن، بەڵام ئێمەی ئەندازیار باسی نەوت دەکەین!. ئەو قسە کورتبینانەی ڕاوێژکارەکەی وەزارەت، جەنگە سارد و گەرمەکەی نێوان زەویناسان و ئەندازیارانی سەرەتاکانی پیشەسازیی نەوتی وەبیرهێنامەوە. بەڵام بۆ من زەنگێکی مەترسیداریش بوو کە ماوەیەکە هەستم دەکرد لە وەزارەتەکەی خۆمان، باڵی ئەندازیاران تەواو کۆنترۆڵی ڕەوش و دیدگای وەزارەتیان کردووە، بە جۆرێک کە زانستی زەویناسی، تا سەر ئێسقان فەرامۆش کراوە و دەرپەڕاندنی چەند وشەیەکی بریندارکەریش لەلایەن بەڕێز ڕاوێژکارەکەی وەزارەتەوە، لە هزرێکی قووڵی نادیدەگرتنی ڕۆڵی زەویناسانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ساڵێک دوای گفتوگۆکردنمان لەگەڵ ڕاوێژکارەکەی وەزارەت، دیسانەوە دەرفەت ڕەخسا و لە هەمان کۆنفرانسی ساڵانەی نەوت و گاز پرێزەنتەیشنێکی دیکەم پێشکەشی ئامادەبووان کرد. سەرەتای قسەکانم بەو گفتوگۆیە دەستپێکرد کە لەگەڵ ڕاوێژکارەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کردمان. بەڕێز ڕاوێژکاریش یەکێک بوو لە ئامادەبووان. گوتم ڕاوێژکارێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زەویناسان بەوە تاوانبار دەکات کە لەبری نەوت، باسی بەرد دەکەن، بەردەوام بووم لە قسەکانم و پرسیارێکم لە ئامادەبووان کرد و گوتم: ئەرێ بەڕاست بۆچی ئەندازیاران لە چیای سەفین و شەکرۆک و مەتین و بێخمە و بلۆکی شۆڕش، ناتوانن باسی نەوت بکەن؟ سەدان ملیۆن دۆلاری کۆمپانیاکان بە هەدەر چوو، بۆچی هێشتان ناتوانن باسی نەوت بکەن؟ بێگومان ئەو شوێنانەی کە باسمکردن لەگەڵ دەیان شوێنی دیکەی کوردستان، بریتین لەو بلۆکانەی کە کۆمپانیاکان سفر یەک بەدەستیان بۆ مایەوە و لە بیری وشک و زیان و نائومێدبوون زیاتر هیچیان پێ نەبرا!

هەر خۆم وەڵامی خۆمم دایەوە، گوتم: بە جەنابی ڕاوێژکار دەڵێم لەو شوێنانەی کۆمپانیاکان سەرکەوتوو نەبوون و ناتوانن باسی نەوت بکەن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پڕ بە پێست، بەرد و زەویناسی باسیان لێوەنەکراوە. بێگومان نەدۆزینەوەی نەوت و گاز شتێکی ئاساییە لە هەموو شوێنێکی جیهان، بەڵام فشەهاتن بە زانستی زەویناسی سەری زۆر لە کۆمپانیاکانی جیهان لە قوڕ دەباتە خوارێ، بە کۆمپانیاکانی کوردستانیشەوە. هەندێک لە ئەندازیاران و سەرکردەی کورتبینی کۆمپانیاکان هێندە لەخۆبایی ببوون کە وایاندەزانی لەسەر لوتکەی هەر تەپۆڵکە و چیایەک لە کوردستان بیرێک هەڵکەنی، بە ئاسانی نەوت دەدۆزیەوە. دوای ئەوەی هەندێک لە کۆمپانیاکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە نێویشیاندا کۆمپانیای DNOی نەرویجی لە نزیک سنوورەکانی تورکیا، چەند کۆمپانیایەک کەوتنە خۆیان لەودیوی سنوور لە ناوچەی هەکاری لە کوردستانی باکوور بیری نەوت هەڵکەنن، بەڵام دوای هەناسە ساردبوونی کۆمپانیای (پێرێنکۆ)ی فەرەنسی لە دۆزینەوەی نەوت لە بلۆکی (سندێ- ئامێدی) لە ساڵی 2012 ، خێرا کۆمپانیا تورکییەکان خۆیان و هاوبەشەکانیان لە بیرۆکەی گەڕان بەدوای نەوت لە هەکاری سارد بوونەوە و زانییان چەمکی "بیر هەڵکەنە و نەوت دەربێنە" لە کوردستانیش وەکو هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان ناخوا!.

نووسەری ئەمەریکی هێلین کیلێر دەڵێت، تەنیا یەک شت هەیە لە کوێربوون خراپتر بێت لە ژیاندا، ئەویش ئەوەیە کە چاوت هەبێت، بەڵام ڕوئیات نەبێت بۆ ئایندە.

ئێستا سایتەکانی ئینتەرنێت و گۆڤارە زانستییە شیکارییەکان پڕن لەو هەواڵانەی باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، ئەو نەوتەی لێ نییە بە ئاسانی بدۆزرێتەوە، وەک ئەوەی لە دیدی ئەندازیارانەوە پلانی بۆ دارێژرابوو. ئەو نەوتەی کە بڕیار بوو بە دیدی ئەندازیاران، یاخود بە خەیاڵپلاو، بێ ئەنجامدانی پشکنینی زەویناسیی تێروتەسەل و خەرجکردنی پارە لە توێژینەوەی زەویناسی بدۆزرێتەوە، زۆربەی جار بوونی نییە، نە لە کوردستان نە لە هیچ شوێنێکی جیهان.





هونەری
ڕووداو
ژمارە (445) - دووشەممە 2017/2/13

## یارانی تاراوگە لە ئەڵمانیا کۆدەبنەوە



**هیوا سەلاح/ ڕووداو- هەولێر**

گرووپێکی کوردیی تایبەت بە شانۆ بەناوی یارانی تاراوگە لە ئەڵمانیا دامەزرا کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی گرووپەکە کۆچبەرن.
بەختیار کاکەیی، ئەندامی گرووپی شانۆی یارانی تاراوگە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی گەیشتمە ئەڵمانیا، بیرۆکەی ئەوەم بۆ دروست بوو، گرووپێکی شانۆیی تایبەت بە کوردی تاراوگە دروست بکەم، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی زمانی شانۆ کێشەو گرفتەکانی خۆمان و نەتەوەکەمان بۆ ئەڵمانەکان باس بکەین". "شاکۆ و لۆرکێ" دەبێتە یەکەمین نمایشی ئەم گرووپە کە ماوەی هەشت مانگە دامەزراوە. بەختیار دەڵێت "لەگەڵ کوردێکی باکوور بەناوی مەحموود جانبی کە زیاتر لە 20 ساڵە لە ئەڵمانیایە، ڕێککەوتین شانۆگەرییەک بەناوی شاکۆ و لۆرکێ پێشکەش بکەین، لە ڕۆژانی ڕابردوودا شانۆگەرییەکەمان نمایش کرد".

ڕۆلا سەعد بۆ (ڕووداو):

# کۆنسێرتەکەی سلێمانی بۆ من جوانترین ئەزموون بوو



بە یەکێک لە ناودارترین ئەستێرەکانی لوبنان دادەنرێت، بە گۆرانی یانا یانا لەگەڵ ئەستێرەی کۆچکردوو سەباح ناوبانگی زۆری پەیدا کرد. ڕۆلا سەعد تاوەکو ئێستا شووی نەکردووە، وەک خۆی دەڵێت هێشتا شووکردن بە قسمەتی ئەو نەبووە و چاوەڕێی ناسینی کەسێکی باش دەکات. ڕۆلا لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لە بەیروت-ی پایتەختی لوبنان لەگەڵ پەیامنێری (ڕووداو)، وەڵامی چەند پرسیارێکی لەبارەی کارە هونەرییەکانی و ژیانی تایبەتی دایەوە.

**دەرباز یونس**
**ڕووداو - بەیروت**

**ڕووداو: با بە (یانا یانا) دەستپێبکەین، بەو گۆرانیە ناسرایت، واتە گۆرانیی بەختی تۆ بوو لەگەڵ سەباح، ئەزموونێکی چۆن بوو؟**
**ڕۆلا سەعد:** جوانترین ئەزموونی ژیانی من بوو، هەرگیز لە بیری ناکەم. من لە منداڵییەوە لەگەڵ سەباح گەورە بووم، ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ببمە گۆرانیبێژ.
**ڕووداو: بیری سەباح دەکەیت؟ لە ماوەی ڕابردوودا چەند گۆرانییەکی ئەوت گوتنەوە، هیچ پڕۆژەیەکت نییە بۆ ئەوەی یادی بکەیتەوە؟ یان گۆرانییەکی تایبەت بۆ مردنی بڵێی؟**
**ڕۆلا سەعد:** هەمیشە بیری سەباح دەکەم، یادیشی دەکەمەوە. من لە ماوەی ڕابردوودا ئەلبوومێکی گۆرانیم بڵاوکردەوە کە تەواوی گۆرانییەکان هی سەباح بوون، بۆ یادکردنەوە یاخود گوتنی گۆرانییەکی تایبەت بۆ مردنی، نەخێر، ئێستا هیچ پڕۆژەیەکم نییە.
**ڕووداو: بە بەردەوامی لەگەڵ هەیفا وەهبی کێشەت هەیە، کێشەی ئێوە لەسەر چییە؟**
**ڕۆلا سەعد:** من کێشەم لەگەڵ کەس نییە، ئەوان هێرش دەکەنە سەرم و منیش تەنیا وەڵام دەدەمەوە، بەرگری لە خۆم دەکەم. ناموێ باسی ئەو برادەرەش بکەم و گەورەی بکەم، پێویست ناکات.
**ڕووداو: لەگەڵ سابر ڕوباعی دوو گۆرانیتان بەیەکەوە گوت، بۆچی بەردەوام نەبوون؟**
**ڕۆلا سەعد:** ڕاستە دەستپێکی کاری هونەریی من لەگەڵ سابر ڕوباعی بوو، ئەزموونێکی زۆر جوان بوو، من ئەزموونم لەگەڵ ڕاغب عەلامە و کازم ساهیریش زۆر بووە، دەزانی بابەتەکە چۆنە، مەسەلەکە بەردەوامنەبوون نییە، ئێستاش پڕۆژەیەکی نوێ و جوان هەبێت لەگەڵ سابر ڕوباعی دەیکەم، یان هەر هونەرمەندێکی دیکە.
**ڕووداو: دەڵێن بە منداڵی ژیانێکی سەختت هەبووە، دەکرێ باسی بکەیت؟**
**ڕۆلا سەعد:** زۆر زۆر، ژیانی من زۆر ناخۆش بووە، ئەزموونی ناخۆشم تێپەڕاندووە تا گەیشتوومەتە ئەم ڕۆژە، ناحەقیی زۆرم بەرامبەر کراوە، غەدری گەورەیان لێکردووم، خوا لێیان خۆش بێت.
**ڕووداو: حەزت لە منداڵ نییە؟**
**ڕۆلا سەعد:** با چۆن نا، بۆ منداڵ دەمرم (بەپێکەنینەوە).
**ڕووداو: ئەی بۆ شوو ناکەیت؟ دەڵێن مەرجت زۆرە.**
**ڕۆلا سەعد:** دەی با کەسێکی باش بێتە پێشەوە (بەپێکەنینەوە)، جارێ قسمەتم نەبووە، پێموایە تەمەنەکەم گونجاوە، چاوەڕێ دەکەم کەسی گونجاو و باش بناسم، ژیانی خێزانی هەر وا ئاسان نییە، بۆ مەرجیش نەخێر، بەڵام دەبێت کەسێک بێت منی خۆشبوێت و لە هونەرەکەی من تێبگات. ڕێزم بگرێت و هەست بە ئەمان بکەم لەگەڵی.
**ڕووداو: شەوی سەری ساڵ لە سلێمانی بوویت، ئەزموونێکی چۆن بوو؟**
**ڕۆلا سەعد:** دەمێک بوو حەزم دەکرد ئەو خەڵکە جوانەی شاری سلێمانی ببینم، جوانترین ئەزموون بوو، خەڵکێکی ڕێک و جوان بوون، بەڕاستی نەمدەزانی ئەو هەموو هەوادارەم هەیە لەوێ، بیریان دەکەم.
**ڕووداو: دەڵێن لەو کۆنسێرتەی سلێمانی پارەیەکی زۆرت دەستکەوت؟**
**ڕۆلا سەعد:** بەهیچ شێوەیەک وا نییە، منیش ئەمەم بیست لە میدیا کوردییەکان، باوەڕم پێ بکە باوەڕم پێ بکە، پارەی ئەو کۆنسێرتەی سلێمانی کە وەرمگرت زۆر کەمتر بوو لە پارەی کۆنسێرتێک کە لە بەیروت دەیکەم.
**ڕووداو: لەشولار و ڕوخسارێکی جوانت هەیە بەراورد بە تەمەنەکەت، چی دەخۆی وا جوانت دەکات؟**
**ڕۆلا سەعد:** زۆر سوپاس، زۆر گرنگی بە خواردن و میوە دەدەم، بە بەردەوامی ئاو دەخۆمەوە، با ڕاستگۆ بم لە وەرزشکردن زۆر تەمبەڵم، بەڵام بەبەردەوامی لە خواردن ئاگام لەخۆمە.
**ڕووداو: بەیروت واتە نەشتەرگەریی جوانکاری؟**
**ڕۆلا سەعد:** بەڵێ وایە، ئێمەی لوبنانی ڕوخسارمان زۆر لا گرنگە.
**ڕووداو: چەند نەشتەرگەریی جوانکاریت کردووە؟**
**ڕۆلا سەعد:** وەڵامی ئەو پرسیارەت نادەمەوە، ببوورە.
**ڕووداو: بۆچی؟**
**ڕۆلا سەعد:** حەز ناکەم.
**ڕووداو: بەنیازیت سەردانی کوردستان بکەیتەوە و گۆرانیی کوردی بڵێی؟**
**ڕۆلا سەعد:** بەخۆشحاڵییەوە، زۆر حەز دەکەم بێمەوە کوردستان، ئامادەم گۆرانیی کوردیش بڵێم. لە ڕێگەی ڕووداوەوە سڵاو و ڕێز بۆ خەڵکی کوردستان دەنێرم، ناوبانگی کورد و کوردستان لە هەموو ناوچەکە جێگەی شانازییە، خۆشمدەوێن و ماچیان دەکەم.

> پارەی کۆنسێرتەکەی سلێمانیم لە کۆنسێرتێکی بەیروت زۆر کەمتر بوو

> لە منداڵییەوە لەگەڵ سەباح گەورە بووم

> کێشەم لەگەڵ هیچ هونەرمەندێک نییە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ من هەیە

> ناموێت باسی هەیفا وەهبی بکەم و گەورەی بکەم

> ئامادەم گۆرانیی کوردی بڵێم

> نەمدەزانی ئەو هەموو هەوادارەم لە کوردستان هەیە

(فۆتۆ: نۆربیان)

## غونا ناوەندێکی فاشن دەکاتەوە



**دەرباز یونس**
**ڕووداو- بەیروت**

غونا غەندوور، خانمە نمایشکار و شارەزای بواری دیزاین و جلوبەرگ، سەرپەرشتی کردنەوەی ناوەندێکی فاشن دەکات کە سەرەتا لقی لە سێ وڵاتی عەرەبی دەبێ.
غونا غەندوور، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مۆڵەتم وەرگرتووە بۆ کردنەوەی ناوەندێکی فاشن، سەرەتا ئۆفیسی ناوەندەکە لە دوبەی، بەیروت و عەممان دەبێت، چونکە ئەو سێ شارە لە دیزاینی جلوبەرگدا کەسانی پسپۆڕی زۆریان هەیە، مەبەستمە بەیەکەوەیان ببەستمەوە".
لە بارەی کردنەوەی لقی ناوەندەکەی لە کوردستان، غونا گوتی "ئێستا پلانی ئەوەمان نییە، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەری هەیە لەگەڵ گەورەکردنی ناوەندەکە، وەک تۆڕێکی نمایش و دیزاینی جلوبەرگ، لە هەولێریش لقمان هەبێت".

## لەیلا گەنجان دەکاتە نمایشکار



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لەیلا مالک، کچە نمایشکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێیوایە هەموو کەسێک نابێتە مۆدێل و نمایشکار، چونکە مۆدێل مەرج و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە.
لەیلا کە ماوەی چوار ساڵە کاری مۆدێل و نمایش دەکات، گوتی "ماوەیەکە لە کوردستان زۆر کەس سەرقاڵی کاری مۆدێلینگن، بێ ئەوەی هیچ لە مەرج و یاساکانی ئەم هونەرە بزانن، کاری مۆدێلینگ زۆر قورسە و بەهەموو کەس ناکرێت، نمایشکار دەبێت باڵای لە 170 تاوەکو 188 سم کەمتر نەبێت، کێشی لەشی لەنێوان 40 بۆ 70 کیلۆ زیاتر نەبێت، لە هەمووی گرنگتر ناوقەدی دەبێت 37 بۆ 40 سم بێت، ئینجا دەتوانێت بڵێت من نمایشکارم"
لەیلا کە ئێستا کار بۆ چەند براندێک دەکات و گۆڤارێکی تایبەت بە مۆدێلینگ دەردەکات، ئێستا کار بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی فێرکاریی مۆدێل بۆ گەنجانی کوردستان دەکات و گوتی "دەمەوێت بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ کچان و کوڕانی کورد فێری نمایشکاری ببن".

## ئەحلام بەرگریی لە سەعد دەکات



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەحلام حەجی، شاجوانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرگری لە هونەرمەند سەعد ئەلمجەڕەد دەکات و ئەو کێشەیەی کە لە پاریس تووشی بووە بە "پیلان" وەسفی دەکات.
سەعد ئەلمجەڕەد، هونەرمەندی مەغریبی ماوەیەکە لە پاریس بە گومانی دەستدرێژی بۆ سەر کچێکی فەرەنسی دەستگیرکراوە، ئەحلام بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر بە وردی لە کێشەکە بڕوانین، چەند نیشانەیەکی پرسیار هەن، وا پێدەچێت ئەو کەسەی پیلانی بۆ داناوە ماوەیەکی زۆرە لە بۆسەدا بووە بۆ سەعد".
ئەحلام بەرگرییەکی زۆر لە سەعد دەکات و دەڵێت "ئەوەی سەعد لە نزیکەوە بناسێت دەزانێت ئەوەی دەربارەی گوتراوە هیچ ڕاست نییە، چونکە ئەو لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ پەروەردە بووە و توانی لە کاتێکی زوودا ناوبانگێکی هونەری باش بۆ خۆی پەیدا بکات و سەرکەوتوو بێت. بۆیە کەسانێک پەست بوون بە سەرکەوتنەکانی".

## فەرەح دەڵێت کوردم



**دەرباز یونس**
**ڕووداو- بەیروت**

فەرەح شەرەف، خانمە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی کە لە ماوەی ڕابردوودا وەک دەموچاوی سەرەکیی ڕیکلامی کۆمپانیای کۆکاکۆلا لە وڵاتە عەرەبییەکان گرێبەستی واژۆ کرد، دەڵێت بە ڕەگەز کوردە و خەڵکی باکووری کوردستانە.
فەرەح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "باپیرە گەورەم لە باکووری کوردستانەوە هاتووەتە لوبنان، ئەوکاتە باوکم تەمەنی بچووک بووە، بەڵام من و خوشک و براکانم لە لوبنان لەدایکبووین و ڕەگەزنامەی لوبنانیمان هەیە". فەرەح باسی کار و بەرهەمی نوێی کرد و گوتی "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکەم، ڕۆڵی سەرەکیش لە زنجیرە درامایەکدا دەبینم کە ڕەمەزانی ئەمساڵ لە کەناڵی الجدیدی لوبنانی نیشان دەدرێت".

## له سوێد کوردێک بۆ وەرگرتنی خەڵاتێک کاندیدە

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

وێنەیەکی فۆتۆگرافەری کورد بێژاف مەحموود، لە کێبڕکێیەکی فۆتۆ لە سوێد، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین وێنەی ساڵی 2017 کاندید دەکرێت. بێژاف بە ڕادیۆی سوێدی گوتووە "خۆشحاڵم و هەست بە شانازی دەکەم کە ناوزەدکراون، گرنگ نییە من خەڵاتەکە بەدەست بهێنم یان نا. تەنیا ناوزەدکردنم خۆی سەرکەوتنە". ساڵانە لە سوێد کێبڕکێی وێنەی ساڵ لەلایەن یانەی وێنەگرانی بواری چاپەمەنی (Pressfotografernas Klubb) ڕێکدەخرێت. خەڵات لە 13 بواری جیاجیادا لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە دەبەخشرێتە باشترین وێنەی ساڵ، بۆ نمونە تاکە وێنە، دۆکۆمێنتاری، ڕیپۆرتاژ و چەند بوارێکی دیکە دەبەخشرێتە وێنەگران.



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (445) - دووشەممە 2017/2/13

# خانمە سوێدییەک نامەی دکتۆراکەی تەرخان دەکات بۆ پرسی کورد

### ئەکادیمیستێکی کورد: هامرێن هێڵێکی نوێی پەیوەندیی لەنێوان کورد و سوێدییەکان دۆزیوەتەوە




هامرێن لە کاتی پێشکەشکردنی سەمینارێک لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم لە بارەی پرسی کورد (فۆتۆ: ڕووداو)

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

هۆڵەکە جمەی دەهات، پێشکەشکارەکە سەرنجی ئامادەبووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. کەشەکە بۆ کوردی نیشتەجێی ستۆکهۆڵم زۆر تایبەت بوو، کاتێک دەیانبینی ئافرەتێکی گەنجی قژ زەردی چاو کاڵ، وەک پیرە کوردێکی ناسیۆنالیست باس لە ڕەوایەتی مافی نەتەوەیەک دەکات. لەولاشەوە باس لە خەون و فانتازیای ناسیۆنالیزمی کوردی تاراوگە دەکات، بەڵام شارەزایانەتر لە کورد خۆی.

بە بەراورد لەگەڵ کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ڕابردووی، سیمیناری ئەمجارەی کتێبخانەی کوردی لە سوێد جیاواز بوو، چونکە کەم چالاکیی کوردی هەیە لە سوێد، زۆربەی کوردی ئەو وڵاتە بە پیر و گەنج و ژن و پیاوەوە لە هۆڵێک کۆبکاتەوە.

"خەمی ئیلینور هامرێن بۆ پرسی کورد، پەیوەندی بەوەوە نییە کە شووی بە کوڕە کوردێک کردووە، ڕەنگە شووکردنەکەی بەو کوڕە کوردە زادەی باوەڕ و وردبوونەوەکانی بێ لە بارەی پرسی کورد". ئەمە قسەی سامانە کە کوردێکی تاراوگەیە، لەبارەی ئەو کچە سوێدییەی زیاتر لە کوردێک خۆی سەرقاڵی پرسی کورد کردووە.

ئیلینور هامرێن تەمەنی 32 ساڵە و قوتابیی دکتۆرایە لە زانکۆیەکی سوێد، خاوەنی چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیە لەبارەی پرسی کورد و ناسیۆنالیزم بەگشتی. بەشێکی سەرەکیی تێزی دکتۆراکەی کە زادەی چەندین لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕابردوویەتی، لەبارەی (ڕەوەندی کورد و ناسیۆنالیزمی دوورمەودا)یە.

هامرێن بە (ڕووداو)ی گوت "فینلاندییەکانی سوێد، ڕۆمەکان، کوردی سوێد ئەو گرووپانەن کە لە دکتۆراکەمدا کاریان لەسەر دەکەم، بەڵام سەرنجێکی زۆرم لەسەر کورد داناوە، چونکە پرسی کورد پرسێکی سەرنجڕاکێش و هەستیارە. کوردی سوێد جیاوازە لە هەموو گرووپەکانی دیکە، چ لەڕووی کولتوور، چ نووسین و سیاسەت، ئەو جیاوازییە بووە هۆی ئەوەی بە بایەخەوە لەسەر پرسی کورد بوەستم".

خالید خەیاتی لێکۆڵینەوەکانی کوردی نیشتەجێی سوێد کە ئاگاداری پرۆژەکەی هامرێنە، دەڵێت "ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی هامرێن ئەو کوردانەی سوێدە کە لە چوارچێوەی ژیانی دیاسپۆرا، شێوازێک لە گوتاری ناسۆنالیستیی کۆمەڵگە ڕەسەنەکەی خۆیان بەرهەم دەهێننەوە". گوتیشی "چەمکی فانتازیا دەبێتە ناواخنی ئەم ڕەفتار و پراکتیکەی پێیدەگوترێ ناسیۆنالیزمی دوورمەودا".

#### بێدەنگیی نەوەی نوێ و چالاکیی کچە سوێدییەک

یەک لە نیگەرانییەکان لە ڕەوەندی کوردی، بێ ئاگابوون، بێدەنگی و نەمانی ئینتیمایە لای نەوەی نوێ. بۆیە بایەخدانی کچە سوێدییەکی گەنج بە پرسی کورد، جێی تێڕمانی نوخبەی کوردی سوێدە.

خالید خەیاتی، مامۆستا لە زانکۆی لینشۆپین پێیوایە ئامانجی هامرێن گەڕانە لەدوای شوناسێکی نوێی کورد.

خەیاتی کە لە نزیکەوە ئاگای لە هەوڵی دوو ساڵەی ئەم لێکۆڵینڤانە سوێدییەیە، هەروەها دەڵێت "کارەکەی زۆر پێشکەوتووە و گۆشەنیگایەکی تازەیە. باسی ناسنامەیەکی تازەی کورد دەکات. ئەویش دۆزینەوەی هێڵێکی تازەی پەیوەندییە لەنێوان کورد و سوێدییەکان".

خەیاتی لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکەی هامرێنەوە باسی کوردی تاراوگە دەکات و دەڵێت "بوارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر تازەیە، کۆمەڵێک ڕوانگەی تازە دەخاتە ڕوو. لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکەی ئیلینۆر هامرێنەوە "دیاسپۆرای کورد هەڵگری ناسنامەیەکی زۆر جیاوازە کە لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، ناسنامە لەسەر وڵاتی پێشووی خۆی بنیات دەنێت".

ئەم کارەی ئیلینۆر هامرێن بەشێکە لە چالاکییەکانی تۆڕی ئەکادیمیانی کوردی. ئەو تۆڕە وەک دامەزراوەیەک لە ئەکادیمیانی کورد و ئەو بیانییانە پێکهاتووە کە خاوەنی لێکۆڵینەوەن لەسەر کورد.

مارینا تاهویان یەکێک لە سەرپەرشتیارانی تۆڕی ناوبراو کە هاوکات ڕۆڵی لە ڕێکخستنی ئەم سیمینارەشدا هەبووە، دەڵێت "بڵاوکردنەوەی زانیاری نوێ بۆ ڕەوەندی کوردی، گرنگترین کارە بەلای ئێمەوە".

بەڕای تاهۆیان "لێکۆڵینەوەکەی ئیلینور یەکێکە لە کارە دەگمەن و تازەکان لە بارەی ڕەوەندی کوردی لە سوێد". گوتیشی: "زانیاری و بەڵگەی مێژوویی ئەکادیمی لەسەر کورد و ڕەوەندی کوردی زۆر کەمە، گرنگی و بایەخی ئەم کارە لێرەوەیە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکە بە سویدی و ئینگلیزییە".

عوسمان ئایتار لێکۆڵینڤان و مامۆستای زانکۆی دالارنا پێیوایە ڕەوەندی کوردی بەبەراورد لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی سوێد جیاوازە "یەکێک لە جیاوازییەکان کە هامرێن درکی پێکردووە و کاری لەسەر دەکات، خەونی نەتەوەیەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سوێدی، ناسیۆنالیزم و نیشتمانیبوون و بەستنەوەی بە وڵاتی ئێستایەوە کە سوێدە".

ئیلینور هامرێن مامۆستای زانکۆ و قوتابی دکتۆرایە لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە زانکۆی (سۆدێرتۆرن) لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد.

هامرێن جگە لەو لێکۆڵینەوەیە، سەرپەرشتی پرۆژەیەکی پەروەردە و ئەکادیمی دەکات کە سێ زانکۆی سوێدی لەگەڵ زانکۆی سلێمانی لە کوردستان جێبەجێی دەکەن و سەدان قوتابی کوردی زانکۆکانی کوردستان لێی سوودمەند دەبن.

هامرێن لەبارەی پرۆژەکەوە گوتی "ماوەیەکی زۆرە دەستمان پێکردووە و بەردەوام دەبین".

# کۆچبەرانی کورد لە سوودان خۆزگە بە سووریا دەخوازن




سوودان بەبێ وەرگرتنی ڤیزا ڕێگە بە سوورییەکان دەدات بێنە نێو خاکەکەی

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

حکومەتی سوێد لە زاری وەزیری هەماهەنگی و گەشەپێدانی پرسە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕایگەیاند، مامەڵەی ئەو سوورییانە قبوڵ دەکات کە لە باڵیۆزخانەی سوێد لە سوودان چاوپێکەوتن دەکەن. ئەمەش کۆچبەرانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریای هاندا بە لێشاو ڕوو لەو وڵاتە بکەن، بەڵام زۆربەیان دەڵێن لە سووریاش هەر هێندەی سوودان زەحمەتییان بینی.

وڵاتانی دەوروبەری سووریا ئاستەنگی زۆر بۆ ئەو سوورییانە دروست دەکەن کە دەیانەوێ ئەو وڵاتە جێبهێڵن، بەڵام سوودان بەبێ وەرگرتنی ڤیزا ڕێگە بە سوورییەکان دەدات بێنە نێو خاکەکەی، بۆیە ئیزابێلا لۆڤین، وەزیری هەماهەنگی و گەشەپێدانی پرسە نێودەوڵەتییەکان، سوورییەکانی ئاگادارکردەوە کە دەتوانن لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە سوودان کارەکانی چاوپێکەوتن و سەفەرکردن بۆ سوێد جێبەجێ بکەن.

پێشتر دەیان هەزار کۆچبەری سووری ڕوویان لەو وڵاتە کردبوو، بڕیارە تازەکەی حکومەتی سوێد، ئاوارەکانی هاندا بە لێشاو بچنە سوودان.

#### چیرۆکە تاڵەکەی خەرتووم

جینان خەونی بەوەوە دەبینی لە شەڕ و نەهامەتییەکانی سووریا ڕزگاری بێت، نەیدەزانی ئەو زەحمەتیەی لە سوودان تووشی دەبێت زۆر ناخۆشترە "دەیان شەو لەسەر شەقامەکانی خەرتووم و لەنێو کەلاوەدا ماومەتەوە".

ڕۆڵان کە هاوژینی جینان ڕەمۆیە و لە ستۆکهۆڵم نیشتەجێیە، چاوەڕێی هاوژینەکەی و دوو کچەکەی دەکات کە ئێستا بلیتی فڕۆکەیان لە خەرتوومەوە بۆ ستۆکهۆڵم بڕیوە.

جینان ڕەمۆ کە کوردە، یەکێکە لەوانەی چەند ساڵێکە لە ژیانێکی زۆر ناخۆشدان و خۆزگە بە سووریا دەخوازن. ڕەمۆ کە لە خەرتوومەوە بە تەلەفۆن قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی "خواردنی بەرماوە و خەوتن لە نێو حەوشەی ماڵان و خۆشووشتن بە ئاوی پیس، لە دیمەنە بەردەوامەکانی ژیانە، قەت لەیادی ناکەم".

شادیە هاوڕێی جینانە و پێکەوە خانوویەکیان بەکرێ گرتووە. ئەویش هاوشێوەی جینان باس لە کێشەکانی خۆیان دەکات و دەڵێت: "بەرەورووی سووکایەتی و دەستدرێژی دەبینەوە". شادیە دەشڵێت: "لەبەر ژیانی منداڵەکانم و ترسی کەرامەتم نەبووایە، هەرگیز ئەم ژیانەم قبوڵ نەدەکرد و دەگەڕامەوە".

شادیە و جینان هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەدەهات لە خەرتوومەوە ئاسانکارییان بۆ بکرێت، بەڵام لە گێڕانەوەکانی جینان دەردەکەوێت کە بەهۆی هاندانی چەند خزمێکییەوە ڕوویان لە سوودان کردووە، چونکە نەیانتوانیوە بێنە باشووری کوردستان و بەهۆی ئەو ناخۆشییەی لە ئوردونیش بینیویانە، ناچار ڕوویان لە سوودان کرووە. جینان دەڵێت "حکومەتی سوێد هیچ هاوکاری نەکردووین، بەڵام بەڕێزەوە قبوڵیان کردین".

ئەگەر جینان کوردێکی باشووری کوردستانی نەناسیبا، لەوانە بوو چەند ساڵێکی دیکەش هەر لە خەرتووم بمابایەوە. جینان ئەو گەنجە بە "فریشتە" ناو دەبات و دەڵێت "کارمەند و پۆلیسەکانی باڵیۆزخانە زۆر توند بوون لەگەڵمان و کێشەی زمان و نەشارەزایی کاروبارەکانی باڵیۆزخانەش گەورەترین کێشەن".

سەرچڵ خەفاف کە گەنجێکی خەڵکی هەرێمی کوردستانە و بۆ کارکردن ڕووی لە سوودان کردووە، جینان دەڵێت "ئاسانکاریی زۆری بۆ کردین، ئەو ژیانی منداڵەکانمی ڕزگار کرد. هەرچەندە ئەو بە پارە کاری بۆ دەکردین، بەڵام من وەکو خێر حیسابی دەکەم".

سەرچڵ لە ڕووداوێکدا هاوکاریی منداڵەکەی جینانی کردووە کە ئەوەندەی نەمابوو گیان لەدەست بدات.

سەرچڵ خەفاف لای بەشێک لە کۆچبەران لە سوودان بە قاچاخچی ناوی دەرکردووە، بەڵام بەلای جینانەوە فریشتەیە. خەفاف پێشتر لە نێوان سنوورەکانی ئێران و تورکیا کاری کردووە، بەهۆی نەمانی کارەکەی و تۆمەتبارکردنی وەکو قاچاخچی، گەڕاوەتەوە سوێد، ئێستاش لە سوودان و هەمان کار دەکات.

سەرچڵ لەڕێگەی چاتەوە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی دایەوە و گوتی "من عەرەبییەکی باش دەزانم و سوێدییەکەشم تەواوە، کارکردنیش عەیب نییە، لەلایەکی دیکەش خزمەتێکە بە کۆچبەران".

هەرچەندە سەرچڵ کارەکانی خۆی وەک هاوکاری باس دەکات و دەڵێت لە سوودان ڕۆژانە هاریکاریی دەیان کۆچبەری سووری دەکات، بەڵام نەیشاردەوە بۆ هەر کەسێک نزیکەی 300 دۆلار بۆ چاوپێکەوتنەکان و 200یش بۆ وەرگێڕان وەردەگرێت. گوتیشی "ئەگەر بشزانم خێزانێک باری دارایی خراپە، نەک پارەیان لێ وەرناگرم، بگرە پارەشیان دەدەمێ"

بەیەکگەیشتنەوەی ئەندامانی خێزان یەکێکە لە کێشە گەورەکانی کۆچبەران لە ئەورووپا.

هانس ئیندرشۆن چالاکڤانی مافی کۆچبەران لەوبارەوە ڕایگەیاند "لەسەر دەوڵەتە ئاسانکاری بۆ ئەو خێزانە کۆچبەرانە بکات کە لەیەکدی دابڕاون".

ئەگەرچی بەلای ئیندرشۆنەوە ئەم بڕیارە تازەیەی مانگی ڕابردووی حکومەتی سوێد بە کردنەوەی دەرگای باڵیۆزخانە لە سوودان بە ڕووی کۆچبەرانی سووری هەنگاوێکی زۆر باشە، بەڵام گوتیشی "بێگومان ئەمەش ڕێسای توندی خۆی هەیە و تەنیا ئەو کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە وەک پەنابەر وەرگیراون. ئەو کۆچبەرانە ناگرێتەوە کە لە کەمپەکاندان و هێشتا چارەنووسیان یەکلایی نەبووەتەوە".

### 24 هەزار کۆچبەر دەگەنە سوێد

گەیشتنی کەسوکاری کۆچبەرانی سووری لە ڕێگەی سوودانەوە بۆ سوێد، کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی کۆچبەرانی تازە هەیە. بەپێی دوایین ڕاگەیاندنی دامەزراوەی کۆچی سوێد، ئەمساڵ ڕێژەی هاتنی کۆچبەران کەمی کردووە. بەڵام بەپێی ئاماری ئەو دەزگایە، ڕەنگە نزیکەی 24 هەزار کۆچبەر لە ڕێگەی سوودانەوە ڕوو لە سوێد بکەن.



## ژنێکی کورد بووە قارەمانی ئێران

رووداو- تاران

ژنە وەرزشوانێکی کورد بە جلی کوردییەوە بەشداری لە پاڵەوانێتی تیرهاوێشتن بە کەوان لە تاران کرد و پلەی یەکەمی قارەمانێتییەکەی بەدەستهێنا. ئەو کێبڕکێیە هەفتەی رابردوو لە تارانی پایتەختی ئێران بەڕێوەچوو، ژنە وەرزشوانی کورد شیرین تەخت فەیروزە کە دانیشتووی سنەیە لە نێو 142 وەرزشوان کە لە 22 پارێزگای ئێران بەشداریان کردبوو، پلەی یەکەمی یەکەمی بەدەستهێنا. کێبڕکێی ئازادی ئێران بۆ تیرهاوێشتن بە کەوان لە دوو بەشی ژنان و پیاوان و لە نێوان تەمەنەکانی گەورەساڵان، لاوان و مێرمنداڵان و لە مەودای 20 مەتریدا بەڕێوەچوو.

# لە ترسی بڵاوبوونەوەی وێنەکانی دەیکوژێ

دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

(س) و حەنا لەڕێی هاوڕێیەکیانەوە یەکتر دەناسن. چەند جارێک پێکەوە سێکس دەکەن و وێنەی خۆیان بە رووتی و لەکاتی سێکسکردن تۆمار دەکەن، دواتر حەنا بە مەبەستی پارە کێشانەوە لە (س) هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێدەکات ئەگەر 10 هەزار دۆلاری نەداتێ. (س) پارەکەی ناداتێ و بە چەقۆیەک دەیکوژێ.

(حەنا.ع.د) تەمەن 17 ساڵان و خەڵکی مووسڵ بوو، دایک و باوکی ئێستا لە کەرکووک دەژین، بەڵام ئەو ماوەی 6 ساڵە هاتبووە لای پووری کە لە هەولێر نیشتەجێیە. حەنا لەگەڵ سێ کچی دیکە لە کافیتریایەک کاریان دەکرد، سەرجەمیان لەلایەن پووری حەناوە بەناوی (ە) سەرپەرشتی دەکران، ئەو کچانە جگە لەوەی لەو کافیتریایە کاریان دەکرد، لە دەرەوەی کافیتریاکەش لەلایەن ئەو ژنەوە خرابوونە بەر کاری لەشفرۆشی.

### بکوژ و کوژراو چۆن یەکتریان ناسی؟

(س) دەڵێت هاوینی رابردوو لەڕێی هاوڕێیەکییەوە حەنا و پووری ناسیوە "دوای یەکدی ناسینەکە، شەو لە ماڵی پووری ژوانمان دانا و بەیەکەوە خەوتین، لە بەرامبەر ئەوەدا 200 دۆلارم دایە پووری حەنا".

هەر جارێک (س) بیویستبایە لەگەڵ حەنا بخەوێت، سەرەتا لەگەڵ پووری رێکدەکەوت. (س) دەڵێت "لەبەرامبەر ئەوەی لەگەڵ برازاکەی دەخەوتم، هەموو جارێک دەبووایە لەگەڵ پووری حەنا قسە بکەم و پارەکەش بدەمە ئەو".

حەنا و (س) چەند جارێک لە ماڵی پووری بەیەکەوە خەوتوون. (س) دەڵێت "هەموو جارێک کە بەیەکەوە دەخەوتین، وێنەمان بە یەکەوە دەگرت، بەڵام دوای ماوەیەک پەیوەندیمان پچڕا".

دوای چەند مانگێک، حەنا تەلەفۆن بۆ (س) دەکات و داوای لێدەکات کە لە کافیتریاکە یەکدی ببینن. (س) دەڵێت "کاتێک لەگەڵ حەنا دانیشتم، وێنەکانی نیشاندام و گوتی ئەگەر 10 هەزار دۆلارم نەدەیتێ، وێنەکانت بڵاودەکەمەوە. منیش ترسی لەکەداربوونی کەسایەتیی خۆم هەبوو، پێمگوت ئەو پارەیەم نییە، دواتر لەسەر پێنج هەزار دۆلار رێککەوتین، حەنا رازی بوو، بۆ رۆژی دواتر ژوانمان دانا".

(س) دەڵێت زۆر هەوڵی داوە بەڵام نەیتوانیوە ئەو پارەیە پەیدا بکات کە حەنا داوای لێکردبوو. دەڵێت "من ئەوکات 700 هەزار دینارم پێبوو، بەڵام دەمویست میمۆریەکەی لێبستێنم و پارەکەی نەدەمێ، بۆیە میمۆرییەکەم لێستاند و چەقۆیەکم لە سکی دا، ئەو ویستی هاوار بکات، بەڵام دەمیم گرت و خستمە سەر زەوییەکە، دواتر هەڵاتم".

رائید نەجمەدین حوسێن عومەرخان، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی بەحرکە بە (رووداو)ی گوت "بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە لەبەردەستی پۆلیسدان، حەنا و (س) لە کافیتریایەک پێکەوە دانیشتوون، حەنا داوای پارەی لێکردووە، بەڵام (س) دەڵێت نامەوێت خەڵک بزانێت و دەچینە پێش کافتریاکە، لەپێش کافتریاکەش داوای میمۆرییەکە لە حەنا دەکات، بەڵام حەنا رازی نابێت و دەڵێت سەرەتا پارەکەم دەوێت، دەبێتە دەمەقاڵێیان و (س) چەقۆیەک لە سکی حەنا دەدات و میمۆریەکەی لێدەستێنێ".

رائید نەجمەدین گوتیشی "سەرەتا لەسەر ئەم کەیسە چوار پیاو و چوار ئافرەتمان دەستگیرکردن، ئەوەش کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر دۆزینەوەی تۆمەتباری سەرەکی".

هەر ئەو شەوە دایکی حەنا کە لە کەرکووک دادەنیشێ، لە رووداوەکە ئاگادار دەکرێتەوە. دایکی سکاڵای لەسەر هەنا و سێ ئافرەتی دیکە تۆمار کردووە، چونکە بە هۆکاری کوژرانی حەنایان دەزانێت".

لەبارەی ئافرەتەکانیشەوە ئەفسەرەکەی بنکەی پۆلیسی بەحرکە دەڵێت "چوار ئافرەتەکە، یەکیان ناوی هەنایە کە سەرپەرشتی تاوانلێکراوەکەی دەکرد، لەگەڵ سێ ئافرەتی دیکە کە هەر کەسی خۆی بوون و لە کافیتریا ئیشی پێدەکردن، لە دەرەوەش لەشفرۆشی، یەکێک لەو کچانە کە لەشفرۆشیی پێکردووە تەمەنی تەنیا 13 ساڵە".

سەبارەت بە چارەنووسی ئەو ئافرەتانە، رائید نەجمەددین گوتی "هەنا کە لەشفرۆشیی بەو کچانە کردووە بەپێی ماددەی چواری (لەشفرۆشی) ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێ، هەروەها دوو ئافرەتەکەی دیکەش بە هەمان مادده دادگایی دەکرێن، بەڵام کچەکەی دیکەیان لەبەرئەوەی تەمەنی 13 ساڵە و منداڵە، هیچ ماددەیەکی لەسەر جێبەجێ نەبوو، بۆیە ئازاد کرا".



حەنای تەمەن 17 ساڵ لە لایەن پوورییەوە لەشفرۆشی پێکراو بەدەستی لەشکرپێکیش کوژرا

بەپێی توێژینەوەیەک لە سلێمانی:

# 38%ی ژنانی کەمپەکان هاوسەرگیریی پێشوەختیان کردووە

رووداو- سلێمانی

توێژینەوەیەک ئاشکرای دەکات کە لە دوو کەمپی ئاوارەکانی سلێمانیدا، نزیکەی 38%ی ئاوارەکانی کەمپەکە پێش تەمەنی یاسایی بەشوو دراون. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتێکی بۆ رێگریکردن لەو دیاردەیە راگەیاندووە.

رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO، بەهاوبەشیی لەگەڵ رێکخراوی minority rights group توێژینەوەیەکیان سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەخت لە کەمپی عەربەت و ئاشتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی کردووە و بۆ توێژینەوەکە لە هەردوو کەمپ، 2143 ژن بەشدارییان کردووە. لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە 820 ژن کە دەکاتە 38%ی بەشداربووان، هاوسەرگیریی پێشوەختیان کردووە.

### بە 10 ساڵی بەشوو دراوە

لە توێژینەوەکەدا تەنیا 780 ژن کاتی هاوسەرگیرییان ئاشکرا کردووە. ژن هەبووە گوتوویەتی لە تەمەنی 10 ساڵیدا بەشوو دراوە. هەروەها 84%ی ئافرەتەکان پێش ئەوەی ئاوارە ببن شوویان کردووە. 7%یان لە کەمپ شوویان کردووە.

سەبارەت بە رازیبوونیان بە شووکردن، تەنیا 420 ژن وەڵامیان داوەتەوە و 7%یان گوتوویانە بە خواستی خۆیان شوویان نەکردووە.

### لە 12 ساڵیدا بوونەتە دایک

لە توێژینەوەکەدا و لەبارەی منداڵبوونی یەکەم، تەنیا 656 ژن وەڵامیان داوەتەوە، دەرکەوتووە سێ ژن لە تەمەنی 12 ساڵیدا بوونەتە دایک، 10 ژنیش لە تەمەنی 13 ساڵی و 26 ژنیش لە تەمەنی 14 ساڵی، تەمەنی 17 ساڵیش بەرزترین ئاستە کە 165 ژنن.

### "باوکیان بەشوویان داون"

ئاشنا رەئووف، بەڕێوەبەر لە رێکخراوی CDO کە قسەی لەگەڵ ژنەکان کردووە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ژنانە کورد و عەرەب، موسڵمان و ئێزیدیشیان تێدایە، زۆربەشیان پەشیمانن و تەنانەت دایکەکانیشیان دژی شووکردنی کچەکانیان بوون، بەڵام گوتوویانە لەلایەن باوکیانەوە بەزۆر بەشوودراون".

ئەو رێکخراوە بە هاوبەشی رێکخراوی unfpa، لە هەردوو کەمپەکە سەنتەری راوێژکاریی خێزانییان هەیە. ئاشنا لەو سەنتەرانەش کار دەکات و گوتی "کچەکان زۆر بە کەمی دەتوانن لەبەردەم باوک و برا گەورەیاندا قسە بکەن، لەو باوەڕەشدا نیم بۆ هاوسەرگیریی ئەوەندە نارەزاییان دەربڕیبێت، تا بگاتە هەڕەشەی کوشتن لێیان".

### لە نێو ئێزدییان زیادی کردووە

محەممەد عەتا، بەرپرسی ئەنجوومەنی کەمپی کەورگۆسک تایبەت بە پەنابەران لە نزیک شاری هەولێر بە (رووداو)ی گوت "لە 2013وە کاتی کردنەوەی کەمپ تا ساڵی رابردوو نزیکەی 30 هاوسەرگیریی پێشوەخت کراوە، بەڵام لەوانەش بەشێکیان جیابوونەتەوە".

سۆزان سەفەر، سەرۆکی رێکخراوی داک کە رێکخراوێکی ئێزیدییە بۆ پرسی ژنان، بە (رووداو)ی راگەیاند "پێش ئاوارەبوونی ژنانی ئێزیدیش، هاوسەرگیریی پێشوەخت هەبووە، بەڵام لەنێو کەمپەکاندا زیاتر بووە و هۆکارەکەشی بۆ خراپیی باری ئابووری و ژیانی نێو کەمپ دەگێڕنەوە".

لقی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی بەهاوکاریی رێکخراوی یونیسێف لە سێ مانگی کۆتایی ساڵی رابردوودا، هەڵمەتێکیان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەو هاوسەرگیرییە بۆ هاووڵاتیان و ئاوارەکانی کەرکووک رێکخست.

سروود ئەحمەد، بەرپرسی لقی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەل بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو پرۆژەیەیان کۆتایی هاتووە، بەڵام بڕیاریان داوە لەسەر بودجەی کۆمەڵەکەیان، هەڵمەتەکە تا داهاتوویەکی دیکە درێژ بکەنەوە.

بە قسەی سروود، ئێستا توانیویانە رێگری لە هەندێک باوک بکەن کە بە زۆر کچەکانیان لە خوێندن دابڕاندووە و ویستوویانە بە زۆر بە شوویان بدەن "هەندێک لە باوکەکان بەبیانووی خراپیی باری دارایی دەیانەوێت کچەکانیان لە خوێندن دابڕن و بە شوویان بدەن، پێمانگوتوون ئامادەین خەرجیی خوێندنەکەشی لەئەستۆ بگرین، بەڵام بەشوویان نەدەن".

سروود نموونەی بە باوکێک هێنایەوە کە ویستبووی بە زۆر کچەکەی بە شوو بدات "پیاوێک سێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە، بەنیاز بوو کچەکەی لە خوێندن دەربێنێت و بەشووی بدات، دەیگوت پێویستی بە خوێندن نییە".

### حکومەت دژی وەستاوەتەوە

لە مانگی رابردووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەشوودانی کچانی منداڵ دەستپێکردووە.

عیماد مەعرووف، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، بەهاوکاریی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و بەهەماهەنگی لەگەڵ چەند وەزارەتێکی دیکە و رێکخراوی UNFPA، لە مانگی رابردووەوە هەڵمەتێکی سێ مانگییان دەستپێکردووە و لەم قۆناغەشدا لە بنکە تەندروستییەکاندا ژنان لە مەترسییەکانی ئەو هاوسەرگیرییە هۆشیار دەکەنەوە.



# بە بەرد و بلۆک کوشتیان و خستیانە نێو ئاوەڕۆیەک

عومەر چاوشین
رووداو- گەرمیان

هەفتەیەکی تەواو بەسەر کوشتنی ئافرەتێکدا لە خانەقین تێدەپەڕێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک خۆی لێ بە خاوەن نەکردووە، پۆلیس و چالاکڤانانیش چەندین لێکدانەوە و ئەگەر بۆ کوشتنی ئەو ئافرەتە دادەنێن. پۆلیس دەڵێت چاوەڕێی راپۆرتی دادپزیشکی دەکەن کە رەنگە 12 رۆژ بخایەنێ.

دوای نیوەڕۆی رۆژی 2017/2/6 سێ هاووڵاتیی دانیشتووی قەزای خانەقین پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە کە تەرمی ئافرەتێک لەنێو ئاوەڕۆیەکدا کەوتووە، کاتێک پۆلیس تەرمەکە دەردێنن، دەردەکەوێ ئەو ئافرەتە بە بەرد و بلۆک لێیدراوە و کوژراوە، پاشان بەسەر زەویدا راکێشراوە و فڕێدراوەتە نێو ئاوەڕۆیەک لە گەڕەکی بەختیاریی شارۆچکەی خانەقین.

ئەو ئافرەتە هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە و کەسیش نایناسێتەوە، چونکە دەموچاوی بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە تاڕادەیەک شێواوە، بەڵام گومان دەکرێت هەر دانیشتووی خانەقین بێ.

عەقید لەمیعە محەممەدە، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند:

"تەرمی ئافرەتەکە نەناسراوەتەوە، هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە، پێدەچێ تەمەنی لە نێوان 18 — 24 ساڵان بێت و لە نیوەشەودا کوژرابێ و پاشان فڕێدرابێتە نێو ئاوەڕۆکە. ئافرەتەکە تەنیا فانیلەیەک و تەنوورەیەکی لەبەردا بوو، لەچکیشی لەسەر بوو".

عەقید لەمیعە چەند هۆکار و ئەگەرێک بۆ کوشتنی ئەو ئافرەتە باس دەکات و دەڵێت "پێدەچێت ویستبێتیان دەستدرێژی بکەنە سەر، بەڵام رەنگە خۆی بەدەستەوە نەدابێ، تاوانبارەکانیش بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن، کوشتوویانە".

هەروەها دەڵێت "رەنگە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو خێزانەکەیدا هەبووبێ، وەکو تۆڵەکردنەوەیەک کوژرابێ. یان رەنگە بە پاساوی پاراستنی شەرەفی خێزانەکەیان کوژرابێ".

تەرمی ئەو ئافرەتە نێردراوە بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی لە دیالە، عەقید لەمیعە گوتی "چاوەڕێی راپۆرتی پەیمانگەی دادپزیشکی دەکەین کە رەنگە 12 رۆژی دیکە دەربچێ، لەو راپۆرتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەستدرێژی کراوەتەسەر یان نا".

کوشتنی ئەو ئافرەتە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو خەڵکی خانەقین هەبووە و خانەقینییەکان دەڵێن ئەو رووداوە شۆکی کردوون.

ئەمەل فوئاد، لێپرسراوی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە خانەقین بە (رووداو)ی گوت، بەهۆی ئەوەی خانەقین لەلایەن دوو حکومەتەوە (هەرێمی کوردستان و عێراق) بەڕێوەدەبرێ، ئەوان لەو نێوانەدا پەراوێزخراون، بۆیە وا بە ئاسانی دەستیان بە زانیاری راناگات. ئەمەل دەڵێت "بەدواداچوونمان کردووە، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆمان دەستنەکەوتووە".

ئەمەل لەو باوەڕەدایە ئەو تاوانە لەلایەن زیاتر لە کەسێکەوە کرابێت.

### خانەقینییەکانی نەهێنایە دەنگ

هەفتەیەک بەسەر کوشتنی ئەو ئافرەتەدا تێدەپەڕێ و تاوانەکە هەندێ لە چالاکڤانانی نیگەران کردووە لەوەی بەبێدەنگی تێپەڕی و هیچ لایەنێک خۆی لێ بەخاوەن نەکرد.

ئەیاد عەلی، چالاکڤانی مەدەنی لە خانەقین بە (رووداو)ی گوت "خەڵک بەهۆی رووداوەکە شۆک بوون، بەڵام بەداخەوە رێکخراوەکان و چالاکڤانانی مەدەنی هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، هیچ جوڵەیەکیان نییە کە بێنە سەر شەقام و دژی کوشتنی ئەو ژنە نارەزایی دەربڕن".

ئەیاد عەلی دەڵێت بە شێوازی کوشتنەکەیدا دەردەکەوێ ئەو ئافرەتە بەناوی پاراستنی شەرەف کوژرابێ. گوتیشی، پێدەچێت هەر خەڵکی خانەقین بێت.

## چوار تەرم لە شارۆچکەی قەرەهەنجیر دۆزرانەوە



**ڕووداو- کەرکووک**

لە شارۆچکەی قەرەهەنجیر کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان کەرکووک - سلێمانی چوار تەرم دۆزرانەوە، پۆلیسیش دەڵێت 60 ڕۆژ بەسەر کوشتنیاندا تێپەڕیوە. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی یەکشەممە 2017/2/12، لەلایەن بنکەی پۆلیسی قەرەهەنجیر لە دۆزینەوەی چوار تەرم لەنێو چاڵێکدا ئاگادار کراینەوە، تەرمەکان بەیەکەوە بوون و 60 ڕۆژ بەسەر کوشتنیاندا تێپەڕیوە". سەرحەد قادر گوتیشی "ئەوە یەکەم حاڵەتی دۆزینەوەی تەرمی نەناسراو نییە لە شارۆچکەکە و دەوروبەری کەرکووک، بەڵکو چەند جارێکی دیکەش تەرمی دیکە دۆزراونەتەوە".

# هاوڕێکەی خۆی کوشت و چووە پرسەکەیشی

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**



سێ ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە، (ب) تەلەفۆنی بۆ کرد و گلەیی ئەوەی لێکرد کە قسەی نەشیاوی پێگوتووە، دواتر هەر خۆی داوای لێکردبوو بەیەکەوە بچنە دەرەوە و شەوێکی خۆش بەسەربەرن، بەڵام شەوە خۆشەکە بەوە کۆتایی هات کە (ب) بەدەستی هاوڕێکەی کوژرا.

هاوڕێیەتی نێوان (ئیبراهیم)ی تەمەن 32 ساڵ، لەگەڵ (ب)ی هاوتەمەنیدا ئەوەندە بەهێز بوو، کوردەواری گوتەنی "موویان بە بەیندا نەدەچوو"، بەڵام هاوڕێیەتی نێوانیان بە مەرگی (ب) کۆتایی هات.

(ئیبراهیم) کە ئێستا لە زیندانە، باسی پەیوەندیی خۆی و (ب) دەکات و دەڵێت "دوو ساڵ لەمەوبەر یەکدیمان ناسی و بووینە هاوڕێ. ڕۆژ بە ڕۆژ هاوڕێیەتی نێوانمان بەهێزتر دەبوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی هاتوچۆی خێزانیمان هەبوو، ئەو لەگەڵ هاوژین و سێ منداڵەکەی دەهاتنە ماڵی ئێمە، هەمیش من لەگەڵ هاوژین و چوار منداڵەکەم دەچووینە ماڵی ئەوان، لە ماوەی هاوڕێیەتیشماندا یەک جاریش دەمەقاڵە و دڵشکاندن و شەڕمان نەبوو".

(ئیبراهیم) گێڕایەوە کە ڕۆژی 2016/12/7 لە بازاڕ بووە، (ب) تەلەفۆنی بۆ کردووە و بە تووڕەییەوە گلەیی لێکردووە کە بۆچی جنێوی پێداوە، بەڵام دەڵێت "من سەرم سوڕما، پرسیم جنێوی چی و کێ گوتوویەتی من قسەم بە تۆ گوتووە؟ دواتر (ب) هاتە بازاڕ و ڕووبەڕووم بووەوە، لێم پرسی کێ گوتوویەتی جنێوم بە تۆ داوە، بەڵام ئەو پێکەنی و هیچی نەگوت، دواتر باسەکەی گۆڕی بۆ سوعبەت و گاڵتەکردن".

### لە دەمەقاڵەوە بۆ دەعوەت

بە گوتەی (ئیبراهیم)، دوای سێ ڕۆژ، دووبارە (ب) تەلەفۆنی بۆ دەکاتەوە و پێیدەڵێت هاوژینەکەی لەماڵ نییە و حەز دەکات بەیەکەوە بچنە دەرەوە.

ئیبراهیم گوتی "(ب) پێیگوتم وەرە ئەمشەو دەچینە مەزرەعەی هاوڕێیەکم و پێکەوە دەخۆینەوە. بەڕاستی ئەوە بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو، چونکە تا ئەو ڕۆژە نەمدەزانی دەخواتەوە، بەڵام دەعوەتەکەیم قبوڵ کرد و بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم چووم بەدوایدا".

(ئیبراهیم) و (ب) لە ڕێگادا هەندێک مەشرووب دەکڕن و ملی ڕێ دەگرن و دەچنە دەرەوەی شار. (ئیبراهیم) گوتی "چووینە گوندی سێبیران لە دەرەوەی هەولێر، لەوێ چووینە نێو مەزرەعەیەک، کەسی لێ نەبوو، دانیشتین و دەستمان بە خواردنەوە کرد".

### "هاوڕێکەم بە دەمانچە تەقەی لێکردم"

(ئیبراهیم) بەردەوامە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە و دەڵێت "نزیکەی کاژێرێک بوو دانیشتبووین، وەکو ڕۆژانی دیکە زۆر بە ئاسایی قسەمان دەکرد، بڕێکی زۆر مەشرووبمان خواردەوە، بەڵام هاوڕێکەم زیاتر لە من خواردییەوە. دواتر من چووم دەستێک بە ئاو بگەیەنم، ئەو لە پشتەوە دەمانچەی لە من ڕاکێشا و دوو گوللەی پێوەنام، بەڵام گوللەکانم بەرنەکەوت و ڕامکرد".

بە گوتەی (ئیبراهیم) تا ئەوکاتەی هاوڕێکەی تەقەی نەکردووە، نەیزانیوە کە (ب) دەمانچەی پێیە، ئیبراهیم دەڵێت "کە بەڕێکەوتین پێش ئەوەی لە شار دەربچین (ب) گوتی دەچم تکە و کەباب دەکڕم، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو، دیار بوو لەوێ دەمانچەی هێنابوو خستبوویە ناو خواردنەکانەوە، ئەگەر بمزانیبایە دەمانچەی پێیە لەگەڵی نەدەچووم".

### "بە دەمانچەکەی خۆی کوشتم"

چیرۆکەکە بە هەڵاتنی (ئیبراهیم) کۆتایی نایەت.. دەڵێت "کاتێک دوو گوللەکەی بەمنەوە نا، من ڕامکرد، ئەو وایزانی هەڵاتووم، بەڵام من لەپشتەوە بۆی سووڕامەوە و لە پشتەوە لێمدا و کەوتە سەر زەوی، دەمانچەکەشی کەوتە دەستی من". دەشڵێت "بەهۆی ئەوەی تەقەی لێکردبووم زۆر زۆر تووڕە بووم، جگە لەوە سەرخۆشیش بووم، بۆیە منیش سێ گوللەم لە سینگی دا".

ئیبراهیم دەڵێت هەر لەوێ دەستبەجێ پەشیمان بووەتەوە و بەزەیی بە هاوڕێکەیدا هاتووەتەوە و ویستوویەتی بیبات بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دەڵێت "(ب) جنێوی زۆری پێدام، باسی نامووسی منی کرد و گوتی ئەگەر بتوانم هەستمەوە دەتکوژم، بۆیە من زیاتر تووڕە بووم و لەبری ئەوەی بیبەمە نەخۆشخانە، چەند گوللەیەکی دیکەشم لێدا و ئەو شوێنەم بەجێهێشت، بۆیە نازانم هەر ئەوکاتە گیانی دەرچووە یان کەی".

### دوو مەخزەنی لە هاوڕێکەی بەتاڵ کردووە

هەرچەندە ئیبراهیم دەڵێت دەمانچەکە هی هاوڕێکەی بووە، بەڵام پۆلیس ئەو چیرۆکە بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت دەمانچەکە هی بکوژ بووە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "کوژراوەکە دەمانچەی نەبووە، ئەو دەمانچەیەی تاوانەکەی پێ کراوە، بکوژەکە بووە".

گوتیشی "(ب) دوو مەخزەن گوللەی لێدراوە، بۆیە ئەگەر دەمانچەکە هی کوژراوەکە بوویێت، بکوژەکە مەخزەنەکەی دیکەی لەکوێ هێناوە؟".

دیارە ئەم ئارگۆمێنتەی پۆلیس لاوازە و دەکرێ هاوشێوەی دەمانچەکە، مەخزەنی گوللەکەش هەر هی کوژراوەکە بووبێ، بەڵام ئیبراهیم لە وەڵامی ئەوەی مەخزەنی دووەمی گوللەکانی چۆن دەستکەوتووە، دەڵێت "من زۆر سەرخۆش بووم و تووڕەش بووم، نازانم ئەو مەخزەنەی دیکەم لە کوێ هێناوە".

### دواتر چی ڕوویدا؟

دوای کوشتنی هاوڕێکەی، ئیبراهیم زۆر پەشیمان دەبێتەوە و دەشڵەژێت، وەکو خۆی دەڵێت "ئەو شەوە کە گەڕامەوە ماڵەوە زۆر شڵەژابووم، خێزانەکەم هێشتا بەخەبەر بوو، بەڵام هیچ پرسیاری لێنەکردم، منداڵەکانیشم خەوتبوون، ویژدانم زۆر ئازاری دەدام، لەو کاتەشەوە کە تاوانەکەم کردووە شەوانە خەوم لێناکەوێت، تەنیا بیر لە هاوڕێکەم دەکەمەوە".

گوتیشی: "هاوژینەکەم بەردەوام لێی دەپرسیم بۆچی وا شڵەژاویت، بۆچی ناخەوی؟ بەڵام من تاوانەکەم لێ دەشاردەوە".

### بەشداریی ناشتن و پرسەکەی کرد

ئەو دەڵێت لەڕێی هاوڕێکانییەوە بەتەواوی دڵنیا بووە کە (ب)ی هاوڕێی مردووە، دەشڵێت "بەشداریم لە ناشتنی تەرمەکەیدا کرد، لەوێ زۆر هەستم بە پەشیمانی دەکرد، بەڵام لەسەر قەبران کەس هیچی نەگوت. نە من قسەم لەگەڵ کردن، نە ئەوانیش پرسیاریان لەبارەی (ب) لە من کرد، هەرچەندە دەشیانزانی کە ئێمە زۆر هاوڕێی یەکدی بووین".

### بە مۆبایل ئاشکرابوو

(ب) ڕۆژی 10/12/2016 لەلایەن هاوڕێکەیەوە کوژرا. بەڵام تاوانەکە هەفتەی ڕابردوو ئاشکرا بوو. بکوژەکە بەبڕیاری دادوەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی بکوژی کرد و گوتی: "پاش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد، توانیمان لەڕێی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی و جوڵەی ئەو کەسە لەو شەوەدا بەهۆی جی پی ئێسەوە، تۆمەتبارەکە بدۆزینەوە و دەستگیری بکەین". گوتیشی "تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسدا ئیعترافی کرد کە هاوڕێکەی خۆی کوشتووە".

---

# لەسەر گاڵتەیەک بە دەستی هاوسەنگەرەکەی کوژرا



ڕەسوڵ محەممەد

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- داقووق**

ڕەسوڵ محەممەد، پێنج ڕۆژ بوو لە مۆڵەت گەڕابووەوە نێو هاوسەنگەرەکانی لە میحوەری داقوق. هاوڕێکانی دەڵێن ئەو ڕۆژە گاڵتەوگەپێکی زۆری لەگەڵ پێشمەرگەکان کرد، بەڵام لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکان لێیان دەبێ بە ناخۆشی و هەر لەلایەن ئەو هاوسەنگەرەیەوە لە شیرینیی خەودا دەکوژرێ.

کاژێر 3:30 خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/2/8 ، پێشمەرگەیەکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی ڕەسوڵ محەممەد، دانیشتووی گوندی توەسوورانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر لە قەزای پشدەر، لەلایەن هاوسەنگەرێکی خۆیەوە بەناوی (ع. ئە) لە گوندی عەلیاوا لە میحوەری داقوق، لە شیرینیی خەودا درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا.

بە گوتەی هاوسەنگەرەکانی، ئەو ڕۆژە ڕەسوڵ وەکو ڕۆژانی ڕابردوو گاڵتەوگەپ و یاری لەگەڵ پێشمەرگەکان کردووە، بەڵام لەگەڵ (ع) لەسەر ئەو گاڵتانە لێیان بووە بە ناخۆشی، هەرچەندە پێشمەرگەکان هەردوولایان ئاشت کردوونەتەوە، بەڵام (ع) قسەکانی ڕەسوڵی لەدڵ گرتووە. کاتێک ڕەسوڵ خەوتووە، دەستڕێژی گوللەی لێکردووە.

حەسەن عەبدوڵڵا، ئامۆزای ڕەسوڵە و ئەویش پێشمەرگەیە، لە دووەم ڕۆژی پرسەی ئامۆزاکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ڕەسوڵ کەسێکی زۆر زۆر باش بوو، زۆر ئازا و چاونەترس بوو، خۆشەویستی نێو بنەماڵەکەمان بوو، ئەو جگە لەوەی پێشمەرگە بوو، ئەو کاتانەی لە دەوام دەگەڕایەوە کرێکاریی دەکرد، بۆ ئەوەی چاوی لە دەستی کەس نەبێ".

ڕەسوڵ باوکی منداڵێکە و هاوژینەکەشی دوو گیانە. ئامۆزاکەی دەڵێت ئەرکی بەخێوکردنی هاوژینەکەی و منداڵەکانی لە ئەستۆ دەگرن.

حەسەن کە ئەو ڕۆژە لە دەوام بووە، ڕووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی "خاڵی پاسەوانییەکەی ڕەسوڵ لە نزیک ئێمە بوو. ڕەسوڵ تاوەکو نزیک 12ی شەو لەلای ئێمە بوو، ئەو شەوە هەر قسەی خۆش و بەسەرهات و نوکتەی بۆ گێڕاینەوە، دواتر ڕوخسەتی لە ئێمە وەرگرت و گوتی دەبێت بڕۆم، چونکە نۆرەی پاسەوانییەکەم هاتووە".

بە گوتەی حەسەن، ئامۆزاکەی، لە کاژێر یەکی شەو تاوەکو دووی شەو پاسەوانی بنکەکەیان بووە، دواتر خەوتووە. حەسەن گوتی "دەوروبەری کاژێر 3:30 خولەک بوو، دەنگی تەقە لە سەنگەرەکەی ڕەسوڵەوە هات، ئێمەش بە هانایانەوە چووین بزانین چی قەوماوە، کاتێک گەیشتینە ئەوێ گوتیان ڕەسول گوللەی لەدەست دەرچووە و بریندارە، ڕەسولمان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی دووزخورماتوو، بەڵام لە ڕێگا گیانی دەرچوو".

حەسەن دواتر ڕاستیی ڕووداوەکەی زانیوە و گوتی "دواتر زانیمان کە ڕەسوڵ لەلایەن (ع) بە ئەنقەست کوژراوە. ئەو شەوە کاتێک ڕەسوڵ خەوتووە، (ع) دەستڕێژی گوللەی لێکردووە، ڕەسول دوو گوللەی بەرکەوتووە، یەکێک لە گوللەکان بەنێوچەوانی کەوتبوو".

بنەماڵەی ڕەسوڵ، چۆنێتی مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکە خستووەتە دوای تەواوبوونی پرسەی ڕەسوڵ. حەسەن گوتی "ئێمە وەکو بنەماڵەی خوالێخۆشبوو داواکارین ئەو بکوژە بە توندترین شێوە سزا بدرێ، چونکە ئەو کەسە هیچ نەخۆشییەکی دەروونی نەبووە. ڕەسوڵیش هیچ کێشەی لەگەڵ ئەو کەسە نەبووە و غەدری لێنەکردووە، تەنیا چەند گاڵتەیەکی سادەیان بە یەکەوە کردووە".

کەسوکاری (ع) زۆر نیگەرانن لەو ڕووداوە، ویستوویانە بەشداری پرسەی ڕەسوڵ بکەن، بەڵام حەسەن دەڵێت ڕێگەمان نەدا بێن، چونکە ڕووداوەکە تازە بووە و ترسمان هەبوو گەنجێکی بنەماڵەکە هەڵوێستێکی خراپ بەرامبەر بنەماڵەی تۆمەتبارەکە نیشان بدەن.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی (ع. ئە) پشتڕاستی کردەوە کە (ع) بە ئەنقەست ڕەسوڵی کوشتووە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئێمە خۆزگەمان دەخواست تەرمی (ع)مان بۆ بێتەوە، نەک ئەو تاوانە ئەنجام بدات".

ئەو سەرچاوەیە ئامادەیی بنەماڵەکەی نیشاندا بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لەگەڵ بنەماڵەی ڕەسوڵدا بکەن و گوتی "هەر لە یەکەم ڕۆژی پرسەکەدا داوامان لێکردن کە بەشداریی پرسەی ڕەسوڵ بکەین، بەڵام ڕێگەیان نەدا. دواتر چەند بەساڵاچوویەکی بنەماڵەکەمان بەشدارییان لە پرسەکەدا کرد".

گوتیشی "ئەو بنەماڵەیە هەرچییەک بڵێن ئێمە ئامادەین، ئەگەر دۆسیەکە بدەنە دەست یاسا، لاریمان نییە و یاسا چی بڵێت ئێمە ئامادەین".

ئەو سەرچاوەیە باسی کەسایەتی تۆمەتبارەکەی کرد و گوتی "کەسێکی خراپ نەبووە، بەڵام کەمێک تووڕە بوو، زوو هەڵدەچوو، زۆرجار کە تووڕە دەبوو تەنانەت دەستی لە منداڵەکانیشی نەدەپاراست".

### دەدرێتە دادگای سەربازی

مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، لەبارەی کوژرانی ڕەسوڵ محەممەد، بە دەستی هاوسەنگەرەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "ڕەسوڵ پێشمەرگە بوو لە لیوای 116ی سۆران-ی سەر بە یەکەکانی 70ی پێشمەرگە. لەلایەن هاوسەنگەرێکی خۆیەوە تەقەی لێکراوە و شەهید کراوە". گوتیشی "هەر دوای ڕووداوەکە تۆمەتبارەکە دەستگیرکراوە و دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای سەربازی کراوە". سەبارەت بە چارەنووسی پلە و مووچەی قوربانییەکەش، مستەفا چاوڕەش گوتی "لەبەر ئەوەی ئەو پێشمەرگەیە لە ئەرکدا بووە لە بەرەکانی جەنگ، ڕووداوەکەش لە شوێنی ئەرکەکەیدا بووە، وەکو شەهید حیسابی بۆ دەکرێت و هەموو ئیمتیازێکی شەهیدان دەیگرێتەوە".

# لیستە بچووکەکان ترسیان لە سیستەمی نوێی هەڵبژاردن هەیە

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق جگە لەوەی ناکۆکی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق دروستکردووە، بۆچوونی جیاوازیشی خستووەتە نێو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا. لیستە بچووکەکانیش دەڵێن دەبنە قوربانیی ئەو یاسایە ئەگەر پەسەند بکرێ.

بەپێی پێشنیازەکان کە لە پرۆژە یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە، داوای جێگیرکردنی سیستەمی هوندت لە یاسای هەڵبژاردنەکان دەکرێت. پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامیش پێیوایە ئەو پێشنیازە تەنیا لە بەرژەوەندی حیزبە گەورەکانە.

زانا رووستایی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "بەپێی ئەو پێشنیازانەی بۆ جێگیرکردنی سیستەمی هوندت خراونەتە ڕوو، زۆربەی لیستە گەورەکان کورسییەکان دەبەن و لیست و لایەنە بچووکەکانیش دەنگەکانیان بۆ ئەوان دەڕوات".

زانا رووستایی کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاساییە، دەڵێ "بەپێی سیستەمی پێشوو کە سانت لیگۆ بوو، ژمارەی دەنگی لیستەکان دابەشی 1.4% دەکرا، بەڵام لەو پێشنیازانەی کراون، ژمارەی دەنگی لیستەکان دابەشی 1.9% دەکرێت، ئەمەش وا دەکات لیستە بچووکەکان دەنگێکی زۆریان بڕوات".

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەبێ لە کۆتایی نیسانی 2018 هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت. هەرچەندە هێشتا پتر لە ساڵێکی ماوە، بەڵام ئێستا باس لە چەند پرۆژە یاسایەک دەکرێ بۆ هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، لەوانەش پرۆژە یاسایەک لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمار و یەکێک لەلایەن حکومەت و پرۆژەیە یاسایەکیش کە لەلایەن ڕەوتی سەدرەوە ئامادەکراوە، بەڵام هیچ کام لە پرۆژە یاساکان نەگەیشتوونەتە پەرلەمان.

پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێت هێشتا بەرچاویان روون نییە کە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بە چ میکانیزم و شێوازێک دەکرێت. شوان، گوتەبێژی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا هیچ شتێک روون نییە و گفتوگۆکان لە نێوان لایەنەکان کراوەیە، وەکو هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا کۆنەکە ژمارەی کورسییەکانمان مسۆگەرە، بەڵام کورد تەنیا لە هەرێمی کوردستان نییە، بۆ نموونە ئێمە لە پارێزگای سەلاحەدین دووەمین دەنگین کەچی کورد هیچ کورسییەکی نەبردووە، بۆیە دەبێ تەکنیکی هەڵبژاردن بگۆڕین و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمێک بدەین کە بەرژەوەندی کوردی تێدا بێت".

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی 2014ی پەرلەمانی عێراق، ژمارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان 44 کورسییە کە بەم شێوەیە دابەشکراوە: هەولێر 15 کورسی، سلێمانی 18 کورسی و دهۆک 11 کورسی، بەڵام بەهۆی بەدەستهێنانی کورسی لە پارێزگاکانی کەرکووک، دیالە و مووسڵ، کورد لە تەواوی عێراق خاوەنی 65 کورسییە.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق ئەو پێشنیازانەی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتی عێراقەوە بۆ جێگیرکردنی سیستەمی هەڵبژاردنی هۆندت نێردراون، لە بەرژەوەندی حیزبە گەورەکان دەبینێت و دەڵێ "حیزبە گەورەکانی عێراق دەیانەوێ بەپێی ئەو یاسایە دەنگی لایەنە بچووکەکان بۆ خۆیان ببەن، تێبینیمان لەسەر ئەو پێشنیاز و پرۆژانە هەیە".

موسەننا ئەمین هەروەها گوتی "یەکەم ستەم لایەنە عێراقییەکان لە کوردیان کرد بازنەی هەڵبژاردنی عێراقیان لە یەک بازنەوە کردە 18 بازنە، ئەمەش وایکرد لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەنگی کورد بفەوتێ، جگە لەوە ژمارەیەکی کەمی کورسییان بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تەرخان کرد، کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان یەک ناگرێتەوە و دادپەروەریی تێدا نەبوو".

ڕۆژی 2017/2/8، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی ئەو حیزبە لە پیرمام کۆبووەوە و شەش تەوەریان تاوتوێ کرد، یەکێکیان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بوو کە بە بۆچوونی سەرکردایەتی پارتی "ئەم یاسایەی ئێستا بەرکارە، تەنیا لە خزمەتی لایەنێکدایە و پێویستە چاوی پێدابخشێنرێتەوە، بەشێوەیەک لە خزمەت و سوودی هەموو پێکهاتەکاندا بێت".

ئەردەلان نورەدین، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "وەکو پارتی لەگەڵ شارەزایان لە کۆبوونەوە و گفتوگۆدایین بۆ ئەوەی بزانین چی لە بەرژەوەندی کوردە، ئەوە لە یاسای هەڵبژاردن جێگیر بکەین، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا خوێندنەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نەکراوە و ئەوەی باسی لێوە دەکرێت تەنیا پێشنیازە".

ئەردەلان نورەدین گوتیشی "ژمارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان جێگیرە، ئێمە وەکو پارتی چاومان لەوە نییە سیستەمێک دابنێین زۆرترین کورسی هەرێمی کوردستان ببەین، بەڵکو چاومان لە زیادکردنی کورسییەکانی کوردە لە کەرکووک، دیالە، مووسڵ و سەلاحەدین و تەنانەت لە بەغدا، بۆیە ئێمە بەرژەوەندی حیزبی دەکەینە قوربانی بەرژەوەندیی کورد".

هەفتەی ڕابردوو جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ تۆڕی میدیایی رووداو ڕایگەیاند کە حیزبەکەی بە جددی بیر لەوە دەکاتەوە ئایا بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەکات یان نا! چونکە وەک ئەو گوتی "ئێستا ڕایەکی زاڵ لەنێو پارتیدا هەیە کە چیدی بەشداری نەکەن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا" و گوتی "ئەم ڕایەش زۆر بەهێزە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ:** بەپێی پرۆژە نوێیەکە دەنگی لیستە بچووکەکان بۆ لیستە گەورەکان دەڕوات

**پەرلەمانتارێکی یەکێتی:** دەبێ تەکنیکی هەڵبژاردن بگۆڕین

# ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە دهۆک دەکرێتەوە

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەیدا بڕیاری دا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای دهۆک بکرێتەوە. ئێستا قسە لەسەر دیاریکردنی کەسێکە بۆ بەرپرسی ئەنجوومەنەکە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرکردایەتی پارتی دەڵێت سیداد بارزانی، کاندیدی بەهێزە بۆ ئەو پۆستە.

لە دوایین کۆنگرەی پارتیدا کە لە کانوونی دووەمی 2010 بەسترا، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکووک درا، کە هەر ئەنجوومەنێک سەرپەرشتی لقەکانی سنووری پارێزگاکان دەکات.

هەر دوای کۆنگرە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای هەولێر، سلێمانی، (کەرکووک و گەرمیان) دروستکران، بەڵام دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر کۆنگرەدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای دهۆک نەکراوەتەوە.

ڕۆژی 2017/2/8 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام کۆبووەوە و چەند بڕیارێکی دەرکرد. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) یەکێک لەو بڕیارانە کردنەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی بوو لە پارێزگای دهۆک.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند زانیارییەکی لەسەر کردنەوەی ئەو ئەنجوومەنە ئاشکرا کرد و گوتی "وا بڕیارە مانگی داهاتوو ئەو ئەنجوومەنە بە فەرمی بکرێتەوە".

ئەو سەرچاوەیەی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی سەرۆکی ئەنجوومەنەکەی کرد و گوتی "سەرەتا باس لەوە کرا کە تەمەر ڕەمەزان یان جەعفەر ئیبراهیم دەکرێتە سەرۆکی ئەنجوومەن، بەڵام ئێستا بۆچوونێکی بەهێز هەیە کە سیداد بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە".

پارێزگای دهۆک بە قەڵای زەردی پارتی دادەنرێت، لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە 75%ی دەنگی ئەو پارێزگایە بۆ پارتی چووە، بەڵام تازە وا بڕیارە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لەو پارێزگایە بکرێتەوە.

سەرچاوەکەی پارتی دەڵێت ڕاستە کردنەوەی ئەو ئەنجوومەنە لە پارێزگای دهۆک زۆر دواکەوت، هۆکارەکەشی بۆ ڕێکنەکەوتنی بەرپرسی لقەکانی پارتی لە سنووری پارێزگای دهۆک گەڕاندەوە، لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنەکە.

پارتی لە سنووری پارێزگای دهۆک، پێنج لقی هەیە ئەوانیش: لقەکانی دهۆک، زاخو، ئامێدی، شێخان و ئاکرێن.

عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێش ئەو گۆڕانکاریانەی پارتی بەرپرسی لقی شێخان بوو و ئێستاش کراوەتە بەرپرسی لقی 10ی پارتی لە سۆران، بە (رووداو) گوت "سەرۆک بارزانی گوتی دەبێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای دهۆک بکرێتەوە، بەڵام هێشتا هیچ کەسێک بە فەرمی دەستنیشان نەکراوە بۆ ئەو پۆستە، ئەو ناوانەی ئێستا باس دەکرێن، هیچیان یەکلایی نەبوونەتەوە".

**سەرچاوەیەک:** سیداد بارزانی دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە دهۆک

**عەلی عەونی:** هیچ کەسێک بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکراوە

# یەکگرتوو دەڵێ هەڵمەتەکەی گۆڕان کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی نابێ

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

کادر و لایەنگر و هەوادارانی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو هێزی خۆیان خستووەتەگەڕ بۆ تەواوکردنی شەڕێک کە لەڕاستیدا پڕۆژەی شەڕەکانی دیکەیە و گەیشتووەتە ئەوێ.

شەڕە قسەکە چەند کاژێرێک دوای قسەکانی سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو هات کە جگە لەوەی پەکخستنی پەرلەمانی بە تاوان ناوبرد، ڕەخنەشی لە دانیشتنی ڕۆژی 19ی ئابی 2016 گرت و بە "هەڵەیەکی شاخدار" وەسفی کرد، ئەمینداری یەکگرتوو گوتی "حیزبەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکییەکان بڕیارێکیان وەرگرت و هێزە سیاسییەکانیش لەوێ بوون، بڕیار بوو دانیشتنی 19ی ئاب دوابخرێت، بە ڕێککەوتنیش بوو، هەموو لایەکیش ڕازی بوون، بەڵام هەر کرا".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، نیگەران بوو لەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشێوەیەکی بەربڵاو هێرشیان کردووەتە سەر ئەمینداری گشتی و حیزبەکەی، بەڵام داوای کرد "پەیوەندیی نێوان یەکگرتوو و گۆڕان ئاسایی ببێتەوە. سیاسەتی حیزبەکانیش لە فەیسبووکەوە دانەڕێژرێ".

ئەو سەرکردەیەی یەکگرتووی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەبەر داواکارییەکەی ئەمینداری حیزبەکەی بۆ پاراستنی هێمنی، داوای کرد کادران و لایەنگرانی یەکگرتوو "وشەی نەشیاو" بەرامبەر هیچ لایەنێکی سیاسی بەکارنەهێنن "گۆڕان و هەموو لایەنەکانی دیکەش باش دەزانن ئێمە وەک یەکگرتوو چ ڕۆڵێکمان گێڕا لەوەی کوردستان نەکەوێتە نێو ئاشووبێکی دیکەوە، هەر بۆیە یەکگرتوو ئاشتەوایی هەڵبژاردووە و هەرواش دەمێنێتەوە".

ماوەی چوار ساڵ، یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوون، ڕەخنەی توندیان لەو حکومەتە دەگرت کە پارتی و یەکێتی تێیدا هاوبەش بوون، بەڵام لە هەڵبژاردنی ڕابردوو هەر سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکە لەگەڵ پارتی و یەکێتی حکومەتی بنکە فراوانیان پێکهێنا.

زۆری نەبرد حکومەتی بنکە فراوان کێشەی تێکەوت، ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لە نێوان گۆڕان و پارتی هەبوو بۆ پێکهێنانی ئەو کابینەیەی حکومەت، بەهۆی دانیشتنی ڕۆژی 19ی ئابی 2015 کێشەی تێکەوت. پارتی ڕێگەی نەدا د.یوسف محەممەد بگەڕێتەوە شاری هەولێر، دواتریش چوار وەزیرەکە و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی گۆڕان کە لە حکومەت بوون، بە بڕیاری پارتی دوورخرانەوە.

داخی گۆڕان لە یەکگرتوو ئەوەیە کە ئەوانیش وەکو گۆڕان خاوەنی پڕۆژە بوون بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام دەڵێن ئێستا خەریکە یەکگرتوو پشت لە پڕۆژەی خۆی و سێ حیزبەکەی دیکە (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکێتی) دەکات بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.

عەبدولڕەزاق شەریف، بەرپرسی میدیای بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە پەیوەندی نێوان گۆڕان و یەکگرتوو، گرژی و ئاڵۆزیی تێکەوتبێ و دەڵێ "هێرشمان نەکردووەتە سەر یەکگرتوو تاوەکو ڕاپبگرین و هیچ کێشەیەکیشمان لەگەڵ برایانی یەکگرتوو نییە".

بەڵام هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەکە دەڵێ قسەکانی ئەمینداری یەکگرتوو ئازاری داون و بە پاشەکشەی یەکگرتووی تێدەگەن لەو پڕۆژە و بڕیارانەی بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی دابوویان "هەروەک لە کاتی خۆیدا وەک پێویست نەهاتنە پێشەوە، نەدەبوو هێرش بکاتە سەر سەرۆکی پەرلەمان و بەهۆکاری تێکچوونی دۆخەکە تۆمەتباری بکات".

ئەو هەڵسووڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە بڕیار و سیاسەتەکانی یەکگرتوو لە قازانجی پارتی یەکلایی بوونەتەوە. هەروەها دەڵێ "گۆڕان لەو بڕوایەدا بوو کە یەکگرتوو مەبەستێتی پڕۆژە هاوبەشەکان بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی بگەنە شوێنی خۆیان".

"سیاسەتی یەکگرتوو، قسەی ئەملا و ئەولا کاری تێناکات"، سوهام عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان هەروەها دەڵێت ئەمینداری گشتی سوور دەبێ لەسەر هەوڵەکانی بۆ ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان و قسەی نێو فەیسبووک و هەڵمەت و هێرشی ڕاگەیاندن وای لێناکەن ساردببێتەوە لەکارکردن بۆ نزیککردنەوەی لایەنەکان لەیەکدی.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی وەرگرتووە، بەو پێیەی هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان نائومێد نەبووە لە هەوڵەکان بۆ چارەسەری دۆخی سیاسی، بەشێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەکە پێیان باش نەبووە لە میدیای بزووتنەوەکەوە هێرش بکرێتە سەر ئەمینداری گشتی یەکگرتوو.

عەبدولڕەزاق شەریف، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و یەکگرتوو، ئاساییە "ئێمە پەیوەندی دۆستانەمان درێژە پێدەدەین و ئەو بابەتانە کارناکەنە سەر پەیوەندییەکانمان".

لەو شەڕەی لایەنگرانی ئەو دوو حیزبە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێیەوە خەریکن، گۆڕان ڕەخنەی نزیکبوون لە پارتی ڕووبەڕووی یەکگرتوو دەکاتەوە و یەکگرتووش پێیوایە گۆڕان بەرگەی ڕەخنە ناگرێ و ئەوەی ڕەخنەی لێبگرێ، بەهەمان شێوەی پارتی و یەکێتی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەمینداری گشتی یەکگرتوو داوای کرد، یەکگرتووەکان بەمێشکێکی ساردەوە لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی دۆخەکە هێور ببێتەوە.

جەمال کۆچەر، ئەندامی سەرکردایەتی و پەرلەمانتاری یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ئەمینداری حیزبەکەیان لەلایەن گۆڕانەوە دەڵێت "گۆڕان توندە، با هەر توند بێ. ئێمە لە مێژووی کارکردنی خۆمان پشتڕاستین. تاوەکو ئێستا یەک دڵۆپ خوێنی کەس بەدەستی ئێمە نەڕژاوە".

گوتیشی "گۆڕان خێری لە یەکگرتوو بینیوە، سەرکردەکانی گۆڕان بەشێکی زۆریان کادیرانی یەکگرتوون. با گۆڕان فیشەکی خۆی هەر بتەقێنێ".

**سەرکردەیەکی یەکگرتوو:** با گۆڕان فیشەکی خۆی هەر بتەقێنێ

**هەڵسوڕاوێکی گۆڕان:** سیاسەتەکانی یەکگرتوو لە بەرژەوەندیی پارتین

### توێژینەوەیەکی زانستیی سێ پزیشکی کورد:

# ڕێژەی شێرپەنجە لە کوردستان کەمترە لە ئەوروپا و ئەمریکا

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

توێژینەوەیەکی زانستی بۆ ماوەی هەشت ساڵ چاودێریی دۆخی شێرپەنجە لە پارێزگای سلێمانی دەکات و ئەنجامەکەشی بەرچاوڕوونییەک دەخاتەڕوو سەبارەت بە ڕێژەی شێرپەنجە. یەکێک لە ئەنجامدەرانی توێژینەوەکە دەڵێ "چیدی شێرپەنجە یەکسان نییە بە مردن. ئێستا چارەسەری زۆرباش هەن بۆ لەنێوبردن یان کۆنترۆڵکردنی ئەو نەخۆشییە".

توێژینەوەکە لەلایەن سێ پزیشکی کورد: د.نەجمەددین خۆشناو، د.هاژە عەبدوڵڵا و د.دانا عومەر لە نەخۆشخانەی هیوا کراوە. سەرجەم ئەو حاڵەتانەی شێرپەنجە هەژمار و پۆلێن کراون کە لە نێوان کانوونی دووەمی 2006 تاوەکو کانوونی دووەمی 2014 لەو نەخۆشخانەیە تۆمارکراون.

بەپێی توێژینەوەکە، لەو ماوەیەدا 8031 تووشبووی شێرپەنجە لە سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمارکراون، ئەوە جگە لە 3000 حاڵەتی دیکە کە لە نەخۆشخانەکە تۆمارکراون، بەڵام خەڵکی سنووری پاریزگای سلێمانی نەبوون و نەکراونەتە بەشێک لە توێژینەوەکە.

د.دانا عومەر، یەکێک لە ئەنجامدەرانی توێژینەوەکە و پسپۆڕی خوێن و شێرپەنجە، باس لە سەرەتای بیرۆکەکەیان دەکات و دەڵێت "هەرکەس لای خۆیەوە دەیگوت شێرپەنجە لە کوردستان زۆر زیاترە لەچاو وڵاتانی دیکە، بۆیە بە پێویستمان زانی زانست بکەینە دادوەر، توێژینەوە ئەو دەنگۆیانە بسەلمێنێ یان ڕەتبکاتەوە".

بەپێی توێژینەوەکە ساڵی 2008 ڕێژەی شێرپەنجە لە سلێمانی 38 کەس بووە بۆ هەر 100 هەزار کەس، کەچی ساڵی 2013 ڕێژەکە 61 کەس بووە بۆ 100 هەزار کەس. واتە ڕێژەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان بە ڕێژەی 60% زیادیان کردووە.

وەک لە توێژینەوەکەدا هاتووە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێنەوە لە ساڵی 2003، بە گشتی ژیانی خەڵکی کوردستان گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەردا هات و شێوازی ژیان گۆڕا (بەرەو ڕۆژئاوایی) و ئەوەش ڕێژەی شێرپەنجەی زیاد کرد.

بەڵام د.دانا دەڵێ ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێ کە ساڵی 2006 نەخۆشخانەی هیوا تەنیا ساڵێک بووە دامەزراوە و وەک ئێستا ناسراو نەبوو، تەنیا بەشێک لە تووشبووان لە نەخۆشخانەکە تۆمارکراون.

لەگەڵ زیادبوونی تەمەن ڕێژەی تووشبوون زیادی کردووە، بۆ نموونە لە تەمەنی 65 ساڵیدا، تووشبوون بە شێرپەنجە لە هەر 100 هەزار کەسدا، لە ڕەگەزی نێرینەدا گەیشتووەتە 597 حاڵەت و لە مێیینەشدا گەیشتووەتە 363 حاڵەت.

### شێرپەنجە لەچاوجاران زیادی کردووە

توێژەرەکان دەڵێن تێبینی زیادبوونی شێرپەنجەیان کردووە بە بەراورد بە ڕابردوو، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ڕێژەیەی لە ئەوروپا و ئەمریکا تۆمار دەکرێ.

ساڵی 2013 تووشبوون بە شێرپەنجە لە کوردستان 61 کەس بووە بۆ هەر 100 هەزار کەسێک، بەڵام لە هەمان ساڵدا لە وڵاتێکی وەک قەتەر تووشبوون بە شێرپرنجە لە هەر 100 هەزار کەسدا 63 کەس بووە، لە ئوردن 113 کەس، میسر 143، قوبرس 164، بەریتانیا 597 و ئەمریکا 318 .

لە باشووری کوردستان لە هەر 100 هەزار کەس 17.1 کەس تووشی شێرپرنجەی مەمک دەبن، ئەو ڕێژەیەش نزیکە لە ئوردن کە 18.7 ـەو ئیسرائیل 19.2، بەڵام کەمترە لە میسر کە 25 کەسە و قوبرس 30 و ئەمریکا 51 کەس.

دکتۆر دانا دەڵێ "کوردستان هێشتا لە زۆنی مەترسیداری شێرپەنجەدا نییە، نابێ میدیاکان خەڵکی بتۆقێنن و بڵێن شێرپەنجە بەشێوەیەکی بەربڵاو زیادی کردووە".

### شێرپەنجەی خوێن لە سلێمانی

پزیشکە توێژەرەکانی سلێمانی بۆیان دەرکەوتووە ڕێژەی شێرپەنجەی خوێن بە بەراورد بە جۆرەکانی شێرپەنجە زۆرترە، لە پیاواندا 22.9% و لە ژناندا 17.6%ی کۆی شێرپەنجە پێکدێنێ. لە منداڵانیشدا زیاتر لە نیوە (50.8%)ی هەموو حاڵەتەکان پێکدێنێ.

لە هەریەک لە ژنان و پیاوانی سلێمانیدا شێرپەنجەی خوێن دووەم بڵاوترین جۆری شێرپەنجە بووە. مەبەست لە زیادبوونی شێرپەنجەی خوێن لە کوردستان، ڕێژەکەیەتی بە بەراورد بە جۆرەکانی دیکە، دەنا بەپێی ژمارەی حاڵەتەکان هێشتا کەمترە لەوەی لە وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا و ئەمریکادا هەیە.

توێژەرەکان دەڵێن هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا نییە دەریبخات بۆچی شێرپەنجەی خوێن لەچاو شێرپەنجەکانی دیکە بڵاوترە، بەڵام چەندین لێکدانەوە هەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتە.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە کە کوردستان لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی چەندین جەنگ بووەتەوە، وەکوو جەنگی عێراق – ئێران، شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداو. ڕژێمی سەددام حوسێن بۆمبی کیمیایی لە کوردستان داوە و ژینگەکەی پیس کردووە. یۆرانیۆمی بەکارهاتوو لە باشووری عێراقیش بەشێوەی جیاواز گەیشتووەتە کوردستان.

دکتۆر دانا دەڵێ پزیشکێکی توێژەر لە پارێزگای ئەنبار بۆی دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی لە باشووری عێراق شێرپەنجەی خوێنیان هەیە، لە میزیاندا ڕێژەی یۆرانیۆم 100 هێندەی ئاساییە و ڕەنگە هۆکاری تووشبوونی منداڵانی عێراق بە شێرپەنجەی خوێن، هەر ئەو یۆرانیۆمە بێ.

### ریزبەندیی شێرپەنجە لە کوردستان

کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکی دەڵێ ریزبەندی شێرپەنجە بڵاوەکانی پیاوان لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەمجۆرەیە: سییەکان، گەدە و جگەر. بەڵام لە کوردستان بریتییە لە: سییەکان، شێرپەنجەی خوێن، شێرپەنجەی لیمف، شێرپەنجەی کۆڵۆن و شێرپەنجەی پرۆستات.

ریزبەندی شێرپەنجە بڵاوەکانی خانمانیش بەمجۆرەیە: مەمک، ملی منداڵدان، منداڵدان و گەدە، بەڵام لە کوردستان بەمجۆرەیە: مەمک، شێرپەنجەی خوێن، شێرپەنجەی لیمف، کۆڵۆن و منداڵدان.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## لە هەر 100 هەزار کەس لە کوردستان 61 کەس تووشی شێرپەنجە بوون

### شێرپەنجەی پەیوەست بە سێکس کەمە

شێرپەنجەی ملی منداڵدان کە بە زۆری بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی پاپلۆما ڕوودەدات و هۆکارەکەشی پەیوەندیی سێکسییە، ئەم شێرپەنجەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دووەم شێرپەنجەی هەرەباوە لەنێو خانماندا، بەڵام لە کوردستان ئێجگار دەگمەنە و ساڵانە لە 100 هەزار کەس 0.45 کەس تووش دەبن. جگە لەوە، لە کوردستان ئەو شێرپەنجانەش نین کە پەیوەستن بە نەخۆشیی ئایدز.

### لەو هەشت ساڵەدا چەند کەس مردوون؟

لەو کەسانەی بۆ توێژینەوە نوێیەکە تۆمار کرابوون، لە ماوەی هەشت ساڵی بەردەوامی توێژینەوەکەدا 12.5%ی تووشبووەکان مردن. بڵاوترین هۆکارەکانی مردن بەڕیز بریتی بوون لە شێرپەنجەکانی: خوێن، سییەکان، لیمف، کۆڵۆن، مەمک و گەدە.

### شێرپەنجە یەکسان نییە بە مردن

دکتۆر دانا عومەر، پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجە و خوێن خوازیارە ئەو تابۆیەی سەبارەت بە شێرپەنجە هەیە بشکێندرێ "ئێستا حەفتاکان نییە شێرپەنجە یەکسان بێ بە مردن، ئێستا چارەسەری زۆر کارا هەن". دکتۆر دانا دەڵێت "ئەگەر 100 کەس تووشی شێرپەنجە ببن، ئەوە بە نزیکەی سێییەکیان چاک دەبنەوە بە یەکجاری، سێیەکی دیکەیان نەخۆشییەکەیان کۆنترۆڵ دەکرێ و تەنیا ڕێژەیەکی سنووردرایان نەخۆشییەکەیان کۆنترۆڵ ناکرێ". ئەو پزیشکە هیوادارە تووشبووانی شێرپەنجە تەنیا ڕوو لە نەخۆشخانەی هیوا بکەن و چیدی بە قسەی خزم و کەسوکاریان ڕوو لە ئوردن و هیندستان نەکەن "چونکە لەوێ جگە لە ئیفلاسبوون هیچدیکەیان بۆ نامێنێتەوە".

# خۆت لە شەرابی سوور بەدوور بگرە

ڕووداو- ئیندیپێندنت

دوایین بەڵگەکان دەریدەخەن کە سوودی شەرابی سوور بۆ دڵ زۆر کەمترە لەوەی پێشتر پێشبینی دەکرا، هەروەها توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو زیانانەی شەرابی سوور بۆ دروستکردنی شێرپەنجە هەیەتی، زۆرترن لەو سوودانەی بۆ دڵ هەیەتی.

ڕێکخراوی جیهانی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە هەندێ هۆشداریی نوێی بڵاوکردەوە، دوای ئەوەی ڕاپرسییەک دەریخست کە 87%ی خەڵکی بەریتانیا بێئاگان سەبارەت بە مەترسییەکانی شەرابی سوور لەسەر دروستبوونی خانەی شێرپەنجەیی.

بەپێی ڕاپرسییەکە 27%ی گەنجان گوتوویانە کە دەزانن شەرابی سوور ڕێگا خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە، بەڵام تەنیا 6%ی بە تەمەنەکان ئاگاداری ئەو مەترسییە بوون.

ڕێکخراوی جیهانی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە دەڵێ وازهێنان لە خواردنەوە کحولییەکان یەکێکە لە ڕێگە کاریگەرەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە. بە تایبەت ئەگەر هاوکات بێ لەگەڵ وازهێنان لە جگەرە و ڕێکخستنی کێش.

ڕێکخراوەکە دەڵێ 75%ی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان لایەنی بۆماوەیی و نەخۆشییەکانی دڵ، زانیویانە و بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە لایەنی بۆماوەیی تەنیا هۆکاری 10%ی تووشبوونی خەڵکییە بە نەخۆشییەکانی دڵ.

سارە تۆول، بەرپرسی بەشی زانیارییە تەندروستییەکان لە ڕێکخراوی جیهانیی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە، دەڵێ "هەموو جۆرەکانی کحول ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکەن، بۆیە ئێمە ڕێنماییتان دەکەین ئەگەر دەتانەوێ ڕێگە لە تووشبوون بە شێرپەنجە بگرن، ئەوە هیچ جۆرە کحولێک مەخۆنەوە".

بەرپرسی ڕێکخراوە قازانجنەویستەکە دەڵێ ئەگەر هەموو خەڵکی بەریتانیا واز لە خواردنەوە کحولییەکان بهێنن، ئەوە ساڵانە لەو وڵاتە ڕێگە لە 21 هەزار حاڵەتی نوێی تووشبوون بە شێرپەنجە دەگیرێ.





# دەلایلاما: وەکوو منداڵ بژین

ڕووداو- CNN

دەلایلاما، ڕێبەری سیاسی و ڕۆحیی تیبتییەکان لە ڕۆژئاوای چین دەڵێ لە هەر بارودۆخێکدا بی، دەتوانی دەروونێکی شاد و ئارامت هەبێ.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی تەندروستیی کەناڵی CNN لەبارەی سروشتی دۆناڵد ترەمپ و مەترسییەکانی سەرۆکایەتیی ئەو بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی دەروونی، پرسیار لە دەلایلاما براوەی خەڵاتی نۆبڵ و ڕێبەری سیاسی و ڕۆحیی تیبتییەکان کرا، ئەو گوتی لە هەموو بارودۆخێکدا مرۆڤ دەتوانێ خۆشحاڵ بژی و دەروونێکی ئارامی هەبێ.

دەلایلاما چەند هەنگاوێکی دیاری کردوون بۆ گەیشتن بە خۆشحاڵی و ئارامیی دەروونی:

**1- هەستی هاوسۆزی:**

کاتێک هاوسۆزی بۆ ئەو کەسانە دەردەبڕی کە پێویستیان بە هاریکاریی تۆیە، مانای ئەوەیە لە ئازارەکانیان تێدەگەی. دەروونناسانیش سەلماندوویانە کە هەستی هاوسۆزی بۆ ئارامیی دەروونی و هەستکردن بە خۆشحاڵی گرنگە.

**2- ڕامانی قووڵ:**

خودی دەلایلاما بەردەوام کاژێر سێی بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستێ. ڕۆژانەش پێنج کاژێر بە ڕامانی قووڵ بەسەردەبات. زۆربەمان لەوانەیە بواری ئەنجامدانی ئەوەمان نەبێ، بەڵام توێژینەوەکان دەریانخستووە تەنیا 10 خولەک لە ڕامانی قووڵ (مێدیتەیشن) کاری مێشک ڕێکدەخات و گوشاری دەروونی کەم دەکاتەوە.

**3- تووڕە مەبە:**

تووڕەیی بەردەوام دەبێتە هۆی خەمۆکی، خەوزڕان، زۆرخۆری، نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی دڵ و مردنی پێشوەخت.

**4- یارمەتیی خەڵکی بدە:**

بەشداریکردن لەکاری خۆبەخشی، یان کاری تاکەکەسی و بە هاناوەچوونی خەڵکی، هەستی خۆشحاڵی لە مرۆڤدا دروست دەکات، ئەوەش دژی خەمۆکی و گوشاری دەروونییە.

**5- وەکوو منداڵ بە:**

منداڵان زۆر ڕاستگۆن و گوێ نادەنە ئەوەی سەر بە چ ئاینێکن، یان نەتەوەیەکن، ئەوان بە دواداچوون بۆ بنەماڵە و باکگراوندی بەرامبەرەکانیان ناکەن و کۆت و مەرجی بەرامبەرەکانیان وەردەگرن.

## شەڕ زیانی یەک تریلیۆن دۆلاری لە سووریا داوە

# چین سوودمەندی یەکەمی سووریای پاش جەنگ دەبێت



(فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

لە چەند مانگی رابردوودا کۆمەڵێک نیشانە دەرکەوتوون کە ئاماژەن بۆ نزیکبوونەوەی کۆتایی جەنگی نێوخۆی سووریا. تورکیا و رووسیا لێک نزیک کەوتوونەتەوە، ئاگربەستەکەی ئێستا و کۆبوونەوەی ئاستانە بەرهەمی ئەم لێکنزیکبوونەوەیەن، لەلایەکی دیکەوە پێدەچێت دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دەستی رووسیا واڵا بکات لەوەی کۆتایی بە جەنگی سووریا بهێنێ، بەو مەرجەی مۆسکۆ داعش و گرووپە توندڕەوەکان تێکبشکێنێ و دەستی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی لە سووریا کورت بکاتەوە.

لە ماوەی شەشساڵی رابردوودا، هیچکات کۆتایی جەنگی سووریا (لەسەر دەستی پوتین) هێندەی ئێستا نزیک نەبووە، بەڵام ئەگەر ئەمەش رووبدات، فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، لە سووریای پاش جەنگ تووشی سەرئێشەیەکی دیکە دەبێتەوە، واتە دەبێ بەدوای وەبەرهێنەری بیانیدا بگەڕێت بۆ ئەوەی ئابووریی رووخاوی سووریا بنیات بنێتەوە کە لە هەموو بوارەکاندا پێویستی بە هاوکاریی خێرا دەبێت. زۆربەی مەزندە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە جەنگی نێوخۆی سووریا نزیکەی یەک تریلیۆن دۆلار زیانی لە ئابووریی سووریا داوە.

رووسیا خۆی ئەو توانا داراییەی نییە، هەر ئێستاش جەنگی سووریا رۆژانە سێ ملیۆن دۆلار خەرجی بە رووسیا دەکات کە رووسیا دەیەوێت بە زووترین کات کەمی بکاتەوە. زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پەلەی رووسیا لە گەیشتن بە چارەسەری سیاسی لە سووریا پەیوەندی بەو خەرجییە زۆرەی جەنگی سووریاوە هەیە، وڵاتانی کەنداویش ئامادەنین سووریایەک ئاوەدان بکەنەوە کە بەشار ئەسەد سەرۆک کۆماری بێت، وڵاتانی رۆژئاواش بەرژەوەندییەکی ئابووریی هێندە گەورە لە سووریا نابینن کە دوای جەنگ سەرمایەیەکی زەبەلاح بخەنە نێو ئابووریی سووریاوە.

تەنیا چین و ئێران دەمێننەوە کە رەنگە لەبەر هۆی جیاواز خوازیار بن لە ئاوەدانکردنەوەی سووریا و بنیاتنانەوەی ئابووریی ئەو وڵاتەدا بەشدار بن، هەم پەکین و هەم تاران لە رابردووشدا پشتگیرییان لە هەڵوێستی رووسیا لە سووریا کردووە و جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە گۆڕینی رژێمی سیاسی لە سووریا رێگەچارەیەکی گونجاو نییە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی ئەمریکیی ستراتفۆر، تاران لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا 6 بۆ 10 ملیار دۆلار پارەی پێشکەش بە حکومەتی سووریا کردووە، بۆ ئەوەی حکومەتی دیمەشق بتوانێ مووچەی فەرمانبەرەکانی بدات، بەرگەی خەرجییەکانی جەنگ بگرێت و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دابین بکات. هەر بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئێران و سووریا لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند گرێبەستێکیان لە بواری پەیوەندی و گەیاندن، کشتوکاڵ، کانزاکان و نەوت و غاز واژۆ کردووە.

ئێران چاوەڕێ دەکات لە رێگەی ئەم گرێبەستانەوە کۆمەڵێک ئامانجی سیاسیی درێژخایەن مسۆگەر بکات (لەوانەش قایمکردنی پێی خۆی لە سووریا) و قازانجی ئابووریش بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر بکات. بۆ نموونە کۆمپانیا ئێرانییەکان مەیدانێکی نوێی وەبەرهێنان و کارکردنیان دەستدەکەوێت کە حکومەتەکەشی پەیوەندییەکی ستراتیژیی باشی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەیە. بەگوێرەی راپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، لەبەر دوو هۆکار ئێران ناتوانێت بەشێکی زۆر لەو بارە قورسەی بووژاندنەوەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی سووریا بخاتە سەر شانی خۆی:

**یەکەم:** ماوەی یەک ساڵە سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران لادراون کە ئابووریی ئێرانیان ئیفلیج کرد. دابەزینی 50%ی نرخەکانی نەوتیش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێت بە دەستێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ پێویستییە ژێرخانییەکانی سووریادا بکات.

**دووەم:** وەبەرهێنان لە ئاوەدانکردنەوەی سووریا دەکرێ مەترسی گەورەی ئابووریشی بۆ کۆمپانیاکان بەدواوە بێت، چونکە وەکوو ئێستاش دیارە، حکومەتی سووریای پاش جەنگی نێوخۆ هیچ پارەیەکی بەدەستەوە نەماوە بۆ ئەوەی پارەی کۆمپانیاکان بدات. بۆیە لایەنی وەبەرهێنەر دەبێ توانای ئەوەی هەبێت پرۆژەی درێژخایەن لە سووریا بکات و لە داهاتوویەکی دووردا هەقدەستەکەی وەربگرێت.

چین لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا هەوڵیداوە هەڵوێستەکانی لەوەی رووسیا نزیک بێت، بۆ نموونە بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە تاکە چارەسەر بۆ قەیرانی سووریا بریتییە لە دانوستاندنی سیاسی و سەردەمی باسکردن لە لادانی یەکجارەکی ئەسەد لەسەر کورسیی دەسەڵات بەسەرچووە. جیا لەمە، چین دووجار مافی ڤیتۆی لە ئەنجوومەنی ئاسایش بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دوو بڕیارنامە لە دژی ئەسەد شکست بهێنن. بەمەش خۆی لە مۆسکۆ نزیک کردووەتەوە. جگە لەمە، بەر لە دەستپێکردنی جەنگی نێوخۆیی، چین گەورەترین هاوبەشی ئابووری و بازرگانیی سووریا بوو، بە جۆرێک کۆی هەناردەی چین بۆ سووریا لە ساڵی 2010دا زیاتر لە 4.2 ملیار دۆلار بووە، لە ساڵانی بەر لە جەنگی نێوخۆیی و ساڵانی سەرەتای جەنگەکەدا وەبەرهێنانێکی زۆری لە کەرتی نەوتی سووریادا کردووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاسیا تایمز، مانگی ئابی پێشوو ئەدمیراڵ گوان یوفەی، سەرۆکی ژووری هاوکارییە سەربازییە نێودەوڵەتییەکانی سوپای چین، سەردانی سووریای کردووە. هەروەها بەگوێرەی راپۆرتێکی گلۆباڵ تایمز کە زمانحاڵی ئینگلیزیی پارتی کۆمۆنیستی چینە، پەکین راوێژکاری سەربازیی تایبەت و چەکی نیشانەشکێن و رۆکێتی پێشکەش بە هێزەکانی ئەسەد کردووە.

هەڵبەت بەشێک لە هاوکارییەکانی حکومەتی چین بۆ هێزەکانی حکومەتی سووریا پەیوەندی بە کێشەی نێوخۆیی نێوان ئویگورە موسڵمانەکانی چین و حکومەتی پەکینەوە هەیە. حکومەتی چین پێشتر رایگەیاندبوو کە ژمارەیەک لە ئویگورەکان بوون بە چەکداری داعش و هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا. ئەمە حکومەتی چینی نیگەران کردووە لەوەی سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامیی سوننە لە سووریا لە داهاتوودا هەڕەشەی ئەمنیی گەورە لەسەر ئاسایشی چین دروستبکات، وەکوو چۆن قاعیدە و تاڵیبان هەڕەشەیان بۆ سەر ئەمریکا و رۆژئاوا دروستکرد.

بە گوێرەی راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی چین زیاتر لە 300 چەکداری ئویگور لە نێو ریزەکانی داعشدان کە بەشێکیان خاوەن پلەی باڵاشن. بە گوێرەی راپۆرتی ئاسیا تایمز، بەشی زۆری ئەو راپۆرتانە بە هاوکاریی دەزگای هەواڵگریی سووریا ئامادە دەکرێن و دەزگا سیخوڕییەکانی سووریا مانگانە سەدان لاپەڕە راپۆرت و زانیاریی هەواڵگری پێشکەش بە حکومەتی چین دەکەن، ئەمە وادەکات حکومەتی ئێستای سووریا هاوبەشێکی ئەمنی گەورەش بێت بۆ چین.

چین کە دووەم ئابووریی جیهانە، گەورەترین بەربژێریشە بۆ ئەوەی پوتین لە پرۆژەکانی بنیاتنانەوەی ئابووری و ژێرخانی سووریادا پشکی شێری پێ ببەخشێ، بەمەش هەم پێگەی حکومەتی سووریا بەهێز بکرێت و هەمیش هاوپەیمانییەکی نوێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێتە ئاراوە.

## چارەنووسی نادیاری ئەلباب لە پاش داعش

# ئایا ئەلباب دەبێتە دەروازەی جەنگێکی نوێ؟

پۆڵ ئیدن و رێبوار قاسم
رووداو- هەولێر



(فۆتۆ: AFP)

شاری ئەلباب، لە باکووری سووریا، چاوەڕێ دەکرێ زوو یان درەنگ لە دەستی داعش دەربهێنرێ، بەڵام هەر ئەو هێزانەی گەمارۆی شارەکەیان داوە: تورکیا و هێزەکانی سوپای سووریا، دەکرێ لە دوای دەرکردنی داعش جارێکی دیکە ئەم شارە بکەنەوە بە مەیدانی شەڕێکی دیکە کە راگرتنی ئاسان نییە.

ئەلباب تاقیکردنەوەیەکە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە تا چەندە دەتوانن رێ لە هەڵگیرسانی جەنگێکی نوێ لە سووریا بگرن. رووسیا و تورکیا لەماوەی رابردوودا توانییان پەیوەندییەکانیان لە دوژمنایەتییەوە بگۆڕن بۆ جۆرێک لە لێکتێگەیشتن کە دوایین ئاگربەستی سووریا و کۆنفرانسی ئاستانەی لێکەوتەوە. ئێستاش کە شاری ئەلباب نزیکە لەوەی لە چنگی داعش دەربهێنرێ، کاتی ئەوە هاتووە بزانین ئەم لێکتێگەیشتنە تا چەند دەتوانێت بۆ جۆرێک لە هاوکاری و هەماهەنگی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەلباب لە دوای داعش بگۆڕێ.

چارەنووسی ئەلباب لە دوای دەرکردنی داعش بەر لە هەموو شتێک تاقیکردنەوەیەکیشە بۆ رووسیا کە تێیدا دەردەکەوێت تا چەندە دەسەڵاتی بەسەر ئەسەد و میلیشیاکانی لایەنگری حکومەتی سووریادا دەشکێت، هەروەها تا چەندە دەتوانێ رۆڵی ناوبژیوان لە نێوان هێزە نێوخۆیی و ناوچەییەکاندا بگێڕێت، بۆ ئەوەی بەر لە کۆبوونەوەکانی جنێڤ لە کۆتایی ئەم مانگە، رەوشی سووریا جارێکی دیکە نەتەقێتەوە.

ئێستا ئاماژەکان لە لایەن تورکیا و سووریاوە بۆ مۆسکۆ پۆزەتیڤن، رۆژی چوارشەممەی رابردوو میدیاکانی تورکیا و رووسیا رایانگەیاند، هەماهەنگییەکی باش لە نێوان فەرماندەکانی سوپای تورکیا و رووسیادا هەیە بۆ ئەوەی پێکدادان لە نێوان هێزەکانی لایەنگری دیمەشق و تورکیادا روونەدات، هەمان رۆژ حکومەتی سووریاش ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردەوە، بەڵام هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ رەوشی ئێستای ئەلباب کە تێیدا هەم هێزەکانی لایەنگری تورکیا و هەم هێزەکانی دیمەشق لە دژی دوژمنێکی هاوبەش دەجەنگن، بەڵام ئاماژەکان بۆ قۆناغی دوای رزگارکردنی ئەلباب لە داعش تەمومژاوین.

حکومەتی تورکیا لە چەندین بۆنەدا رەتیکردووەتەوە هێزەکانیان دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەلباب شارەکە بۆ هێزەکانی لایەنگری بەشار ئەسەد جێبهێڵن. لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە ئەمریکا بۆ گرتنەوەی جەرابلوس هاوکاری هەواڵگری و هێرشی ئاسمانییان پێشکەش بە هێزەکانی تورکیا کرد، بەڵام بۆ شاری ئەلباب ئەم هاوکاری و پشتگیریانە سنووردار کراون، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئیدارەی پێشووی کۆشکی سپی پێیوابوو ئەلباب دەکەوێتە قووڵایی خاکی سووریا، بۆیەش پێشڕەوییەکانی سوپای تورکیا دەکرێ ئاکامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا بە کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو حەلەب تەنیا 40 کیلۆمەتر مەودایان لەگەڵ ئەلباب مابوو. لە ماوەی چەند رۆژی رابردووشدا لە باشوورەوە هەتا پێنج کیلۆمەتری ئەلباب لەم شارە نزیک کەوتوونەتەوە، بەم پێیەش دەکرێت یەکێک بن لەو هێزانەی کە دەچنە نێو ئەلبابەوە.

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا لە دوای دەرکردنی داعش لە شارەکە، رووسیا وجودی بەردەوامی هێزەکانی تورکیا لە ئەلباب قەبووڵ دەکات و دەتوانێ هاوپەیمانە سوورییەکەی خۆی رازی بکات لەگەڵ سەربازانی سوپای تورکیا و چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا شەڕ نەکەن؟ چاوەڕێ ناکرێت سووریا بەبێ گڵۆپی سەوز یان هاوکاریی رووسیا رووبەڕووی هێزەکانی تورکیا لە ئەلباب ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە چاوەڕێ ناکرێ رووسیا پشتگیری لەو ئامانجەی سووریا بکات، لەبەر ئەوەی ئەنقەرە هاوبەش و هاریکاری سەرەکی مۆسکۆیە لە راگرتنی ئاگربەستەکەی ئێستای سووریا.

تەیمور ئاخمێتۆڤ، شرۆڤەکاری سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت: "بەرژەوەندیی رووسیا لەوەدایە پەرە بە هاوکارییەکانی لەگەڵ تورکیا بدات، چونکە مۆسکۆ لە رێگەی ئەنقەرەوە دەتوانێ دەسەڵاتێکی سنووورداری بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا هەبێت، بەم شێوەیەش شەڕ و پێکدادانەکانی ئێستای سووریا بە ئاراستەیەکی سیاسیدا بەرێت".

بەڵام ئاخمێتۆڤ پێیوانییە ئەم هەڵوێستەی رووسیا بۆ درێژخایەن بە هەمانشێوە بمێنێتەوە، بە بۆچوونی شرۆڤەکارە رووسەکە "بڕیار بەدەستانی رووسیا وجودی هێزەکانی تورکیا بۆ ماوەیەکی مامناوەند وەکوو مەترسییەک لە سووریا بە مەترسییەکی جیدی نابینن". جیا لەمە رەزامەندیی رووسیا بێمەرجیش نییە، لەبەر ئەوەی "رووسیا هەتا ئەو کاتە دەتوانێت تەحەمولی وجودی سیاسی و سەربازیی تورکیا لە سووریا بکات کە ئامانجی سەرەکی هێزەکانی تورکیا جەنگی دژی داعش و لاوازکردنی پێگەی پەیەدە بێت"، بەو مانایەش تورکیا دەبێ خۆی لە کێشە دروستکردن بۆ دەسەڵاتی ئەسەد بەدوور بگرێت.

ئەگەرچی سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە جۆرێک لە رێککەوتن لە نێوان رووسیا و تورکیا دەکەن، کە تورکیا بە ناوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەڵێنی داوە نەچنە نێو ئەلباب، بەڵام لە چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەک لەو هێزانە بە هێرشی بەردەوام ئاماژەیان بۆ ئەنقەرە ناردووە کە مەرج نییە ئەوان بەڵێنەکەی تورکیا بەرنەسەر.

پێدەچێت تورکیا لە چەند مانگی رابردوودا بە ئەولەویەتەکانی خۆی لە سووریادا چووبێتەوە و وازی لە هەوڵەکانی بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد هێنابێت. لە بری ئەمە خۆی لە رووسیا نزیک کردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەنقەرە و مۆسکۆ بە هاوبەشی بتوانن داهاتوویەکی سیاسی بۆ سووریا دروستبکەن کە تێیدا بەرژەوەندییە باڵاکانی تورکیاش لەبەرچاو گیرابێت. هەڵبەت هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترەمپ و بەڵێنەکانی بۆ نزیکبوونەوە لە رووسیا هیوایەکی نوێی بە حکومەتی تورکیاش داوە. وەک لە بەیاننامەکانی حکومەتی تورکیادا دەردەکەوێت، ئەنقەرە چاوەڕێ دەکات نزیکبوونەوەی مۆسکۆ و واشنتن پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرەش بدات.

ناوەڕاستی هەفتەی پێشوو ترەمپ و رەجەب تەیب ئەردۆغان بە تەلەفۆن قسەیان کرد. میدیاکانی نزیک لە حکومەتی تورکیا ئاماژەیان بەوە دابوو کە ترەمپ بەڵێنی بە هاوتا تورکییەکەی داوە لە ئۆپەراسیۆنی ئەلبابدا هاوکارییان بکەن. بەڵام لە راگەیێندراوەکەی کۆشکی سپیدا هیچ ئاماژەیەک بە ئەلباب نەدرا و تەنیا باسی ئەوە کرا کە ترەمپ بەڵێنی داوە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ تورکیا لە جەنگی دژی داعش بەردەوام بن. پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترەمپ و ئەردۆغان بەر لە گەشتی مایک پۆمپیۆ، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) بۆ تورکیا بوو کە ئەلباب و هەماهەنگییە سەربازی و سیاسییەکانی نێوان رووسیا، تورکیا و ئەمریکا لەم شارەدا تەوەرێکی سەرەکی گفتوگۆکان بوو.

ئەلباب بۆ تورکیا بایەخێکی ستراتیژی هەیە، لەبەرئەوەی بە کۆنترۆڵکردنی ئەلباب دوایین خاڵی پەیوەندیی نێوان هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین دەگیرێن، بەمەش رێگە لە دروستکردنی هەرێمێکی یەکپارچەی کوردی لە باکووری سووریا دەگرێت.



# کاراکردنی ڕۆڵی گەنج لە هەرێمی کوردستان

دلاوەر عەلائەدین*

ئیمڕۆ لە بازاڕی کاری جیهانیدا کێبڕکێی توانا و لێهاتوویی تاکی گەنج بووەتە سەنگی مەحەک بۆ دەستکەوتنی دەرفەتی کار، یان دەرفەتی پێشوەچوون. لەو کێبڕکێیەدا تەنیا ئەو جۆرە گەنجانە براوە و سوودمەند دەبن کە بە باشترین شێوە پەروەردە کراون و لە بەرزترین ئاستی کوالێتیدا زانست و هونەری سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە. ئەوە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر سەدان هەزار گەنجی کورد کە چاویان لە سەرکەوتن و دەوڵەمەندی و ژیانێکی پڕ سەرفرازیە، چونکە ئێستا کوالێتی ڕاهێنان و توانای کێبڕکێکردنیان لە ئاستی بازاڕی جیهاندا لە ئاستی خوازراودا نییە.

توێژی گەنجان لە هەرێمی کوردستان زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و بە گەورەترین سەرمایەی شاراوە دادەنرێن. ئەوان هەمیشە سەرچاوەی گوڕوتینن بۆ جووڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە ڕێگەی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانیی خۆیان و خێزانیانەوە، دەتوانن ڕۆڵی پێشەنگ لە گەشەپێدان و سەرفرازکردنی کۆمەڵگادا ببینن. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ڕۆڵە بەچاکی ببینن، پێویستیان بە شەراکەتێکە لەگەڵ باقی کۆمەڵگا.

## میراتی عێراقی کۆن

لە کۆنەوە، عێراق وەک دەوڵەتێکی ڕەیعی ئیدارە دراوە، بەجۆرێک کە بازاڕی کار بەگشتی پشتی بە حکومەت و ئەویش بە داهاتی نەوت بەستووە. تەنانەت کەرتی تایبەتیش بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیەکی زۆر بە هەمان داهات بەستراوەتەوە. سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی گەنجانیش بە مەرکەزیانە بۆ دەوڵەتێکی داخراوی وەک سەردەمی ڕژێمی کۆن دروستکراوە کە لەبازاڕی جیهان دابڕێنراوە. ئەوەش بە دوو شێوە ئەرکی بێکاری لە هەرێمدا قورس کردووە: لە لایەکەوە ژمارەی دەرفەتەکانی کار بە گشتی کەمن و لە لایەکی دیکەوە بەشێکی زۆر لە دەرفەتەکانی نێو کەرتی تایبەت بۆ پیشەمەندانی بیانی دەچن.

سەرباری ئەوەی کە لە 26 ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا ڕزگاری بووە و حکومەتەکانی هەرێمیش بەردەوام وەبەرهێنانیان لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەتدا کردووە، سەرباری ئەوەی کە قەیرانی دارایی و ئابووری ئێستا پێویستی بەوە بووە ریفۆرمی بنەڕەتی لە بواری پەروەردە و ڕاهێنانی گەنجاندا بکرێتە ئەولەویەت، کەچی هێشتا ئەو سیستەمە بە شێوازی کلاسیکی ماوەتەوە و مۆدێلێکی سەردەمیانەی جیا لە عێراقی کۆن دانەهێنراوە.

## بەرپرسیارێتی

بەرپرسیارێتی پەروەردەکردن و کاراکردنی ڕۆڵی گەنجان بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی بڕیاردەرە لوتکەییەکانی سیستەمی حوکمڕانی و بازاڕی کارە، بە پەرلەمان و حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تایبەتەوە، بە پلەی دووەمیش لە ئەستۆی خودی گەنج و خانەوادەکانیانە.

پەرلەمان: پێویستە پەرلەمان وەک دەزگای یاسادانان و بەدواداچوون، دامەزراوەکانی حکومەتیش وەک لایەنی جێبەجێکار توێژی گەنجان پێناسە بکەن (لە ڕووی تەمەن و پێداویستی) و ڕوانگە و ستراتیژی تۆکمە بۆ وەبەرهێنان لە ئامادەکردنیان و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆیان دابڕێژن. لەوەش گرنگتر، ئەو دەرفەتانەی هەن دەبێ بە عەدالەتەوە و بەپێی یاسا و ڕێسا یەکسان بکرێن.

حکومەت: پێویستە ستراتیژی حکومەت چەندین ئامانجی سەرەکی لەخۆبگرێ، لەوانە دڵنیابوون لە ئاستی کوالیتی پەروەردە و ڕاهێنان، هاندانی بەهرەمەندانی پێشەنگ بۆ بینینی ڕۆڵی پێشڕەوێتی لە کاروپیشە و چالاکیی کۆمەڵایەتی و ئاگاداریی تەندروستی و خزمەتکردنی کولتوور و هاندانی داهێنان و بیرکردنەوەی جیهانگیری و هتد. دیارە کە هەوڵ و بەرنامەی جیاواز لە نێو حکومەتی هەرێم و دامەزراوەکانیدا لە ئارادا بوونە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، بەڵام پێویستیان بە کۆکردنەوەیە لە چوارچێوەی ستراتیژێکی گشتگیردا و پێویستیان بە بەردەوامیپێدانە. بۆ نموونە لە ماوەی حوکمڕانی کوردیدا وەبەرهێنانێکی زۆر لە زیادکردن و فراوانکردنی قەوارەی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پەیمانگا پیشەییەکاندا کراوە و ژمارەیەکی بێ پێشینە لەو دامەزراوانە وەردەگیرێن و دەردەچوێنرێن، بەڵام ئەو ژمارانە لەگەڵ دەرفەتەکانی کاردا هەماهەنگ نین و لە ڕووی کوالێتیشەوە بە لاوازی ماونەتەوە.

زانکۆ: دامەزراوەکانی فێرکردن و پەروەردەی ئەکادیمی و پیشەیی ڕۆڵی مەزنیان هەیە لە گەشەپێدانی لایەنی فەلسەفی و پیشەیی و زانستی و هونەری هەتا دەگاتە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیش. پێویستە زانکۆکان خاوەنی ڕوانگە و ستراتیژی سەربەخۆی خۆیان بن و بەرچاوی خوێندکاران ڕوون بکەنەوە لەوەی کە دەبێ چی فێر ببن و بۆچی فێری ببن و چۆن فێری ببن. ڕۆڵی زانکۆ ئەوەیە کە پێشڕەوانی پیشەیی پەروەردە بکات و بیانخاتە بازاڕی کارەوە، فێریان بکات چۆن خۆیان فێر بکەن و بەدوای زانستدا بگەڕێن و سەربەخۆیانە تواناکانیان بەرز بکەنەوە.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی: ڕۆڵی ئەوانە لە لێکبەستنەوەی گەنجان و گەشەپێدانیان زۆر گرنگە، هەروەها هاندانی بەهرەمەندەکان بۆ بینینی ڕۆڵی پێشڕەویی لە کۆمەڵگادا. دیارە کە ئەو ڕێکخراوانە خۆشیان بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانیان زیاتر پشت بە گەنجان دەبەستن، بۆیە دەتوانن بە بەرنامەڕێژییەوە دەرفەتی گرنگیشیان بۆ پێشوەچوون بۆ بڕەخسێنن. لە کۆنەوە، کەشی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و شێوازی تەمویلی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی فاکتەری گرنگ بوونە لە بەردەوامکردنی مەدرەسەیەکی کلاسیکی و نەفەسێکی حیزبی بۆ کۆنترۆڵکردنی لایەنی پەروەردەی فیکری و سیاسی لە نێو گەنجان، بەجۆرێک کە ئاستی بیرکردنەوە و تەرکیزیان زیاتر بچێتە سەر ململانێی ناوەکی لەجیاتی کێبڕکێ لە ئاستی جیهاندا، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە چاو بە ڕوانگە و ستراتیژی حیزبەکاندا بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی گەنجان بخشێنرێتەوە و گۆڕانکاری ڕیشەییان بەسەردا بێت.

## یەکسانکردنی دەرفەتەکان

شاراوە نییە کە سەرباری گەشەی پێشووی دارایی و ئابووری هەرێم و سەرباری هەوڵی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان، کەچی گەنجان لەنێو توێژە هەرە ناڕازیەکانی هەرێمن و بەرچاویشیان بۆ ئایندە ڕوون نییە. ئێستا گەنجێکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا بێکارن، زۆری دیکەش لە خوێندندان و بە جۆرێک لە بێهیواییەوە سەیری ئایندەی خۆیان دەکەن.

بەشی زۆری ناڕەزایەتی گەنجان پەیوەستە بە ناعەدالەتیەوە لە پرۆسەی دامەزراندن و پێدانی دەرفەتەکانی پێشوەچوون و دەوڵەمەندبوون، زۆر کەمتری پەیوەستە بە سنوورداریێتی ژمارەی دەرفەتەکان. ئیمڕۆ گەنجان بایی ئەوەندە هۆشیارن کە بزانن ژمارەی دەرفەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی فاکتەری ئابووری و سیاسی و ئەمنیی ناهەموارەوە سنووردارن و لەو بارەیەوەش پشوویان زۆر درێژ بووە، بەڵام نیگەرانن لە جیاکارییەکان بەدەر لە بەهاکانی دیموکراسیەت و حوکمڕانیی دروست. کاتێ دەرچووانی زانکۆیەکی ڕەسەن و یەکێکی ناڕەسەن هەمان دەرفەتی کاریان پێ دەدرێ، یان دەرفەت بە واستە و لەسەر بنەمای مەحسوبیەت دەبەخشرێ، ئیتر هیچ هاندەرێک نامێنێ بۆ ئەوەی گەنجێک باری خۆی قورس بکات و خەریکی بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێ بێ. لە ئەنجامی ئەوەشدا کۆمەڵگا و بازاڕی کار لە گەنجی پێشەنگ و پێشڕەو بێبەش دەکرێن.

پێویستە حکومەت بەپێی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی تۆکمە، جۆرە عەدالەتێک دابهێنێ کە ببێتە مایەی دڵنیایی گەنجان و دروستکردنی کەشێکی دروست بۆ کێبڕکێ لەسەر بنەمای بەهرە و توانا و ئەزموونی پیشەیی (بنەمای سی ڤی)، وە ببێتە هاندەری سەرەکی بۆ گەنجان تاوەکو وەبەرهێنانی زیاتر لە پەروەردە و ڕاهێنانی خۆیان بکەن. پێویستە هەموو دەرفەتێکی کار ڕابگەیەنرێت و بەپێی کێبڕکێیەکی کراوە و شەفاف و یاسایی پڕبکرێنەوە.

لە کەشی ئێستای سیاسی و حوکمڕانیدا، پردی متمانە لە نێوان دەسەڵات و توێژی گەنجان زۆر لاواز بووە، ئەوەش مەترسیدارە، چونکە سەنەد و پاڵپشتی سیستەمی حوکمڕانی (بە تایبەتی لە بواری ئەمنی و ئابووری) هەر گەنجە. پێویستە دەسەڵاتداران لە ڕێگەی سەروەرکردنی یاسا و داهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە ئەو متمانەیە پتەو بکەنەوە و بە بەڵگەوە ستراتیژ و پلانی درێژخایەنیان بۆ شی بکەنەوە تاوەکو بە بەرچاو ڕوونی و گەشبینییەوە سەیری پێشەوە بکەن.

## گەنج خۆی

بەقەدەر ئەوەی کە گەنج چاوەڕوانی توێژی دەسەڵاتداران و بڕیاردەرانی ناو حکومەت دەکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی کار و زەمینەی پێشوەچوونیان بۆ بڕەخسێنن، پێویستە خۆشیان هیممەت بکەن و بەخۆیانەوە ماندوو ببن. پێویستە وەبەرهێنانی جیددی لە توانا و زانست و هونەرە پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکانیان بکەن و کۆمەڵێک خاسیەتی بنەڕەتی هەن کە دەبێ پەیدایان بکەن.

پێویستە گەنجی هەرێم هەمیشە بیرکەرەوە بێ و هەوڵ بدات لە فەلسەفەی ژیان و مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵگاکەی تێبگات و فێر ببێ دیاردەکان شی بکاتەوە و وەک سەرکردەیەک بڕیار لەسەر بژاردەکانی بەردەمی بدات. بەڵێ گەنج پێویستی بە ڕێنماییکردنە، بەڵام کە ڕێنماییش وەردەگرێ دەبێ بە بیر وهەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە و دوور لە ئایدیۆلۆژیای ڕەقوتەقی لەقاڵبدراو وەریبگرێ. بەواتایەکی دیکە، فێری دیبەیتی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە ببێ و کەمتر لاساییکەرەوە بێ.

پێویستە گەنج لە کاتی هەبوونی و نەبوونیدا پشت زیاتر بە خۆی ببەستێ و ئەگەر دەرفەت نەهاتە بەردەست ئەو بەدوایدا بگەڕێ و بهێنێتە بەردەست، لەجیاتی ئەوەی بەدوای واستەدا بگەڕێ یان چاوەڕوانی مەرحەمەتی سەرووتر بێ بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی دامەزراندن.

گرنگە گەنج خوێنەر بێ و خەریکی خۆفێرکردن و پەیداکردنی زانست و هونەر بێ و بەردەوام هەوڵی بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێ بدات. بۆ نموونە، زۆربەی دەرفەتە گەورەکانی کارکردن و پێشوەچوون لە ئێستادا پەیوەستن بە فێربوونی زمانێکی زیندووی جیهانی و فێربوونی تەکنۆلۆژیای زنیاری. پێویستە هەموو گەنجێکی هەرێم بە ڕەوانی فێری زمانێکی جیهانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی، فارسی، تورکی) ببێ تاکو لەڕێگایانەوە دوایین پێشکەوتنەکانی زانست و هونەر وەدەستبێنێ و لە کێبڕکێدا هەنگاوێک لەپێش خەڵکی دیکە بێ. هاوکات، فێری بەکارهێنانی سەرجەم ئامرازەکانی وەک کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بێت، ئەویش نەک تەنیا بایی ئەوەندەی کە ئیمەیل و فەیسبووک بەکاربێنێ بەڵکو بۆ هەڵێنجانی زانیاری و زانست و هونەری پێشوەچوون بێ.

## دواپەیام

سەرکەوتنی گەنج پێویستی بە شەراکەتە لە نێوان خودی گەنج و کۆمەڵگاکەی و هیچ کامیان بەبێ هیممەتی ئەوی دیکە توانای سەرکەوتنی نابێ. بەقەدەر ئەوەی کە دەبێ حکومەت و کۆمەڵگا ستراتیژ و پلانی درێژخایەنی بۆ گەنج هەبێ وعەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ بەرجەستە بکات، دەبێ بەقەدەر ئەوەش گەنج ستراتیژ و پلانی درێژخایەنی بۆ خۆی هەبێ.

***سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)**



# ئێستاش نەچووە بچێ

د. نات ئاریان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسی گشتیی خۆیدا لە دیسێمبەری 1960 بڕیاری مافی چارەنووس و سەربەخۆیی گەلانی پەسەند کرد کە تێیدا هاتووە: هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بەئازادی سەربەخۆیی سیاسی خۆی هەڵبژێرێ.

بەر لە هەر شت پێویستە لە بیرمان نەچێ سەربەخۆیی ویستی ژیانە، نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو گیانەوەرانیش هەوڵی بۆ دەدەن. ویستی ژیان و هەوڵی سەرکەوتن بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جودایە، بەڵام هەرگیز نابێ نەبوونی ئەو ویستە بگەیەنێ. دەکرێ مرۆڤێکی کۆیلە هیوابڕ ببێ یان باوەڕی بە تواناکانی خۆی نەمێنێ، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە تەنیا کە مرد ویستی سەربەخۆیی لەدەست دەدا.

بێگومان، ئەو کوردانەی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991 یان لەبیرەو لەبندەستی بەعسدا ژیاون، یان ئێستا لەبندەستی ئێران یان تورکیا ژیان بەسەر دەبەن، باشتر لە گرنگی و پێویستی سەربەخۆیی کوردستان دەگەن. بەڵام ئەوکات بەشێوەیەک پەروەردەکرابوون و لە بارودۆخێکدا ژیانیان بەسەردەبرد کە لابردنی سنوورە دەستکردەکانی ناو کوردستانیان بەکارێکی ئەستەم دەزانی، بۆیە ئەوکاتیش و دوای ڕاپەڕین و ڕزگاریی باشووری کوردستانیش، نەدەوێران بیر لە بڕیاری سەربەخۆیی بکەنەوە. لەڕاستیدا نەتەوەی ژێردەست هەموو کاتێک و لە هەر بارودۆخێکدا بێ دەبێ هەوڵی سەربەخۆیی بدا، بەتایبەتیش کە نەتەوەیەک کۆنترۆڵی خاک و نیشتیمانی خۆی گرتە دەست، دەبێ بێ سێ و دوو تێبکۆشێ بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کە مافێکی سروشتیی خۆیەتی.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 سەرکردەکانی کورد لەجیاتی ئەوەی بە سوود وەرگرتن لە هەستی گەرمی کوردپەروەری و سەرکەوتنی میللەت، خەڵک بەبیری نەتەوەیی و بۆ سەربەخۆیی پەروەدە بکەن، ئەوکات دەیانگوت کات لەبار نییە و چواردەورەمان بە دوژمن گیراوە. لەبیرمە لە بەهاری 1992دا خوالێخۆشبوو مەدام میتران هاتبووە کوردستان، ئەوکات بێرنارد کۆشنەر سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی فرانس لیبرتی و هاوسەفەری خاتوو میتران بوو (هەمان ئەو بێرنارد کۆشنەرەی کە لەم ساڵانەی دواییدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو). بەندەش لە شەقڵاوەڕا لەگەڵیان چووم بۆ ڕانیە و شەو لە بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان–ئێران ماینەوە. لەکاتی قسەکردندا لە کۆشنەرم پرسی بەڕای تۆ کەنگێ دەتوانین سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر لە من بپرسی پێویستە ئێستا سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، نازانم چاوەڕوانی چی دەکەن!

سەرەتای هاوینی 1995 لە شاری ئیستەنبوڵی تورکیا هاوڕێی خۆشەویستم هیو پۆپ کە نووسەرێکی ناسراوەو چەندین کتێبی لەسەر تورکیاو ناوچەکە نووسیوە، پرسیاری لێکردم: باشە لەبەرچی کورد سەربەخۆیی ڕاناگەیەنێ؟ لەوەڵامدا گوتم: ئەگەر بەدەست من بێ ئێستا ڕایدەگەیەنم، بەڵام سەرکردەکانمان دەڵێن کات لەبار نییەو چواردورەمان بە دوژمن گیراوە و ڕێگای دەرەوەمان لێ بەستراوە. ئەویش گوتی: ئێوە شەش مانگە شەڕی براکوژی دەکەن و نزیکەی سێ هەزار کوڕی کورد بەدەستی کورد خۆی کوژراوە و خەڵک برسییەو لەڕووی دەروونییەوە داڕماوە. ئەگەر شەش مانگ لەمەوبەر لەجیاتی ئەوەی دەستتان بەشەڕی براکوژی کرد، سەربەخۆییتان ڕاگەیاندبا، جگە لەوەی کەس نەدەکوژرا، تائێستا خەڵک هەر ئەوەندە برسی دەبوو کە بەهۆی شەڕی براکوژییەوە برسی بووە، وڵاتانیش هێرشیان بکردبایە و بشکوژرابان هەر ئەوەندە دەکوژران، بەڵام خەڵک باشتر خۆیان ڕادەگرت، چونکە دڵخۆش دەبوون و لەڕووی دەروونیشەوە بەهێزتر دەبوون. هەرگیز نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێز لێنەدەگەڕان نەتەوەیەکی سەربەخۆخواز لە شەش مانگ پتر برسی بن، بەهاناتانەوە دەهاتن.

ساڵی 2003 سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی لە ئێراق لەناوبردران و حکومەتی کوردستان کۆنترۆڵی باشتری خاکی کوردستانی کەوتە دەست و دەرگای ژیانێکی باشتر بۆ خەڵک و حکومەتی کوردستان کەوتە سەرپشت. لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی نەبوو بە بڕیاری سەرکردایەتی کوردستان، ئەگەر باسی سەربەخۆیی کرابایە، دەیانگوت بەهیچ شێوەیەک نابێ سەربەخۆیی ڕابگەیەندرێ، چونکە کەرکووک نەگەڕاوەتەوە سەر کوردستان و لە ئەگەری کارێکی وەها کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لەدەست دەدەین. بێگومان ئەویش هەر بەهانە و چاوبەستنی خەڵکی بوو، دەنا هەموو دەزانین ئەگەر کوردستان بەبێ کەرکووکیش سەربەخۆیی ڕابگەیاندبایە، وەک دەوڵەت بەهێزتر دەبوو لە کاتی دانوستاندن لەگەڵ ئێراق لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و دەیتوانی لەلایەنی نێونەتەوەییش پشتیوانی وەربگرێ. هەمووشمان دیتمان دانوستاندن وەک هەرێم هیچی لێ شین نەبوو.

بەهانەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ وەپاشخستنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەردەوام بوو، زۆر بەهانەی دیکەی وەک لاوازیی ژێرخانی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی، نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری و دەیانی دیکەش. کار بەوە گەیشتبوو هەندێک بڵێن ئێمەی کورد شارەزاییمان لە دەوڵەتداریدا نییە. لەهەمووشی خراپتر ئەوەبوو پارتە سیاسییەکانی کوردستان هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ئامادەکردنیان بۆ سەربەخۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی 2005دا بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان ریفراندۆمێکی لەکاتی هەڵبژاردندا بەئەنجام گەیاند و تێیدا 98.88%ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. ئەمەش تەنیا چونکە سەربەخۆیی ویستێکی سروشتیی مرۆڤەو هەموو کەس دەزانێ لەسایەی نیشتیمانی سەربەخۆدا هەستی خۆبەباشزانین و سەرکەوتن، ژیانی ئاسوودە و پرۆسەی پێشکەوتن دەبووژێنەوە.

کاریگەریی نەرێنی پارتە سیاسییەکان لەسەر بیری خەڵکی دوای ئەوە زیادی کرد کە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی کرایە سەرۆکی ئێراق، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە مادام مام جەلال سەرۆکە، دەبێ ئەوانیش ئێراقی بن. ساڵی 2010 هاوڕێیەکم کە بە ڕۆشنبیر ناسراوە و ئەندام و کادیرێکی پێشکەوتووی یەکێتی بوو، لەگەڵم کەوتە گەنگەشەی ئێراقیبوون و نەبوونی کورد و لە وەڵامی سەرسوڕمانی مندا بۆ ئەوانەی بێ شەرمانە خۆیان بە ئێراقی دەزانن، دەیگوت ئەگەر ئێمە ئێراقی نەبواین مام جەلال سەرۆکی ئێراق نەدەبوو.

سروشتی جیاوازی نەتەوەی سەردەستەو ژێردەستە زۆر بەئاسانی ڕەش و سپی هاوێر دەکات. زۆر جاری دیکە باسم کردووە، بەڵام دەیڵێمەوە: کوردێک خۆی بە ئێراقی، ئێرانی، تورکی یان سووری بزانێ، ڕێک وەکو ئەوە وایە منداڵێک بەو پیاوە بڵێ باوە کە پرکێشیی دایکی کردووە. بێگومان کوردستان دایکی ئێمەیەو لەلایەن دوژمنانی کوردستانەوە پڕی دراوەتێ و داگیرکراوە.

خۆشبەختانە لەدوای ساڵی 2005، حکومەتی کوردستان سیاسەتی پشتبەخۆبەستن و هەوڵی سەربەخۆیی ئابووری گرتەبەر کە دەبێ وەک چەکەرەی هەوڵی سەربەخۆیی کوردستان بەرزی بنرخێنین، پاشان بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەچەندین بۆنەدا ئاماژەی بەوەدا کە سەربەخۆیی مافێکی ڕەوا و سروشتیی خەڵکی کوردستانە و لەپێناویدا خەبات دەکەین. ئەوە بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی هیوای سەربەخۆیی جارێکی دیکەش لەدڵی خەڵکدا گەشبێتەوە، بەڵام هەست بەوە نەکرا هیچ پارتێکی سیاسی بەرنامەڕێژی بکات بۆ هۆشیارکرنەوەی خەڵک و برەودان بە بیری سەربەخۆیی.

لایەنگری هەندێ پارتی کوردی بۆ سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەلایەک و لایەنگیری هەندێ پارتی دیکە بۆ سیاسەتی ئێران و ڕووسیا لەلایەکەی دیکەوە، ناکۆکییەکانی لەسەر دەسەڵات قووڵتر کردەوە و کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان گەیشتە ئاستی دژایەتیی ئاشکرا. قەیرانی ئابووریش تەوژمێکی دیکەی بەو دژایەتییە بەخشی و لەگەڵیشیدا شەقامی کوردی بووە دوولەت و بۆ یەکەمین جار بە ئاشکرا دژایەتیکردنی بیری سەربەخۆیی هەستی پێکراو وەک پڕوپاگەندەی سیاسی لە میدیا کۆمەڵایەتییەکان بانگەشەی بۆ کرا، هەربۆیەش پێموایە ئەوە مەترسیدارترین قۆناغە کە ئێمەی کورد پێیگەیشتووین. هەندێک پارتی سیاسی بە بەرنامە بۆ نەهێشتنی بیری نەتەوەیی و هەستی نیشتیمانی کاردەکەن و وەک نیشانەی بێزاری بۆ شەڕی دەسەڵات بەکاری دەهێنن. کار گەیشتووەتە ئەوەی هەرکەسێک پشتیوانی بیری سەربەخۆیی بکات دژایەتی بکەن، جا ئەو کەسە نەک هەر ئەندام با بەرپرسیش بێت لەناو پارتەکەی خۆیان. لەمەیاندا سیاسەتی ئاراستەکراوی دوژمنانی کوردستان بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ و دەبینرێ. بەداخەوە چوونی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ژێر هەژموونی سیاسەتی دوژمنان شتێکی نوێ نییە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، بەڵام چاوداخستن و کوێرانە بەدواکەوتنی ئەو سیاسەتە لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی ئەو پارتە سیاسییانە کارێکە مایەی سەرسوڕمان و بیرلێکردنەوەیە.

ئێستا قەیرانی ئابووری وەک بەهانەی لەبیرکردنی هەستی نەتەوەیی و دژایەتیکردنی نیشتیمان بەکاردەهێنرێ کە ڕاستەوخۆ بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵات ئاراستە دەکرێ. زۆرن ئەوانەی دەڵێن گەر نان نەبێ بیخۆم دەوڵەتی سەربەخۆم بۆچییە؟! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە تەنیا خاوەن دەوڵەت دەتوانێ وەک مرۆڤ بژی و کەسی ژێردەست هەمیشە برسییە. کە دەوڵەت بین کێشە ئابوورییەکانمان باشتر چارەسەر دەکرێن و ئاسانتر دەتوانین پشتیوانی لە دۆستانمان وەربگرین. نزیکترین نموونەش باشووری سوودانە کە ژێرخانی پیشەسازی، کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی نەبوو، تاکە ڕۆژێک چییە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنیان نەبوو، پتر لە یەک لەسەر چواری خەڵکەکەی نەخوێندەوارن و لەناو خۆشیاندا ناکۆک بوون و هێزێکی ڕێکخراوی سەربازیشیان نەبوو، کەچی پتر لە 98%ی خەڵکەکەی دەنگی بەسەربەخۆیی داو لە مانگی جولایی 2011 دەوڵەتی خۆیان ڕاگەیاند. ئێستا کۆماری باشووری سوودان دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەفریکایە.

بۆ ئێمەی کورد، تەنیا دەوڵەتی سەربەخۆیە کە ناسنامەی نەتەوەییمان پێ دەبەخشێ و لە ژێردەستی و هەژاری و نەزانی ڕزگارمان دەکات. سەربەخۆیی سەروەری و شانازیمان پێ دەبەخشێ و ڕێگای ژیانی باش و خۆشگوزەرانی لەبەردەمماندا واڵا دەکات. لەڕاستیشدا لە هیچ کاتێکدا بەهانە بۆ دواخستنی سەربەخۆیی نییە و ناشبێ بەهانەی بۆ بدۆزرێتەوە، تەنانەت بڕیارەکەی ساڵی 1960 ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی مافی چارەی خۆنووسین کە لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، دەڵێت: ناتەواوی لە سیستەمی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان ئامادەیی فێرکاری نابێ بکرێنە بەهانە بۆ دواخستنی سەربەخۆیی.

کوردستان هەرگیز بە باشووری سوودان بەراورد ناکرێ، چونکە کوردستان 24 ساڵە حکومەتی خۆی هەیە، پۆلیس و دامەزراوەی ئاسایشی خۆی هەیە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە و سەلماندوویەتی کە توانای پاراستنی کوردستانی هەیە، ئەگەر کێشەی دابەزینی نرخی نەفت نەبێ، کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆیە و کۆنترۆڵی سەرمایە سروشتییەکانی خۆی بەدەستەوەیە، کوردستان لەڕاستیدا وەک وڵاتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت دەکات و وڵاتە زلهێزەکانی جیهانیش تا ڕادەیەکی زۆر وەک دەوڵەت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن. بۆیە هەر بەهانەیەک بۆ دژایەتیکردن یان وەپاشخستنی سەربەخۆیی کوردستان لە گاڵتە بەخۆکردن بەولاوە شتێکی دیکە نییە. بۆیە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانیمانە هەموو هەوڵێک بخەینەگەڕ بۆ دروستکردنی چواردیواری دەوڵەت بۆ پاراستنی نیشتیمان و پاشەڕۆژی خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# حەشدی شەعبی بۆ کێیە؟

سەرەتا دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە لە سێ بۆ چوار مانگی رابردوودا، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین گفتوگۆیان دەربارەی دوو بابەتی هاوشێوە کرد کە یەکێکیان پەیوەندی بە ستراتیژیەتی کورد و ئەوی تریان پەیوەندی بە ستراتیژیەتی شیعەوە هەیە، بەڵام دوو لێکەوتەی دژبەیەکیان هەبوو. یەکەمیان گفتوگۆکردن بوو دەربارەی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای نەینەوا، دووەمیش پەیوەندی بە یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای سەلاحەدینەوە هەبوو. لە یەکەمیاندا یاسایەک دەرکرا و بڕیار درا بەهیچ شێوەیەک نابێت دەستکاری یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای نەینەوا بکرێت و پێویستە وەک پێش 2003/3/19 بمێنێتەوە، مەبەست لەو بەروارەش رۆژی دەستپێکردنی هێرشی هاوپەیمانانە بۆ سەر عێراق. لە دووەمیشیاندا وەک قۆناغی سەرەتا ناحیەی ئامرلی شیعەنشین کرا بە قەزا.

کورد دەیەوێ لە دەشتی نەینەوا پارێزگایەکی نوێ دروست بکات. پاساوە دیار و بیانووە ئاشکراکە پەیوەستە بە پێکهاتەی جیاجیای نەتەوەیی و ئاینی، وەک (کورد و تورکمان و عەرەب و سریانی و کلدان و ئاشووری و ئەرمەنی)، (ئیسلام و کریستیان و ئێزدی و کاکەیی و سابیئە) لەو ناوچەیە، بەڵام ئامانجە شاراوەکە پەیوەندی بە خاک و لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە دیواربەندێکەوە هەیە. کورد بە داکۆکیکردنی لە جیاوازی و پێویستبوونی یەکەیەکی ئیداریی تایبەت بەخۆیان لە نێوان هەولێر و مووسڵ، ئامانجی ئەوەیە کە لەلایەک سنووری جوگرافیای هەرێمەکەی بگەیەنێتەوە دوا خاڵی کۆتایی و لەلایەکیش دەیەوێ لەمپەرێک لەبەردەم موسڵ دروست بکات کە بەدرێژایی مێژوو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی عەقڵیەتی (عروبە و ئیسلامی جیهادی) بووە.

لەلایەکی تریشەوە هەرێمی کوردستان و خەڵکی شەنگالیش خوازیاری ئەوە بوون شەنگال بکرێتە پارێزگایەک، بەڵام ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆتایی ئەیلولی 2016 دەنگی لەسەر پرۆژە یاسای پارێزگاریکردن لەیەکە ئیدارییەکانی پارێزگای موسڵ دا، دواتر سەرۆک کۆماریش پەسەندی کرد. بەمەش جارێ لەم قۆناغەدا نە شەنگال دەتوانێ ببێتە پارێزگا و نە لە دەشتی نەینەوا پارێزگای دیکە دروست دەکرێت.

هەندێ سیاسی و پەرلەمانتار و کەسایەتی کورد و پێکهاتە جیاجیاکان دژی ئەو یاسایە بوون، بەڵام پاساوی ئەوانەی لەپشتی بڕیارەکە بوون، ئەوە بوو کە هەر دەستکاریکردنێکی یەکەی ئیداری لە نەینەوا پێچەوانەی مادەی 140ی دەستووری عێراقە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە دەکەونە چوارچێوەی رێکارە تایبەتەکانی مادەی 140ی دەستوور و نابێت هیچ دەستکارییەکی ئیداری بکرێت تا قۆناغەکانی ئەو مادە دەستوورییە جێبەجێ دەکرێن.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدینەوە هەیە بە گۆڕینی ئامرلی لە ناحیەوە بۆ قەزا، لەبەرئەوەی بەشێکە لە ستراتیژیەتی شیعە و ئامانجگەلی شاراوەی زۆر هەن لە پشتی ئەو بڕیارەوە، سەرباری ئەو نارەزایەتیانەی لەلایەن بەشێک لە پەرلەمانتاران و یاساناسانەوە خرانەڕوو لەوەی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین پێچەوانەی دەستووری عێراق و ئەو رێکارە یاساییانەیە کە بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور دیاریکراون و ئامرلی وەک ناحیەیەکی سەر بە قەزای خورماتوو بەشێکە لەو ناوچانەی مادەی 140 دەیانگرێتەوە، کەچی لەلایەن وەزارەتەکانەوە ئەو بڕیارە چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و رۆژی 2017/2/9 وەزارەتی پلاندانانی عێراق رەزامەندیی لەسەر بەقەزاکردنی ئامرلی راگەیاند.

پاساو و بیانووە دیارەکانی ئەم بڕیارە ئەوەیە، لەبەرئەوەی خەڵکی ئامرلی ئازایانە بەرگرییان لەشارەکەیان کردووە لە بەرامبەر داعش، بۆیە شایستەی ئەوەن شارۆچکەکەیان بکرێتە قەزا. ئەم پێوەرە بۆ گۆڕینی هەیکەلەی ئیداری جگە لە مەهزەلە هیچی تر نییە. نیەتی شاراوەی پشت بڕیارەکە ئامانجگەلێکی ترن، رەنگە لە ساڵانی داهاتوودا خەڵک درکیان پێ بکات.

دەکرێت یەکێک لە ئامانجەکان بۆ یەکلاکردنەوەی هەڵوێستی تورکمان بێت بەلای شیعەدا لە ململانێ و هاوکێشەکانی داهاتووی عێراق، هەروەها پەرەسەندنی تەشەیوع بۆ ئەو ناوچانەی تورکمانی لێ نیشتەجێن لە ئامرلیەوە تا تەلعەفەر. چونکە تورکمانەکان لە رووخانی سەدامەوە داوای ناوچەیەکی تایبەت بەخۆیان دەکەن، تا ئەو مافە دەستووریانەی بۆیان دەستبەرکراوە پراکتیزە بکرێن، ئەویش بە دروستکردنی ناوچەیەکی تایبەتی زۆرینە تورکمان و کردنی بە پارێزگا و دواتر هەرێمێکی تورکمانی. ئامرلی خاڵی بناغەی ئەو ستراتیژەیە.

هەنگاوی یەکەم بە قەزاکردنی وەک یەکەیەک بۆ کۆکردنەوەی تورکمانی شیعەیە، ئێستا ناوەندی شارەکە تورکمانی شیعەن، دەوروبەری عەرەبی سوننەن، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە هەموو گوندەکانی لەگەڵ زەوی تەخت کراون و لە ئایندەدا شیعەیان لێ نیشتەجێ دەکرێت. هەنگاوی دووەم دروستکردنی پارێزگایەکی زۆرینە شیعی دەبێت پێکهاتوو لە قەزاکانی (دوجێل، بەلەد، سامەڕا، ئامرلی، خورماتوو) کە ئێستا سەر بە پارێزگای سەلاحەدینن، دوور نییە تا داقوق و تازە خورماتوش بگرێتەوە. بۆ ئەوەی رەزامەندیی کورد بەدەستبێنن، ئەگەری ئەوەش هەیە حەویجە بخەنە سەر تکریت. بەمەش پارێزگایەکی شیعی لەمدیوی بەغداوە دروست دەکەن، لەلایەک بەغدا بۆ شیعە یەکلا دەبێتەوە و لەلایەکی تریشەوە پارێزگای دیالە لە ناوچە سوننییەکان دادەبڕێت کە ئێستا کار بۆ بەشیعەکردنی دەکرێت. مەترسیی هەرە گەورەشی لەسەر کورد ئەوەیە کە جوگرافیایەکی بەرفراوانی کوردستان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم پارێزگایەوە و گەورەترین کێڵگەی غازی سروشتیی کوردستانیش (کۆرمۆر) لە ناوچەی قادرکەرەم، دەبێتە بەشێک لەو پارێزگایە. ئامانجی هەرە لەپێشی شیعەش لەدەست دەرهێنانی ئەو سەرچاوە سروشتیەیە لە دەستی کورد و گۆڕینی ئاراستەی ئەو بۆرییەیە کە ئێستا لە کۆرمۆرەوە تا زاخۆ راکێشراوە و کورد ئومێدی لەسەر بینا کردووە لە داهاتوودا بەرژەوەندیی ئەورووپای پێ ببەستێتە کوردستانەوە.

هەنگاوی دواتر بە هەرێمکردنی ئەم ناوچەیە دەبێت بۆ تورکمانەکان، بەڵام هەرێمێکی زۆرینەی شیعی تورکمانی، بەمەش لەلایەک تورکمانی سوننە لەبۆتەی تورکمانی شیعەدا دەتوێنرێتەوە و لەلایەکی تریشەوە کارتی تورکمانی عێراق لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکان لە دەستی تورکیا دەردێنن و دەکەوێتە دەستی ئێران. بەهۆی پێکەوەیی کورد و تورکمانیش لە بەشێک لەم ناوچانە و هاوسنووری لەگەڵ چەند ناوچەیەکی تری تورکمانی، کێشە و ناکۆکی لەسەر خاک دەخرێتە نێوان کورد و تورکمانەوە و ململانێیەکی دوور لە پێویست بۆ کورد دروست دەکرێت. یەکێکی دیکە لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی ئەم ئامانجە لە داهاتوودا، بە دوور نازانرێ بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە کەرکوک، ئەم ناوچەیە لەگەڵ کەرکوک پێکەوە ببەستنەوە و ئەوکاتەش هەیمەنەی شیعە زاڵ دەبێت بەسەر کەرکوکیشدا.

پرسیاری پێویست ئەوەیە کورد چی دەکات، لە کاتێکدا هەموو ئەو ئامانجە ستراتیژیانەی شیعە لە عێراق، پشتیوانی و رێوشوێنی یاسایی بۆ دەستەبەر دەکرێت؟ ئایا هەنگاوەکانی ئایندەی کورد وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارە دەبن، یاخود کورد بێ ئاگا لەوەی چی لە چواردەوری دەگوزەرێت، درێژە بە ململانێ ناوخۆییەکانی خۆی دەدات؟



زریان رۆژهەڵاتی

# کورد و گۆڕینی دەستوور لە تورکیا

تورکیا بەرەو گشتپرسییەک سەبارەت بە 18 ماددەی دەستووریی دەچێت کە لە ماوەی رابردوودا بە هاوپەیمانییەکی ئاکەپە- مەهەپە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە پەسەند کرا. ئەمەش رووداوێکی گرنگی مێژووی سیاسیی تورکیایە کە لەوانەیە گۆڕینی سیستەمی لێبکەوێتەوە. گەلۆ ئەم گۆڕانکارییە چی بۆ کورد تێدایە و دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر دابنێت؟

مەسەلەی گۆڕینی دەستوور و ئەو پاکێجە 18 ماددەییەی کە بە رێککەوتنی ئاکەپە- مەهەپە لە پەرلەمان دەرچوو، رێگەی بۆ گشتپرسییەک لەسەر ئەو بابەتە کردووەتەوە کە لە مانگی نیساندا دەکرێت. ئەمەش تای سیاسەتی ناوخۆی تورکیای بەرزکردووەتەوە و جەمسەربەندییەکی لەو وڵاتە دروستکردووە.

رەوتی موحافزەکاری ئیسلامی- نەتەوەگەرای تورکی کە لەلایەن ئاکەپە- مەهەپەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، خوازیاری پەسەندکردنی دەستکارییەکەی دەستوورن و بلۆکی بەڵێ- یان دروستکردووە. رەوتی چەپ- کەمالیستی، لەگەڵ ئەو کوردانەی لە فەلەکی پەکەکەدا سیاسەت دەکەن، لە بلۆکی نەخێردان.

ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی تورکیا بکەینە پێوەرێک، ئەوا بلۆکی بەڵێ (49.48%+ 11.90%) دەنگی هەیە و بلۆکی نەخێر (25.31%+ 10.75%)ی دەنگەکانیان هەیە. بەڵام بارودۆخەکە هەروا نەماوەتەوە و لەو وەختەوە تا ئێستا گۆڕانی گەورە روویانداوە کە ناهێڵن رێژەی دەنگەکان وەک خۆیان بمێننەوە.

بلۆکی بەڵێ سێ تەگەرەی لەبەردەمدایە:

1 - رێککەوتنی ئاکەپە- مەهەپە و بەیەکگەیشتنی دووانەی ئیسلامی- نەتەوەگەرای تورکیا، لەگەڵ گرتنی پەرلەمانتارەکانی هەدەپە و ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات چ کاریگەرییەک لەسەر ئەو جەماوەرە کوردە دادەنێت کە دەنگیان بە ئاکەپە داوە؟ ئەمە پرسیارێکی جیدییە کە ئێستا قسەوباسی لەسەر دەکرێت.

2 - دابەشبوونی جەماوەری مەهەپە و ناکۆکیی سەرکردەکانی ئەو حیزبە لە ماوەی رابردوودا وایان کردووە گومان هەبێت لەوەی کە ئەو حیزبە هەمان رێژەی دەنگ بەدەست بهێنێتەوە. باڵی دەوڵەت باخچەلی لەناو مەهەپە لەگەڵ ئاکپارتی رێککەوتوون و هەوڵەکانی باڵی مەرال ئاکشەنەر- سینان ئۆغان و سەرکردە نارازییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە کۆنگرە سەری نەگرت، بەڵام درزە ناوخۆییەکانی ئەو حزبە هێشتا دانەپۆشراون.

3 - نیگەرانییە ناوخۆییەکانی ئاکەپە وەک فاکتەرێکی دیکە کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر رێژەی دەنگەکانی ئەو حیزبە دابنێت.

چاوەڕوان دەکرێت لە بلۆکی نەخێردا رێژەی دەنگەکانی جەهەپە بە فەرقێکی کەمەوە وەک خۆی بمێنێتەوە. بەڵام بەهۆی شەڕ و بارودۆخی نائاسایی و کۆچ و سیاسەتی هەدەپە، گومان هەیە کە دەنگەکانی ئەو حیزبە وەک خۆی بمێنێتەوە.

ئەمە وای کردووە کە بەپێی ئاماری هەندێک لە ناوەندەکانی راپرسی و زانینی رای گشتی، باس لە جەماوەرێکی 20%ی بکرێت کە دوودڵ و راڕایە. ئەمەش دەتوانێت رۆڵێکی کلیلیی هەبێت لەوەی کە داخۆ بلۆکی بەڵێ دەیباتەوە یان بلۆکی نەخێر. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کەمپینەکان گەرموگوڕ بن.

با واز لە ئەنجامەکە بهێنین و پرسیارێکی جەوهەری بکەین: ئایا پاساوی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گۆڕانکارییەی دەستوور چییە؟

ئەگەر گۆڕینی سیستەم لە پەرلەمانیی بۆ سەرۆکایەتی هۆکاری دژایەتیکردنی گۆڕانکارییەکە بێت، دەکرێ بڵێین کە سیستەمە پەرلەمانییەکەی تورکیاش شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد پێ نەبووە. بگرە حکومەتە ئیئتیلافییەکان و فرەیی ناوەندەکانی بڕیار ئاستەنگێکی گەورە بوون لەبەردەم ئەوەی کورد بەردەنگێکی بڕیاربەدەستی هەبێت دانوستاندنی لەگەڵ بکات. ئەگەر سەیری نموونەی تورگوت ئۆزال بکەین، زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە بەرەنگاربوونەوەی سەرۆک وەزیران و سوپا رۆڵێکی گرنگیان لە پەکخستنی هەوڵەکانی ئۆزال بۆ دانوستاندن لەگەڵ پەکەکە هەبوو.

ئەگەر سیستەمی تورکیا ببێتە سەرۆکایەتی، ئەوسا دەسەڵاتەکان لە مەرجەعێکدا کۆدەبنەوە (ئەمە واتای نادیموکراسی نادات)، بگرە بڕیاردان لەسەر شەڕ و ئاشتیش لەگەڵ کورد ئاسانتر دەکات. جگە لەوە، هەرچەندە ئێستا باس لە حکومەتی یونیتەر و مەرکەزی دەکرێت، بەڵام لامەرکەزیکردن یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی سیستەمی سەرۆکایەتییە و لە زۆربەی ئەزموونەکانی دنیاشدا بەمجۆرەیە. ئەمەش وادەکات کە ئەم سیستەمە ئەگەر ئێستاش نەبێت، لە ماوەی درێژخایەندا بەرەو لامەرکەزیی زیاتر بڕوات کە ئەوەش بە قازانجی کورد دەبێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە نیگەرانیی چەپ - کەمالیستەکانی تورکیا لەگەڵ نیگەرانیی کورد یەکناگرێتەوە. هەڵبەت مرۆڤ دەتوانێ لەوە تێبگات کە بۆ هەدەپە ئاسان نییە لە بلۆکی بەڵێ- دا جێ بگرێت، بەڵام چەندی دوای چەپ و کەمالیستەکانی تورکیا بکەوێت، لەو بنەمایە دووری دەخاتەوە کە لەسەری دامەزراوە و ئەویش کێشەی کوردە. هەدەپە دەتوانێت لانیکەم بێلایەن بێت و دەتوانێت ئەمەش لەرێی بایکۆتی ریفراندۆمەوە بکات. ئەمە دەتوانێت بە جۆرێک پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ ئاکەپە پینە بکات کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە بەراورد لەگەڵ جەهەپە و مەهەپە، باشترین حیزبی تورکیایە کە کورد بتوانن بۆ وەرگرتنی مافەکانیان دانوستاندنی لەگەڵ بکەن.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# بەرەو دیموکراسی

یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لە 1992/5/19، حکایەتی یۆتۆپیای یەکبوونمان لەناو فۆرمێکی لەتوپەت و هەرگیز یەکنەگرتوودا بۆ دەگێڕێتەوە. حکایەتی پرۆسەیەک کە لە یەکەم ساتەوە شکستی هێنا لە دروستکردنی پەرلەمانێکی دیموکراسی و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو کە شوناسی کوردبوونی تێدا بەرجەستە بێت، یان ئەوەی بە زانستی سیاسی (دەوڵەت- نەتەوە) پێکبهێنێ. لەوساوە ئەم هەرێمەی کە لە وەهمی دیموکراسیدا دەژی و ئەم کوردەی بە شوناسێکی پارچە پارچەوە سنوورە کێشراوەکانی لێکدابڕانی دەوری خۆی تۆختر کردووەتەوە، نە توانی پەرلەمانێکی یەکگرتووی ئارامی هەبێت، نە دەسەڵاتێک بە مانا سیاسی و زانستییەکەی، نە رابەرێک. ئەم هەرێمە جگە لە تەنیا ساڵە گەشەکانی برابەشیی پارە و سامانی زۆر لەنێوان دوو حیزب و دوو هەرێمدا، هەرگیز ساڵەکانی ئارامی نەژیاوە.

حیکایەتی ترسناکی یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنی (دیموکراسی) لە هەرێمی کوردستان، شەوی پێش ئاشکراکردنی دەنگەکان، مەترسی جەنگێکی خوێناویمان بیر دەخاتەوە کە تارمایی خۆی بەسەر کوردستانی تازەرزگارکراودا کێشابوو کە هێشتا برینە سەختەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی خوێنیان لێ دەچۆڕا. ئەو ئەزموونەی بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بە هاوکێشەی (فیفتی فیفتی) تەنها ماوەیەک ئەم هەرێمەی لە جەنگی خوێناوی براکان دوور خستەوە. تەنها ماوەیەک نەک بۆ ئەبەد، (فیفتی فیفتی) تفەنگەکانی بێدەنگ کرد کە لە شەوی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا لەسەرپێ بوون بە دەستی برا ناکۆکەکانەوە. ئەو برایانەی لەوساوە نەیانهێشت ئەم هەرێمە ئەزموونێکی (حوکمڕانی دیموکراسی) بژی و هێشتا خۆشیان وەڵامی ئەو پرسیارە بونیادی و مێژووییەیان نەداوەتەوە کە ئایا ئەوان بران، دوژمنن، خاوەن یەک خوێن و شوناسن، یان جەستەی نامۆ بە یەکدین لە خاکێکی بەدەستی خۆیان و دوژمنەکانیان لەتوپەتکراودا؟

لەوساوە ئەوەی لە کوردستاندا روودەدات بەبێ خۆخەڵەتاندن، لە حکایەتی ئەو شەوە ترسناکەوە تا جەنگی ناوخۆ و لەتکردنەوەی بەشێکی کوردستانی خۆی لە خۆیدا لەتکراو و سنوور لەیەک حەرامکردن و دوو حکومەتی و تا یەکگرتنەوەی لەژێر چەتری ئەوانەی ویستیان کۆتایی بە گەمەی شەڕی براکان بێنن، بۆشاییەکی حوکمڕانییە و ئەم هەرێمە ئەزموونێک نەژیاوە بتوانین پێی بڵێین ئەزموونی دیموکراسیی حوکمڕانی. بۆ ئەوەی ئەم قسەیە لە ناهەقی و زیادەڕۆیی پاک بکرێتەوە و بخرێتە ناو مانا راستی و لۆژیکییەکەیەوە، بە بەراوردکردنی مێژووی خودی ئەم ئەزموونە لەگەڵ پیادەکردنی چەمکی دیموکراسی و دەوڵەتداریدا، لێرەدا دەبێت دیموکراسیەت وەکو چەمکی حوکمڕانی و پیادەکردنی دەسەڵات جیابکەینەوە لەو چەمکە بەربڵاو بەکارهێنراوەی کە زیاتر دیموکراسیەت وەکو ئاماژە بۆ (بوونی ئازادییەکان) لەناو کۆمەڵگەدا، یان بوونی فۆرم و بونیادەکانی دیموکراسی وەکو دەزگاکانی پەرلەمان و حکومەتی هەڵبژێردراو بەکاردەهێنێت، لەکاتێکدا زۆرجار خودی ئەم دەزگایانە خۆیان دەبنە رووکەشێکی دیکەی شاردنەوەی نائامادەیی دیموکراسی لە زۆر کۆمەڵگەدا و خیانەتکردن لە مانای راستەقینەی دیموکراسی.

ئەگەر لە تێڕوانینە بەربڵاوەکەوە سەیری دیموکراسیەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا بێگومان ماوەی چارەکە سەدەیەک لە حوکمڕانی بە جەنگی براکانیشەوە، بە جەنگی لەتکردنی هەرێمەکەشەوە و جیاکردنەوەی سنووری یەکدیشەوە، ئەم هەرێمە پەراوێز و پانتاییەکی بۆ کاری دیموکراسی جەماوەری هێشتووەتەوە کە ئەزموونەکە تێیدا ژیاوە و فۆرمی دەسەڵاتی فیفتی فیفتی وەک بنەمایەکی مانەوە و بەردەوامیدان بە خۆی، یان ئاسانتر بۆ خود ئارایشکردنی پێویستی بە بەرهەمهێنان و واڵاکردنی پەراوێزێک بۆ فۆرمە رووکەشەکانی دیموکراسی هەبووە، وەک ئازادیی رێژەیی رۆژنامەگەری، بیروڕای ئازاد، میدیای ئەهلی، رێکخراوی مەدەنی، ئازادیی سازدانی خۆپیشاندان و ئازادیی رێکخراوەیی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و فیکری. بێگومان بوونی ئەم فۆرمانەش لە ئەزموونەکەدا بەدەر نەبووە لە ترس و پاشکۆبوونیان بۆ خودی هێزە سەرەکیەکانی ئەو دەسەڵاتە و بەدەر نەبووە لە پێشێلکارییەکان لە هەموو ئەو بوارانەدا ، وەک گرتن و تیرۆرکردن و دادگایی رۆژنامەنووسان و بە زۆر بڵاوەکردن بە نارەزایی جەماوەری و خۆپیشاندان، یان هەر گوێ نەگرتن لە نارەزاییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە و داخستنی بارەگای حیزب و رێکخراو و کوشتنی سیاسی و پاکتاوکردنی نهێنی و سەرەونگومکردن و زیندانی نهێنیی حیزبی کە ئەمانە بەشێکن لە پێشێلکارییەکانی زۆر سیستەمی بەناو دیموکراسی لە جیهاندا و ئەم هەرێمی خۆبەدیموکراسیزانەی کوردستانیش تا رادەی خۆناونانی بە سویسرای رۆژهەڵات، لێی بێبەری نەبووە. راستە دیموکراسیەتی جەماوەری رێژەیی بەڵام هەمیشە هەڕەشەلێکراو لەم هەرێمەدا هەبووە و هەیە، بەڵام کە دەڵێم ئەم هەرێمە ئەزموونی دیموکراسی نەژیاوە، ئەمەیان مانایەکی دیکە و رەهەندێکی دیکەی هەیە کە هەمووان هەستی پێدەکەن، بەڵام هەمووانیش چارەکە سەدەیەکە لەگەڵیدا دەژین و لەگەڵیدا حوکمڕانی دەکەن و دەوڵەمەند دەبن و ملیارەکان کەڵەکە دەکەن و، خۆیان پتەو دەکەن و دڵخۆشن پێی و نازانرێت تا چەند چارەکە سەدەی دیکە خەونی حوکمڕانیکردنی کوردستان بەم شێوازە ئەزموونە دیموکراسییەوە دەبینن.

ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بە ئەزموونی دیموکراسی ناودەبرێت، لەڕاستیدا فۆرمێکە لە دەسەڵات کە ناتوانێت لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و چەمکەکانی و پیادەکردنی بژی. بۆیە خودی ئەو فۆرمە داماڵراوە لە راستیەکەی و روویەکی مەسخکراوی خۆی دەژی. لەبری بە جەماوەریکردن و دیموکراسیکردنی دەسەڵات، فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بنیات دەنێت لەنێوان ئەو کاراکتەرانەی کە ناتوانن بە ئەزموونی دیموکراسی بژین، واتە ناتوانن بە یەکدی قبوڵکردن لە نەبوون بە بەشێک لە دەسەڵاتدا رازی بن، یان باوەڕ بە بوون بە کەمینە و ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بهێنن. چونکە ئەوان لەڕاستیدا بوون و پێکهاتەی خۆیان تەنها لە هەیمەنەکردن لەناو کایەکانی دەسەڵاتدا دەبیننەوە بەسەر، خاک، نیشتیمان، کۆمەڵ و پێکهاتەکانی و سەرچاوەکانی بژێویدا. بێ ئامرازی دەسەڵات خۆیان بە بوونەوەرێکی بێ گیان و بێ شوناس دەبینن لە دەرەوەی دەسەڵاتدا. بۆیە ئەوەی لە کوردستاندا تا ئێستا روویداوە، داهێنانی فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵاتە بەناوی دیموکراسییەوە، لەڕاستیدا جەنگی براکوژی و لێکجیاکردنەوەی سنوورەکان وەڵامێکی راستەقینەی پێکەوە هەڵنەکردنی ئەو کاراکتەرانەی سیاسەتن لە کوردستاندا لە فۆرمی دیموکراسیەتی زۆرینە و کەمینە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و جێ چۆڵکردن بۆ یەکدی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.

بۆیە ئەم ئەزموونە توانیویەتی ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکانی تەنیا بە شەڕی ناوخۆ، بە لێکجیابوونەوە یاخود بە ئاشتبوونەوە و دابەشکردنی دەسەڵات بە سازان تا ئێستا بەردەوامی پێ بدا تەنیا بە چوونە ناو فۆرمی راستەقینەی حوکمڕانی دیموکراسییەوە نەبێت. بۆیە ئەم ئەزموونە لە هەموو ساتێکدا لەژێر مەترسی گەڕانەوەدایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کاراکتەرەکان بە میتۆدی شەڕانگێزی و خوێناوی و لێکجیابوونەوە، یان بەردەوامیدان بە ئەزموونێکی فیفتی فیفتی کە خەریکە لەناو هۆشیاریی خەڵکیدا نۆستالجیایەک و خواستێک بۆ گەڕانەوەی بخوڵقێنرێت بەوەی چ نەبێت ئەو فۆرمە برابەشییە پەراوێزی ساڵانێکی تێروتەسەلی بۆ هاونیشتمانیانی لەتکراو لە نێوان دوو بەشدا، مەیسەر کردبوو کە ئێستا هاونیشتمانی مووچەبڕاو و بێ کاسبی و ترساو لە ئایندەی خۆی، خەریکە دەبێتە بەشێک لەو خواست و گوتاری گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئەزموونە.

سەرباری شکستی ئەزموونی کورد لە فەزای ئازادی خۆیدا بە بنیاتنانی پایەکانی حوکمی دیموکراسیانە بە مانا زانستی و سیاسیەکەی و لە چوونە ناو پرۆسەی راستەقینەی دەسەڵاتەوە بە پێکهاتەو کاراکتەرە سروشتی و راستەقینەکانیەوە، پرسیاری جەوهەری رووبەڕووی کۆی کۆمەڵگەی کوردی و کوردبوون و شوناسی لەم هەرێمەدا دەبێتەوە کە بونیادەکانی دەخاتە بەردەم پرسیارێکەوە: ئایا ئەم هەرێمە بەو پێکهاتە بونیادیانەی ئێستایەوە و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، دوای چەند چارەکە سەدەی دیکە دەتوانێت پێ بنێتە ناو ئەزموونی دیموکراسییەوە و بەرەو جیهانی دیموکراسی هەنگاو دەنێت؟ گومان دەکەم کە هێشتا خودی کوردبوون تواناو ئیرادەی چوونە ناو ئەو ئەزموونە و بە دیموکراسیبوونی هەبێت. چونکە دیموکراسیەت فۆرمێکە لە پانتایی و پێکهاتەی خۆیدا دروست دەکرێت و پیادە دەکرێت و پێویستی بە کاراکتەری خۆی هەیە کە لەناو ئەم ئەزموونەی بەناو دیموکراسیدا هێشتا نائامادەن. بۆچی؟ ئەمەیان وەڵامێکی دیکە و وتارێکی دیکە دەخوازێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# (ئەردۆغان جمهووریەتی)*

## 1

رەنگبێ ئەو کاتەی لەساڵی 2007دا، پارتی گەلی کۆماریخواز (CHP) هەر لە عینادی و رکابەرێتییەکی نالۆژیکییەوە، شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەنێو پەرلەمانی تورکیادا بۆ پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) و کاندیدەکەی (عەبدوڵڵا گول) دژوار دەکرد، بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ئاکپارتی لە کاردانەوەی ئەو هەنگاوەدا، نەک هەر هەڵبژاردنی سەرۆک دەباتە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان، بگرە سیستەمی حوکمڕانیش دەگۆڕێت. عەبدوڵڵا گول، لەناو پەرلەمان بە 11 هەمین سەرۆککۆماری تورکیا هەڵبژێردرا، بەڵام لە کۆتایی هەمان ساڵدا، ئاکپارتی شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی لە دەستووردا دەستکاری کرد و خستییە ریفراندۆمەوە و دوای دوو هەڵبژاردنی سەرکەوتوو، یەکەم ریفراندۆمیشی بردەوە. بەڵام هێشتا سێبەری دەزگای دادوەریی تورکیا و سوپا، وەک دێوەزمەیەک هەڕەشە بوون لەسەر مانەوەی ئاکپارتی، بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە 2010دا، بنکۆڵکردنی سوپای دایە دەست جەماعەتی گولەن، خۆیشی دەستیکرد بە ریفۆرم (ئەڵبەتە بە قازانجی خۆی) لە دامەزراوەی دادوەری و دادگای دەستووریدا. لاوازیی سوپا و ئۆپۆزیسیۆن، وایان کرد کە ئاکپارتی دووەم ریفراندۆمی دەستووریش بباتەوە و بەو شێوەیە یەکێک لە بەربەستە هەرە سەختەکانی سەر رێگای خۆی لابەرێت.

ئێستا تورکیا لە ئاستانەی سێیەم ریفراندۆمدایە (لە ناوەڕاستی نیسانی ئەمساڵ) کە ئەمجارەیان ئەردۆغان بۆ دەستووری ساڵی 1980ی کودەتاچییەکانی تورکیا دەیکات. لە 2002 وە کە ئاکپارتی هاتووەتە سەر حوکم، سەری زار و بنی زاریان رەتکردنەوەی دەستووری کودەتاچییەکانی تورکیا بووە، کەچی لە هەموارە دەستوورییەکاندا، قەت بەلای کێشە جەوهەرییەکانی تورکیا کە لە چوار ماددەی یەکەمیەوە سەرچاوە دەگرن و چوار ماددەی نەگۆڕن و تەعریفی تورکیا دەکەن، نەڕۆیشتوون و بگرە ئەردۆغان هەر جارە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بەشێکی دەستوور دەکاتە ئامانج، لە هەر قۆناغێکیشدا گرووپێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی حیزبەکەی خۆی، پشتیوانیی لێ دەکەن و بەوەش بێ ئەوەی دەستکاریی جەوهەری دەستووری کردبێت، بڕگەکانی پتر لە جاران دەخاتە خزمەتی خۆیەوە و مۆری ئەردۆغانیان لێدەدات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەی ئێستا روودەدات، لەبەر خاتری دەسەڵات و پێگەی ئەردۆغانە تا ئەوەی کە زەرورەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت.

## ئەدی کورد؟

## 2

پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیا (MHP)، بنکە جەماوەرییەکەی زۆر لە ئاکپارتییەوە نزیکە، بەڵام یەکێکە لە سەرسەختترین پارێزەرانی ناسنامەی تورکیا. لەو رۆژەوەی کە ئاکپارتی هاتووەتە سەر کار، گەورەترین دڵەڕاوکێی ئەو حیزبە ئەوە بووە کە ئاکپارتی دەست بخاتە ناو دەستی کوردەوە و دەستووری تورکیا بگۆڕێت. لە پانزدە ساڵی رابردوودا و تەنانەت ئەو کاتەی کە پرۆسەی ئاشتیش لە ئارادا بوو، قەت پەکەکە رێگەی نەدا لە ئاستی پەرلەمانیدا، حیزبە سیاسییەکانی (هەر جارە و بەناوێک) لە ئاکپارتی نزیک ببنەوە یان هاوکاریی بکەن، تەنانەت لە هەر هەنگاوێکدا بە ئاراستەی گۆڕینی یاساکان، بە زمانێکی زۆر توندتر لە ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەپەرست و تورکی چەپ و سپی، بەرەنگاری ئەردۆغان و حیزبەکەی بوونەوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە، قەت زەمینەی کاری هاوبەش لە نێوان ئاکپارتی و کوردی سەر بە پەکەکە دروست نەبوو. بۆیە ئەمڕۆ لایەنگری و پشتیوانیی MHP بۆ ئاکپارتی جێگەی سەرسوڕمان نییە، بەردەوام ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە ئەگەر ئاکپارتی دەست بۆ چوار ماددەی یەکەمی دەستوور نەبەن، ئامادەن بۆ هەموو گۆڕانکارییەک. لە بەرامبەردا تێزی پەکەکە لە تورکیا ئەوە بوو کە لە 2014دا، مل لەبەر ملی ئەردۆغان بنێت و بە نوێنەرایەتیی تورکە چەپ، فاشیست و سپییەکان، رێگری لەوە بکات کە ئەردۆغان سیستەمی وڵات بکاتە سەرۆکایەتی! وەک ئەوەی کە هەموو کێشەکانی تورکیا لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

ئەم سیاسەتە فەشەلی هێنا، پرۆسەی ئاشتی لە گۆڕنا و سەرانیHDP ی رەوانەی کونجی زیندان کرد و ئەردۆغانیش وا خەریکە سیستەمەکە دەخاتە خزمەت خۆیەوە. جا کورد بایکۆتی ریفراندۆم دەکات یان بە نەخێر دەنگی پێ دەدات، تازە هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت. دۆڕاوی شەڕی سیاسیی ناو تورکیا کورد و تەوژمە چەپەکانی تورکیان و پێناچێ وا بەئاسانی بتوانن ئەو دەرفەتانەیان دەستکەوێتەوە کە لە رابردوودا هەیانبوو.

## ئەردۆغانێکی بەهێز پێویستە

## 3

گۆڕانکارییە دەستوورییەکان، لە دوای کەمال ئەتاتورک، ئەردۆغان دەکاتە دووەم پیاوی بەهێزی مێژووی سەد ساڵەی تورکیا. ئەگەرچی خەونی عوسمانیی نوێی ئەردۆغان نەهاتە دی، بەڵام گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و گۆڕان لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا، پێگەی ئەردۆغان بەهێزتر دەکات. مانەوەی ئەردۆغان بۆ کورد گرنگە و چیتر نابێ گرەو لەسەر لاچوونی ئەو پیاوە بکەن، چونکە بە لاچوون یان نەمانی ئەردۆغان، تورکیا نابێتەوە شامی شەریف، بەڵام ئەردۆغانێکی بەهێز کە بڕیاری شەڕ و ئاشتیی لەدەست بێت، وەک چۆن لە دەیەی رابردوودا، بە ئاراستەی چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد هەنگاوی نا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا گەیاندە لووتکە، ئاواش دەکرێ هەمان چاوەڕوانیی بۆ داهاتوو لێ بکرێت.

بە دڵنیاییەوە، ئەردۆغان ناچارە دوای ریفراندۆم بە قەولی فارس (دوای ئەوەی کەرەکەی لە پردەکە رەت بوو)، جارێکی دیکە دەرگای ئاشتەوایییەکی نوێ بکاتەوە، چونکە نە پەکەکە دەتوانێ هەتا سەر لە پەنای ئێرانەوە پەلاماری تورکیا بدات و نە تورکیاش دەتوانێ چاوپۆشی لە دینامیکییەتی کورد و کێشەکەی بکات. بە تایبەتیش کە کورد کارەکتەری یەکەمی سەرجەم گۆڕانە ناوچەییەکانە کە چاوەڕانی روودانیان لێ دەکرێت. بەڵام گرنگە ئەمجارە پەکەکە چیتر گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو نەکات و تا دوا هەنگاو پابەندی چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە بێت.

***کۆماری ئەردۆغان**



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# قاتە کۆنەکەی پارتی و یەکێتی

پێدەچێ پارتی و یەکێتی دەستیان لەوە شووشتبێت کە بەمزووانە قەیرانە کەڵەکەبووە سیاسی و ئیداری و داراییەکانی نێوەوەی کوردستان و لەگەڵ بەغداشیان پێ چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەم رۆژانە خەڵکیان سەرقاڵ کردووە بە گۆڕانکارییە حیزبییەکانیان. ئەوەی لە قاعیدەی ئەو حیزبانەشەوە دەیبیستی ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکە بەجدی وەرناگرن و دەڵێن: عەلییان لابردووە و عەلییان لەشوێنی داناوە!

راگەیەندراو و فۆتۆکانی دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی سەرنجراکێش بوون. هەرچەندە ئامانج لێیان ئەوەبوو کە بڵێن هەرچەندە د. بەرهەم بەشدار نییە، بەڵام یەکێتی بەسەرپەرشتیی کاک کۆسرەت بووەتەوە بە چەپکەگوڵەکەی سەردەمی مام، بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەپرووزەی لاساییکردنەوە و خۆبەراوردکردن بە پارتی دەچوو. چونکە چەند رۆژێک پێشتر پارتی بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی کۆبووەوە و بڕیاری گۆڕانکارییەکانی نێو حیزبەکەی دا. یەکێتیش هەمان بڕیاری داوە و بەتەمایە دەستپێبکات.

ئەوەی تاوەکو ئێستا لە گۆڕانکارییەکانی پارتی دەردەکەون، جێگۆڕکێن نەک گۆڕین. ئەمەش دروست پێچەوانەی ئەو داوایەیە کە چەند ساڵە قاعیدەی پارتی لە سەرکردایەتییەکەی هەیەتی. کە قسەیان لەگەڵ دەکەی، بەئاشکرا دەڵێن لەو دەموچاوە دووبارانە بێزار بوون کە چەند دەیەیە لە شاشەی تەلەفزیۆن و کۆبوونەوەکان و بۆنەکاندا دەیانبینن. سەرکردایەتییەک کە وەک قاعیدەی پارتی باسی دەکەن متمانەی لای ئەوان نەماوە و ئەگەر لە پەپوولەش بێگەردتر بێت، ناتوانێ بە خەڵکی بسەلمێنێ کە مەسئول لەم وڵاتەی ئێمەدا دز نییە.

هەڵبەت لە وڵاتی ئێمەدا بەرپرسی پاک و دڵسۆزیش ماون، بەڵام بۆ متمانەدروستکردنەوە پێویست بوو ئەوانەی بۆگەنی گەندەڵییان لێهەڵساوە و خەڵک لەسەر جادەش دەیانناسن، هیچ نەبێت هەندێکیان بەئاشکرا سزادرابان و نێردرابانەوە ماڵەوە.

جا خەڵکی یەکێتیش ئومێدی زۆریان بە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی نێو حیزبەکەیان نییە. ئەوان دەڵێن گۆڕانکاری باری یەکێتی قورستر دەکات و پۆستی زۆرتر بۆ رازیکردنی ئەم باڵ و بێدەنگکردنی ئەویدیکەیان دەبەشرێنەوە. نموونەش بە قادر عەزیز دەهێننەوە کە کراوەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هاوشانی ئەوانەی تەمەنیان لەسەر یەکێتییەکەیان دانا.

قسەی پوخت ئەوەیە کە هێشتا خەڵکی پارتی و یەکێتی بڕوایان بەوە نییە سەرکردایەتییەکانیان گۆڕانکاری دەکەن و وا هەست دەکەن هەردوو حیزب هەمان قاتی پێشوویان لەبەرکردووەتەوە، بەڵام ئەمجارە بە هەڵگەڕاوەیی!



زوبێر رەسوڵ*

### عێراقی دوای داعش..

# سەرەتای هاوپەیمانێتی کورد و سوننە

ئەگەر عێراقی دوای 2003 بەرهەمی هاوپەیمانێتی کورد و شیعە بێت، ئەوا دوور نییە عێراقی دوای داعش و رزگارکردنی موسڵیش سەرەتای هاوپەیمانییەکی تازە بێت لە نێوان هەریەکە لە کورد و سوننە. هەرچەندە بەرەی سوننەکان بەرەیەکی یەکگرتووی تۆکمە نییە لە ئێستادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدوور نابینرێت کە چەند هەوڵێکی هەرێمی هەبێت بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی کەنداو و شانشینی ئوردنەوە بۆ یەکخستنی بەرەی سوننە، ئەگەرنا دوور نییە ئێران بگاتە بەردەم سنوورەکانیان. بەڵام لە حاڵەتی روودانی گریمانەیەکی وەهادا، واتا یەکخستنی سوننەکانی عێراق، ئەگەر کورد پشتگیرییان نەکەن، ئەو هەوڵە لە عێراقی شیعە هەژموونداً، پێناچێت هیچی لێ سەوز بێت. هەرچەندە ناوماڵی کوردیش بەو شێوە یەکگرتووەی دوای 2003 نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێت لە نێوان لایەنە کوردییەکان لەسەر رێکخستنی پێوەندییەکانیان کە دەکرێت لە دوای ئاوابوونی داعش بە ئاسانی بەسەر جیاوازییە سیاسی و حزبییەکانیاندا زاڵ بن.

ئەوەی راستی بێت، چ هاتنی داعش و چ نەمانیشی هەژموونی شیعەکانی بەسەر جومگەکانی دەوڵەتی عێراقدا فراوانتر و بەهێزتر کردووە، شیعەکان تا دێت سنوورەکانیان فراوانتر دەکەن و تا ئاستێک خەریکە دێنە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی وەک دوزخورماتوو، تەلەعفەر، ئامرلی و بەشیر و.. تاد، دروشمە مەزهەبگەرییەکانیان و ئاڵا سەوز و زەردەکانیان وا لە ناوجەرگەی شاری موسڵ دەشەکێنەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەشێکیان لە دوای تێکشکانی دەوڵەتی خەلافەی داعشەوە وا بانگەشەی بونیاتنانی "دەوڵەتی ئیمام عەلی" دەکەن لە موسڵی سومبولی سوننەدا. ئەمە لەڕاستیدا زەنگی سەرەتایی ململانێیەکی ترە لە ناوچەکەدا و مەترسییەکەشی تەنیا بۆ سوننەکان نییە، بەڵکو بۆ کوردیشە. ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت لە عێراقدا، بریتییە لە لاوازبوونی پێگەی هەریەکە لە کورد و سوننە، بە تایبەت لەناو دامەزراوە سیاسی و دەستوورییەکانی دەوڵەتی عێراقدا. بۆیە عێراقی دوای موسڵ عێراقێکی تەواو شیعییە و پاڵپشتێکی بەهێزی ئێرانیشی لەپشتە. لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا دیار نییە ئایا هەریەکە لە کورد و سوننە ئایندەی پاڵپشتی هەرێمی و نێودەوڵەتییان چۆن دەبێت، بەتایبەتی لە دوای هاتنی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا. بۆیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بەدیلی تری هەبێت لە ئەگەری نەمانی پاڵپشتیی ئەمریکا و تورکیاش. بۆ ئەم مەبەستە پێوەندییەکانی هەرێم و جیهانی عەرەبی (سوننی) بە تایبەتیش وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی لەوپەڕی گرنگیدایە، چونکە وڵاتانی عەرەبی تادێت بێهیواتر دەبن لە ناسنامەی عێراقی دوای موسڵ و پێشناچێت هیچ هیوایەکیان لەسەر عێراقی دوای داعش هەڵچنیبێت. بۆیە بۆ کورد گرنگە ئەم جۆرە دەرفەتانە بقۆزێتەوە، هەڵبەتە بە ئەسپایی و وریایی نەک بۆ وروژاندنی سەرنجی شیعەکان یان ئێران.

دەکرێت بنیاتنانی ئەو پێوەندیانە لە رێگای لینکە دبلۆماسییەکانی ئەو وڵاتانەوە بێت کە لە هەرێمی کوردستان هەن، بە پێوەندییە هەواڵگرییەکانیشەوە. پێموایە بەڕوونی دیارە کە ئێران تا ئاستێک دەرکی بەو مەترسیە کردووە، چونکە چەند هەفتەیەک پێش ئێستا فەرماندەی گاردی شۆڕش (پاسداران) محەممەد حوسێن رەجەبی لە پارێزگای سنە هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستان کرد بەهۆی بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کونسڵگەریی بیانی لە کوردستان کە بەقسەی ئەو زۆربەیان خەریکی کاری هەواڵگرین، بە تایبەتیش ناوی کونسوڵگەریی شانشینی سعودیەی هێنا کە بە قسەی جەنابیان "سعودیە لە رێگای ئەو کونسوڵگەریەی لە هەرێم هەیانە، دەیانەوێت کێشە بۆ ئێران دروست بکەن، بۆیە پێویستە دابخرێت، چونکە خەڵکی کوردستان پێویستیان پێی نییە".

دیارە ئەمە جاری یەکەم نییە کە ئێران ئاماژەی هەڕەشەئامێز بۆ هەرێم دەنێرێت، پێشتریش جێگری فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران حوسێن سەلامی گوتی کە ئێران ئامادەیە هەموو شوێنێک بکاتە ئامانج ئەگەر سەرچاوەی هەڕەشە بێت بۆ سەر ئێران.

هەڵبەتە هەڵەیەکی گەورەیە کە هەرێم ببێتە سەکۆی هەڕەشە دروستکردن بۆ سەر ئێران، بەڵام خراپتریش ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەستبەتاڵ بێت و هیچ کارتی گوشاری بەدەست نەبێت، لەم حاڵەتەشدا دیسان ئێران بە هەوەسی خۆی گوشار دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر کەناڵی تر و کارتی تر لەبەردەستی هەرێمی کوردستان هەبێت، دەتوانێت لەبەرامبەردا سازشی پێبکات لەسەر پرسە ناکۆکەکان. چونکە لە دانوستاندنی دبلۆماسی و عەسکەریدا لەوە خراپتر نییە هیچ کارتێکت بەدەستەوە نەبێت، چونکە سەنگی هەر هێزێک لە پێوەندییە سیاسییەکاندا، بە قەبارەی ئەو کارتانە هەڵدەسەنگێنرێت کە بەدەستییەوەیە و لە هەمان کاتدا دەشتوانێت بەکاریان بهێنێت.

هەرێمی کوردستان چ بە حوکمی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و ململانێ ئیقلیمییەکان، ئەکتەرێکی زۆر لاوازە ئەگەر پاڵپشتی و پێوەندیی باشی نەبێت لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا، بەڵام یاریکردنێکی ژیرانە و پراگماتیانە و دواتریش سوودوەرگرتن لە ناکۆکییە سیاسییەکانی ناوچەکە دەکرێت خاڵی بەهێزی هەرێم بێت و دەسکەوتی سیاسی و ئابووریشی هەبێت ئەگەر بە زیرەکانە بەکاربهێنرێت.

لەم سۆنگەیەوە گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەگەری زۆر هەیە ئەجێندای وڵاتانی سوننی لە عێراقی دوای موسڵ پێکهێنانی هەرێمێک بێت بۆ سوننەکانی عێراق وەک بەربەستێک بۆ وەستاندنی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا. لەڕاستیدا ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین، ئەوە یەکەمجارە لە مێژوودا ئەو تێگەیشتنە پۆزەتیڤە بەدی دەکرێت لە جیهانی عەرەبیدا لە هەمبەر کێشەی کورد. ئێستا لەمپەری گەورە لەسەر رێی هەرێمی کوردستان بەپلەی یەکەم ئێرانە ئینجا تورکیا. ئاسایشی عێراق تا دێت نزیکتر دەبێتەوە لە ئاسایشی ئێران، وەزیری دەرەوەی ئێران خۆی ئەمەی پشتڕاست کردەوە بە چەند مانگێک لەدوای هاتنی داعش کاتێک گوتی "ئێران وەک ئاسایشی خۆی سەیری ئاسایشی عێراق دەکات". ئەو دۆخەی لە رووخانی رژێمی سوریاش چاوەڕوان دەکرا خەریکە ئاراستەیەکی تازە وەردەگرێت، شیعەکان لەبەر ئەوەی لە دۆخێکی براوە و بەهێزی دوای جەنگدان، ئەستەمە لە دوای موسڵ کورد شتێکی وای لێیان دەستکەوێت بە تایبەت بە بوونی کۆمەڵێک گرفت لە بەینی بەغداو هەرێمدا، بەڵام بە پێچەوانەوە سوننەکان لە دۆخێکی لاوازدان و لەهەمان کاتیشدا قووڵاییەکی ستراتیژیی بەهێزیان هەیە کە بە جیهانی عەرەبییەوە دەیانبەستێتەوە، بۆیە دەکرێت ئەمە سەرەتای کردنەوەی پەنجەرەیەک بێت کە شایەنی ئەوە بێت سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان کاری جدیی لەسەر بکات.



د.شەونم یەحیا*

# دیموکراسی بە دەم رەشەباوە

دیموکراسی ئەو کۆنسێپتەیە کە ئەستەمە پێناسەیەکی جێگیر و دیاری بۆ بکرێت، هەندێک دەڵێن دیموکراسی واتا فەرمانڕەوایی لەلایەن گەلەوە، بەڵام لە بەرامبەردا هەندێکیش هەن کە دەڵێن دیموکراسی فەرمانڕەوایی گەل ناگەیەنێت، بەڵکو سیستەمێکە کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەکات.

"رۆچر سکرتۆن" فەیلەسوفێکی بەریتانیی پارێزخوازە، ئارتکڵێکی بەناوی "سنووری دیموکراسی" بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا ئاماژە بۆ سەرەتاکانی بنەمای دیموکراسی دەکات و ئەو دەستکەوتە بۆ پرۆتستانتەکان لە بەریتانیا دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "کولتووری پرۆتستانتی زیاتر لە کولتووری ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێت"

ئەم وتارەی رۆچر کۆمەڵێک شیکردنەوە هەڵدەگرێت کە دەتوانرێت لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی بە نموونە جێبەجێ بکرێت، بنەما و پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی ئەوکاتە دەچەسپێ کە دەوڵەتێکی عەلمانی هەبێت، دیموکراسی دەرهاویشتەیەکی گرنگە لە دەرهاویشتەکانی عەلمانییەت، وەکو "ئەلبێرت کامۆ" فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێ: "ناتوانرێت یەک یاسا دابنرێت بۆ کۆمەڵێک هاووڵاتی لەناو یەک وڵاتدا ئەگەر ئاین لە دەوڵەت جیانەکرێتەوە".

چەمکی (تیۆکراسی) و (دیموکراسی) بێگومان ئەم دوو چەمکە ناتوانرێت لە حوکمڕانیدا بخرێتە ناو یەک چوارچێوە و ببێتە سیستەمی بەڕێوەبردن. (تیۆکراسی) واتای حوکمی ئاینی کە پشت بە شەرع و ئەحکامەکانی ئاین و تێکستە دینییەکان دەبەستێ و نابێت دەستکاری بکرێت. ئەم بنەمایانە دەبنە ئامانجی حوکمداریی دەوڵەت، لێرەدا بە ئەحکامەکانی ئاین، راستییەکانی ناو ماڵ لەپێشەوەترن وەک لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکان و راستییە زانستییەکان. لە سیستەمی تیۆکراسیدا هاووڵاتی لەژێر رەحمەت و سێبەری رێنماییەکانی خودادایە، حوکمی ئاینی پشت بە بیروباوەری رەها دەبەستێت، واتا "ئاین بە چارەسەر بۆ بەڕێوەبردنی دونیا دادەنێ".

دیموکراسی جومگەیەکی گرنگی عەلمانیەتە، یەکێک لە مەرجەکانی دیموکراسی عەلمانیەتە، بەڵام مەرجیش نییە هەموو سیستەمێکی عەلمانی دیموکراس بێت، وەکو "کۆمۆنیستەکان و فاشیستەکان" جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە لە کۆمەڵگەیەکی ئاینیدا هێڵی سوورە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا، ئەگەر هەوڵی دامەزراندنیشی بدەن وەکو لە عێراق کرا، ئەوا تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەتدا دەمێنێتەوە و لەویشدا هەر شکست دەهێنێ، چونکە سیاسەت کولتوور دروست دەکات، سیاسەتیش لەسەر پرەنسیپی ئاین و مەزهەبە، بۆیە ئەو سیاسەتە کولتوورێکی ئاینی و مەزهەبیی دروست کردووە ، لەویشدا دەبێ باس لە شکست و ئیفلاسی دیموکراسی بکەین.

شیکردنەوەکانی (سکروتۆن) ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە دیموکراسی ناتوانێ سنوور بشکێنێ و ناتوانێ لە ستراکتۆرێکی وەکو ستراکتۆری کۆمەڵگەی عێراقیدا وا بە ئاسانی دروست بێت کە لە سەرەوە هەتا خوارەوەی بنەما ئاینییەکان و مەهەزب و خێڵەکی فەرمانڕەوایەتی دەکەن، ئەمە دوالیزمەیەکی گەورەیە.

هەربۆیە لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی پرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگەی عێراقدا، رووخانی دیکتاتۆری لە پێناوی دروستکردنی سیستەمی دیموکراسیدا بوو، دیموکراسی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا وەکو مەکینەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی "گەندەڵکراسی" بوو، دیموکراسیی شکستخواردوو لە کۆمەڵگەی عێراقیدا ئەوەندە فۆرمێکی قێزەونی نامرۆڤانەی لەخۆگرت کە سنووری هەموو ئەو پێناسانەی شکاند بۆ چەمکی دیموکراسی دانرابوون، تا ئاستی ئەوەی وای لە ئەکتەری کۆمەڵایەتی کرد ئەنتی ئەم فۆرمە لە دیموکراسی بێت، هۆکاری ئەم دۆخە لەوەدا خۆی دەبینییەوە (دیموکراسی بەرلەوەی سیستەمی سیاسی بێت ، سیستەمێکی خزمەتگوزارییە، بەڵام لێرەدا بەپێچەوانەوە بوو، دیموکراسی سیستەمێکی سیاسی بوو بەرلەوەی خزمەتگوزاری بێت).

لە رۆژئاوا دیموکراسی وەکو سیستەمێکی خزمەتگوزاری و پارێزگاریکردن لەسەروەریی مرۆڤ توانی جێگای خۆی بکاتەوە، لێرەدا دەپرسین ئایا وەکو "رۆچر" دەڵێ هۆکارەکەی کولتووری پرۆتستانتی بوو؟ بەڵام لە کۆمەڵگەی عێراقیدا تێرمێکی تری بەخۆیەوە بینی، دیموکراسی ئەوەندە بچووک کرایەوە لە شەڕە گوتاری نێوان سیاسییەکان و دروستکردنی کۆمەڵێک هێزی چەکداری میلیشیا و پێشاندانی هێز و گوتاری هەیمەنەدار بەسەر یەکتردا و ترساندنی هاووڵاتی بە گوتارەکانی تێکدان و وێرانکردن بترازێت هیچ مانایەکی بۆ مەدەنیەت و هاووڵاتیبوون و پارێزگاریکردن و خزمەتگوزاری نەهێشتەوە.

ئەگەرچی ئەو دیموکراسییەی لە رۆژئاوا دروست بووە هێزی رۆشنبیرانی لەپشتە، بەڵام لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دیموکراسیەت بە پاڵپشتی توێژێک بانگەشەی بۆ دەکرا کە هێزی مەزهەبە ئاینییەکان بووە و لە بنچینەدا جۆرێک لە ناکۆکیی گەورە لە نێوان کارەکتەری تیۆکراس و سیستەمی دیموکراسیدا هەبوو.

هەروەها غیاب و قەیرانی رۆشنبیران بەتایبەتی رۆشنبیرانی عەلمانی لە خۆبەخاوەنکردنی ئەو دۆخە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر شکستی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، کارەکتەرە مەزهەبییەکان دەیانویست هەیمەنەی دۆخێک بکەن کە ناکۆک بوو لەگەڵ کولتوور و بیرکردنەوەیان. ئەوان دەیانویست ببنە خاوەنی دیموکراسی لە عێراقی نوێدا کە مەحاڵ بوو، دیموکراسییەک بوو بە دەم رەشەباوە، قسەکردن لەسەر دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکی ئاینی و خێڵەکیدا شتێکی ئەستەم و نا لۆژیکە، چۆن دەکرێت باس لە دیموکراسی بکرێت کە کۆمەڵ لەژێر هەیمەنەی کارەکتەری ئاینیدا بێت؟

زۆربەی سەرکردەکانی عێراق لە رێگای مەزهەبی و پاشخانی ئاینییەوە دروستبوونە و حوکمی کۆمەڵ دەکەن. ئەوان لە ژێر فشاری ئاین و مەزهەبدان.

(ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی دروستکراوی دەستی مەزهەب بێت ، چۆن دەتوانێ فەرمانڕەوایی سیستەمی دیموکراسی بکات) ئەمە یەکێکە لە پرسە گرنگەکان.

چونکە پرۆسەی بەهەمهێنانی تاک لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بەردەوامە لەسەر هەمان فۆرم و دۆخ و گۆڕینی ئەو تاکە لەگەڵ تاکێکی تر بۆ راستکردنەوەی دۆخەکە هیچ کاریگەریی نەبوو.

لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تیۆکراسی تێدا هەیمەنەدارە و رۆڵێکی بەرچاو و دیاری لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا هەیە، لەوێدا بزووتنەوەکانی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ ئیفلیج و دووچاری فەشەل بووە و زیاتر بزووتنەوەی فەندامێنتالیست پەرەی سەندووە.

ئەو توندڕۆییە لە ئاین و مەزهەبەکان لە عێراق بووە هۆی ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان ئەو کەسایەتی تیۆکراسی کە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان لە جموجۆڵدا بوون و بەکارهێنانی ئاین بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیان کە سەرئەنجام بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندان حیزبی سیاسی مەزهەبی و تەوژمی جۆراوجۆر کە ئەمەش مەترسییەکی گەورە بوو لەسەر پرۆسەی دیموکراسی.

***دکتۆرا لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی – زانکۆی سۆربۆن پاریسی یەک**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

# فەرەح کورد دەرچوو

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Good food

abc

Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین ڕێستورانت

ڕێستورانتی ABC لە هەولێر / ڕێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی

ئێستا کراوەیە

11 ڕێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality | SHISHA LOUNGE | MIDDLE EAST RESTAURANT | Diner FAST FOOD | Pancakes & WAFFLES | STEAK HOUSE | Soup & BREADS | The Best CHINESE FOOD | Farm Fresh Salad bar | SUSHI BAR | AUTHENTIC ITALIAN CUISINE | The PASTRIES & CUPCAKES BAKERY






